# زێودەر

## لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی مێژویی و جوگرافی و ئابوری و کۆمەڵایەتییە بۆ گوندەکانی ناحیەی تەقتەق

ئاراس ئیلنجاغی

چاپی یەکەم
کوردستان-سلێمانی
کانوونی دووەمی ٢٠١٤

ناوی کتێب: زێودەر، لێکۆڵینەوەی مەیدانی مێژوویی وجوگرافی وئابوری وکۆمەلآتی

نوسەر: ئاراس ئیلنجاغی

تایپ: نوسەر

نەخشەسازی و بەرگ: ئاکۆ عبدالمجید

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ: ٥٠٠دانە

چاپخانە:

ژمارەی سپاردن: لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە()ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.



زێوەدەر

ئاراس ئیلنجاغی

## پێشکەشەبە:

*دانیشتوانی سنوری ناحیەی تەقتەق و گوندەکانی

* خوێنەرانی بەرێز

## لەبڵاوکراوەکانی نوسەر

١-تەقتەق، پەلکەزێڕینەی کەنار زێی بچوك، لێکۆڵینەوە، سلێمانی، مایسی ٢٠٠٧.

٢- حاجی، کرمانجێك لەوپەری مەزنیدا، لێکۆڵینەوە، سلێمانی،

٣-پارتیزانەکانی کەرکوك، بەدواداچون وبیرەوەری، سلێمانی،

٤- دکتۆر رەئوف، کەسایەتی، سلێمانی،

٥-ساتوقەڵا، هەرێمی ئیدۆ، سەردانی مەیدانی، سلێمانی،

٦-سێگردکان وسێبەرنشینەکانی، لێکۆڵینەوەی مەیدانی، سلێمانی،

٧- زێودەر، لێکۆڵینەوەی مەیدانی، سلێمانی،







## پێشەکی

زێودەر، لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٣وە کاری لەسەرکراوەو تەواوی بابەتەکانی لەڕووی کاتەوە ئەوەی تێیدا نوسراوە بەتایبەتی ژمارەو داتاکانی تا٣١-١٢-٢٠١٣یە، وشەکە لە کورتکراوەی کەناری زێی بچوك و دەوروبەرەکەی یان ڕوونتر ئەو گوندانەی کە کەوتونەتە سەرزێی بچوك و ئەوانەشی کە لەکەنارەکەوە دوورن، هەڵبەت تەنها ئەو گوندانەیە کە لەڕووی کارگێرییەوە سەر بە شارۆچکەی تەقتەقن.

لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی مێژویی و جوگرافی و ئابوری و کۆمەڵایەتیە، لە پێنج بەشدا خراوەتەڕوو، بەشی یەکەمی تایبەتە بەمەڵبەندی ناحیەکەو بەشی دووەمیش گوندەکانی خۆرئاوایەتی و بەشی سێیەمیش گوندەکانی باکوریەتی و بەشی چوارەمیش گوندەکانی خۆرهەڵاتیەتی، دوابەشیش تایبەتە بەژمارەی شەهیدان و ئەنفالکراوی گوند بەگوندی ناحیەکەیە.

بەندە هەر ئەوەندەی پێکراوە لەگرد و کۆکردنەوە و نوسین لەسەر گوندەکانی، لەکەموکوڕی بەدەر نیەو هەر ئاوەدانی و گوندێك دەکرێت زیاتری لەسەر بنوسرێت و بیروبۆچونی جوانتریش لەسەریان هەبێت، ئەوە کۆتا نوسین نیە لەسەر ئەو گوندانەو مەیدانی نوسینیش هەر بۆمن قۆرخ نەکراوە، دەتوانن قەڵەمەکانتان هەڵگرن و کاری جوانتریان لەسەربکەن، کاری تەوایش تەنها خودا خاوەنیەتی.

ئاراس ئیلنجاغی

٢٩-١٠-٢٠١٤

تەقتەق

# بەشی یەکەم

-ناحیەی تەقتەق

-دانیشـــــتوانەکەی، ڕووبەرەکــــەی، هەڵکەوتەکەی، مێژوی کارگێرییەکەی

-ئــابوری و کۆمەلایــەتی و ڕەکـــی سروشتی و سامانی سروشتی

-تەقتەق، وەك کەرتێکی کشتوکاڵی




ناحیەی تەقتەق و گوندەکانی

زێوەدەر

ئاراس ئیلنجاغی

## ناحیەی تەقتەق

یەکەم ناحیەی قەزای کۆیەیە[1]، بەدووری(٢٣)کیلۆمەتر لەباشوری قەزاکە لەکەناری لای ڕاستی(زێی بچووك) هەڵکەوتووە،کە وەك دیاردەیەکی سروشتی لەناحیەی(شوان) وناحیەی(ئاغجەلەر)ی قەزای چەمچەماڵی جیادەکاتەوە،لەوپەڕی باشوری خۆرهەڵاتی پارێزگای هەولێرە بەدووری(٥٨)کیلۆمەتر، لەباکوریدا ناحیەی (ناوەند)ی قەزای کۆیە و لەخۆرهەڵاتی ناحیەی(ئاشتی)و لەخۆرئاوای ناحیەی(سێگردکان) ولەباکوری خۆرئاوایی ناحیەی(شۆرش)سنوری داوە، تەقتەق خاڵی بەیەکگەیاندنی هەرسێ پارێزگای کەرکوك وهەولێروسلێمانی-یە.

٣٧فەرمانگەی جۆراوجۆری خزمەتگوزاری و کارگێری و ٢٢قوتابخانەوخوێندنگەی بنەڕەتی وئامادەیی و باخچەی ساوایانی تێدایە، لەگرنگترین فەرمانگەکانی(بەرێوەبەرایەتی ناحیەوسەرۆکایەتی شارەوانی و فەرمانگەی ئاو و دابەشکردنی کارەبا و خانەی داد و دادنوس وبانك وتێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەونەخۆشخانەی تایپ ئەی ٥٠قەرەوێلەیی و...تاد).

---

[1] ئەو بابەتەم بۆ بەرێوەبەرایەتی ناحیەی تەقتەق نوسیووە لەساڵی(٢٠١٣) بۆ ماڵپەری پارێزگای هەولێرو دواتر لەژمارە(٢٧)ی تەموزی ٢٠١٣ی گۆڤاری کەکۆن و دواتریش لە ماڵپەری کوردیپیدیا بلاوکردەوە.





## دانیشتوانی تەقتەق

بۆ ژمارەی دانیشتوانی تەقتەق پشت بەدوو سەرچاوە بەستراوە یەکەم ئاماری ژمارەی ماڵەکانی تەقتەق بۆساڵی ٢٠١٣ی سەرۆکایەتی شارەوانی تەقتەق، دواتر بەپشت بەستن بەتێکڕای ژمارەی سەرخێزانەکانی شارۆچکەی تەقتەق لەنوسینگەی زانیاری تەقتەق وەرگیراوە بۆ هەر خێزانێك(٤)سەرخێزان ئەژمارکراوە، واتە ٤جارانی ٤٢٩٠ماڵ واتە تەقتەق لە٢٠١٣ ژمارەی سەرخێزانەکانی(١٧هەزارو ١٦٠کەس)بووە، وە بۆ گوندەکانیش پشت بە ئەنجومەنی گوندەکان بەستراوە کە هەر(٢٣)ئاوەدانی و گوندەکانی تەقتەق لەساڵی ٢٠١٣ژمارەی سەرخێزانەکانی(٣٨٩٨)کەس بووە لەکۆی(٧٧٣)خێزاندا، هەڵبەت(٢)لەگوندەکانی بەتەواوی لەو ساڵەدا چۆڵ بوون ئەوانیش هەردوو قوڕەبەرازە بوون، و چەند گوندێکیش ژمارەی خێزانەکانی کەمتر لەپەنجەی دەستان بوون وەك(کانی لەلە و گەرمکی ساتوقەلاّ وکونەگورگ)، تێکڕای دانیشتوانی ناحیەکەو گوندەکانی وەك لەو ساڵەدا لەسەردانە مەیدانیەکان دەست کەتوون(٢١٠٥٨)کەس بووە و(٨١,٤٩٪) لەچەقی تەقتەق نیشتەجێبوون واتە شارنشین یەکجار جیاوازی هەیە لەگەڵ گوند نشینەکانی کە ڕێژەی گوند نشین(١٨,٥١٪)بووە.

کەمبونەوەی ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە بە بەراوردی ئاماری ٢٠٠١ی یونسێف و وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەوکات ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی(٢٤٢٥٤)کەس بووە بۆ دوو خاڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە، یەکەمیان جیابونەوەی ١٠گوندی خۆرئاوای ناحیەکە لە٢٠٠٥بۆ ناحیەیەکی تازە بەناوی(سێگردکان)و دووەمیشیان دوای ڕووخانی بەغداد ساڵی ٢٠٠٣ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی تەقتەق کە بەبنەچە خەڵکی ناو شوان وشێخ بزێنی و کەرکوك بوون گەڕانەوە زێدی خۆیان.

## خشتەی ژمارەی دانیشتوانی تەقتەق و گوندەکانی لەساڵی ٢٠١٣

| ژ | ناوی گوند | ژمارەی خێزان | سەرخێزان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەقتەق | ٤٢٩٠ | ١٧١٦٠ | |
| ٢ | گەرمکی تەقتەق | ١٢ | ٤٥ | |
| ٣ | تاڵەبانی گەورە | ٨ | ٣٥ | |
| ٤ | کانی لەلە | ٣ | ٢١ | |
| ٥ | ئیلنجاغی گەورە | ١٤٢ | ٧٥٠ | |
| ٦ | تاڵەبانی گچکە | ١٠ | ٤٠ | |
| ٧ | شیواشۆکی خوارێ | ٣٨ | ٢٧٨ | |
| ٨ | کانی ڕەش | ٢٦ | ١٦٦ | |
| ٩ | کونە گورگ | ٣ | ٢٦ | |
| ١٠ | باغەجنێر | ٥٢ | ٢٥٠ | |
| ١١ | چۆمەیدەر | ٢٩ | ١٥٧ | |
| ١٢ | موخەڕەس | ٩٠ | ٥٢٥ | |
| ١٣ | گەرمکی ساتوقەلاّ | ٣ | ٣١ | |
| ١٤ | ساتوقەلاّ | ٤٥ | ٢٢٥ | |
| ١٥ | مەلازیاد | ٥٨ | ١٨٠ | |
| ١٦ | شیوەجان | ٢٦ | ١٤٥ | |
| ١٧ | تەکەلتو | ٩ | ٤٩ | |
| ١٨ | ناسراغا | ١٢ | ٨٥ | |
| ١٩ | قورەبەرازەی گەورە | چۆلە | چۆلە | |
| ٢٠ | قورەبەرازەی گچکە | چۆلە | چۆلە | |
| ٢١ | سەرکەڵەك | ١٧٢ | ٦٥٠ | |
| ٢٢ | مەرزانی خوارێ | ١٠ | ٤٠ | |
| ٢٣ | مەرزانی سەرێ | ٢٥ | ١٠٠ | |
| | کۆی گشتی | ٥٠٦٣ | ٢١٠٥٨ | |





ناحیەی تەقتەق لە قەزای کۆیە

## ڕووبەری تەقتەق

تێکرایی سنوری ناحیەکە لەمڕۆدا (٢٧٦)کیلۆمەترچوارگۆشەیە و ٢١کەرتی کشتوکاڵیە و ٢٣ گوندی بەسەرەوەیە، چونکە گوندی ئیلنجاغی گچکە بووە بەدوو گوندی(مەرزانی خوارێ ومەرزانی سەرێ)و گوندی تازە دروستکراوی(سەرکەڵەك)یش کە لەکەرتی باغەجنێرەوە جیاکراوەتەوە.

ساڵی ١٩٧٧بەر لە جیاکردنەوەی ناحیەی شۆڕش(دێگەڵە) ڕووبەری تەقتەق(١٠٧٣)کیلۆمەتر چوارگۆشە بووە، دواتر بەهۆی ئەوەی بەشێکی دیاری گوندەکانی باکوری خۆرئاوای خرانە سەر ئەو یەکە کارگێڕییە نوێ یە و ڕووبەری تەقتەق کەمبۆووە بۆ نزیکەی (٧٠٠)کیلۆمەتر، ساڵی ١٩٩٩نزیکەی ٢٠گوندی خۆرهەلاّتی کرا بەناحیەی(ئاشتی) و زیاتر لە(٢٠٠)کیلۆمەتری لەڕووبەرەکەی بردو دواتر ڕووبەری تەقتەق بووە(٤٧٤)کیلۆمەترولەساڵی ٢٠٠٥وە ناحیەی (سێگردکان) ١٠گوندیتری ڕۆژهەلاّتی تەقتەقی بۆ خۆی برد ئەویش نزیکەی(٢٠٠)کیلۆمەتری دابڕی و بەمەش لەئێستادا تەقتەق ڕووبەرەکەی تەنها(٢٧٦)کیلۆمەتر دووجایە.





**خشتەی ڕووبەری تەقتەق و گوندەکانی**

| ژ | ناوی گوند | ژمارەی کەرت | ڕووبەر بەدۆنم | ڕووبەر بە مەتر دوجا | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تەقتەق | ١ | ٢٩٠٣ | ٧٢٥٧.٥ | |
| ٢ | گەرمکی تەقتەق | ٢ | ٦٨٢٢ | ١٧٠٥٥ | |
| ٣ | تالّەبانی گەورە | ٣ | ٧٤٩٩ | ١٨٧٤٧,٥ | |
| ٤ | کانی لەلە | ٤ | ١٠١١٧ | ٢٥٢٩٢,٥ | |
| ٥ | ئیلنجاغی گەورە | ٣٠ | ٩٨٢٢ | ٢٤٥٥٥ | |
| ٦ | ئیلنجاغی گچکە | ٣٢ | ٤٢٦١ | ١٠٦٥٢,٥ | هەردوو مەرزان دەگرێتەوە |
| ٧ | شیواشۆکی خوارێ | ٣٣ | ٩١٨٠ | ٢٢٩٥٠ | |
| ٨ | تالّەبانی گچکە | ٣٤ | ٤١٨٦ | ١٠٤٦٥ | |
| ٩ | کانی ڕەش | ٣٥ | ٥٣٥٧ | ١٣٣٩٢,٥ | |
| ١٠ | کونە گورگ | ٣٦ | ٦٨٨٤ | ١٧٢١٠ | |
| ١١ | باغەجنێر | ٣٧ | ١٠٨٣٥ | ٢٧٠٨٦,٥ | سەرکەڵەك-ی لێ جیابۆتەوە |
| ١٢ | چۆمحەیدەر | ٣٨ | ١٢٩٠ | ٣٢٢٥ | |
| ١٣ | موخەڕەس | ٣٩ | ٣٣٠٤ | ٨٢٦٠ | |
| ١٤ | گەرمکی ساتوقەلاّ | ٤٠ | ٣٩٩٩ | ٩٩٩٧,٥ | |
| ١٥ | مەلازیاد | ٤١ | ١٢٤٨ | ٣١٢٠ | |
| ١٦ | ساتوقەلاّ | ٤٢ | ٣٩٢٨ | ٩٨٢٠ | |
| ١٧ | شیوەجان | ٤٥ | ٦٠٢٣ | ١٥٠٥٧,٥ | |
| ١٨ | تەکەلتو | ٤٦ | ٣٥١٨ | ٨٧٩٥ | |
| ١٩ | ناسراغا | ٤٧ | ٥١٦٦ | ١٢٩١٥ | |
| ٢٠ | قورەبەرازەی گەورە | ٤٨ | ١٥٥٧ | ٣٩٩٢,٥ | |
| ٢١ | قورەبەرازەی گچکە | ٦٧ | ٢٥١٠ | ٦٢٧٥ | |
| | سەرجەم | | ١١٠,٤٠٩ | ٢٧٦,١٢١,٥ | |

## ناوی تەق تەق لەچیەوە هاتووە؟

دوو بیروبۆچونی سەرەکی لەسەر ناوی تەقتەق هەیە:

یەکەم: دانیشتوانی ڕەسەنی شارۆچکەکە دەلێن لە(تاك تاك)ماڵەوە هاتووە، واتە تاق تاق لێرەو لەوێ هاتوون و نیشتەجێبوون.

دووەم: بیروای دووەم پێی وایە تەقتەق ناوێکی سروشتییە و پەیوەستە بەخاك-ی ناوچەکە، کە زەوییەکی بن بەردو ڕەقە، و ووشەی تەقتەق لەزمانی کوردی واتە(زەوی بەردینە) هەریەك لە(جەمال بابان) لەکتێبی(ناوی شارەکانی عێراق) و(ئاراس ئیلنجاغی) لەکتێبی(تەقتەق، پەلکەزێرینەی کەنار زێی بچووك) پەسندی ئەم بیروبۆچوونەیانکردووە.

## مێژووی تەقتەق ویەکەکارگێرییەکەی

مێژووی شارۆچکەی تەقتەق وەك ئاوایی و ئاوەدانی مێژووەکی کۆنی هەیە و بۆ سەرەتای سەدەی حەڤدەیەم(١٦٠٠)ی زایینی دەگەرێتەوە، چونکە تەقتەقی ئەمڕۆ بەسێ قۆناغی جیاجیاوە تێپەڕی کردووە، یەکەم قۆناغی لەگوندی(کوچك نەخشینە)ەوە بووە، دووەم قۆناغی لەگوندی(کەڵەکچن)ەو ئینجا سێیەم قۆناغی (تەقتەق)ی ئەمڕۆیە و سەرچاوە لەو ڕووەوە کەم بەدەست دەکەوێت تەنها گوتەو گێڕانەوەی پشتاو وپشتە.

سەبارەت بەمێژوی یەکەی کارگێری لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم(١٨٥٠-١٩٠٠)، فەرمانگەی(ڕێژە)ی کۆکردنەوەی باج وسەرانەی عوسمانیەکان و بنکەی جەندرمەوزەفتیەی لێبووە، چونکە لەکۆتەوە ناوچەیەکی ترانزێت بووە بۆ بەرووبومەکانی پشدەروبیتوێن وکۆیەو هەولێرلەرێگەی ئاوی زێی بچووکەوە بۆکەرکوك و بەغداد گوازراونەتەوە لەڕێگەی دوبەوقەیاغەوە،دوای هاتنی ئینگلیزساڵی





١٩١٨بایەخی(تەقتەق)لەرووی کارگێرییەوە زیادیکردووە بەتایبەت دوای ڕاپۆرتە کارگێرییەکانی ناوچەکانی کەرکوك لەنێوان ساڵانی(١٩١٨-١٩١٩)کە لەلایەن یارمەتیدەرانی ئەفسەرەسیاسیەکانەوە کە بەحاکمی مەدەنی ناسرابوون،پێشکەش دەکران،(کاپیتان های) حاکمی مەدەنی هەولێر لە ١٥-١٢-١٩١٨گەیشتوتە کۆیە و (حەماغای گەورەی غەفوری) کردووە بەقایمقامی کۆیە و (عەبدوڵلا ئاغای حەوێزی) کردووە بە بەرێوەبەری ناحیەی تەقتەق.

تاوەکو ٢-١٠-١٩٨٦وەك یەکەی کارگێری بەرێوەبەرایەتی ناحیە بووە ولەوبەرواره بەبریارێکی سیاسی پارێزگای هەولێر کراوەتەوە بەگوند بەناوی(گوندی عەزیزیە)، تا دوای ڕاپەرینی ١٩٩١و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم هەربە گوندێکی ئیداری مایەوە تا بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ژمارە(١/١/٣/٤١٥)ی ٢٠-٦-١٩٩٥کرایەوە بە بەرێوەبەرایەتی ناحیەو(کاکەخان نەسرەدین ئەمین) بووە یەکەم بەرێوەبەری ناحیەی تەقتەقی حکومەتی هەرێم.

## هەڵکەوتەی جوگرافیای تەقتەق

### ١- شوێنی گەردونی و ئاووهەوای تەقتەق

دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی(٣٥-٣٦)پلەی باکوری نیوەگۆی زەوی و نێو هێلی درێژی (٤٤_٤٥)ڕۆژهەلاتی زەوی، هەرچەندە بەشێکە لەتێکرای ئاووهەوای ناوچەکە، کە ئاووهەوای هەرێمی دەریای ناوەڕاستە، بەلام ئەوشوێنە گەردونیەی تەقتەق لەهەرێمی کوردستاندا ئاووهەوایەکی ڕاگوێزراوی نێوان گەرمێن و کوێستانی پێبەخشیوە،لەناوچەی بارانی نیمچە مسۆگەردایە و باران بارینی ساڵانەی لەنێوان(٢٠٠-٥٠٠)ملم دایە، هاوینی گەرم و ووشکەو زستانیشی فێنك وباراناوییە.

## ٢- تۆبۆگرافیای تەقتەق

پێکهاتەی ڕووی تەقتەق کەوتۆتە ناوچەی زورگانەوە، ٦٠٪ی رووبەرەکەی گردۆلکە و زورگانە و٣٨٪دەشتی زێکردی کەناریەو٢٪شاخاوییە،سنوری ناحیەکە بەهێلی کانتۆری بەرزییەکەی(٣٥٠-٧٥٠)مەتر لەئاستی دەریاوە بەرزە و بەرزترین لوتکە چیای(تەکەڵتو)ە کە ٨١٠مەتربەرزە و دواترچیای(گۆرقەرەج)ی زێدی گەورەشاعیری کورد (حاجی قادری کۆیی)یە بەدووری(٣)کیلۆمەتر لەخۆرئاوای تەقتەق بەبەرزی(٧١٠)مەتر لەئاستی رووی دەریاوە،هەروەها هەردوو بانۆکەی(تاڵەبانی گەورە وئیلنجاغی گەورە) لەباکوری خۆرئاوای تەقتەق-ە کە بەرزیان لەنێوان(٤٠٠-٥٠٠)مەترە لەرووی دەریاوە بەهەزاران دۆنمی دێمەکاری پشتاوەدەبن و وە لەباکوری خۆرئاوادا هەردوو رووبارۆچکەی وەرزی(کۆیە)و(داربەسەر)پێدا گوزەردەکات و لەنێوانی گوندی(کانی لەلە)وگوندی(ئۆمەرگومبەت)دەرژێنە زێی بچووکەوە،جگە لەگوزەرکردنی زێی بچووك لەباشوریدا و بەهۆشیەوە هەزاران دۆنمی دەشتی زێکردی دروستکردووە کەسەرچاوەی کشتیاری وبژێوی دانیشتوانی سنورەکەیە.

## باری ئابوری تەقتەق

بەگوێرەی ئامارێکی فەرمی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوی یونسێف لەمایسی ٢٠٠١ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی تەقتەق و گوندەکانی دەوروبەری(٢٤٢٥٤)کەس بووە،بەداخەوە ئامارێکی تازە لەسەر ئەو شارۆچکەیە نیە سەبارەت بەتوانامرۆڤیەکانی شارۆچکەکە لە ئێستادا، بەلاّم لەبواری ئابورییەکانی تری وەك سامانی ئاژەڵی و بەروبومی کشتوکاڵی نزیکەی ١٠هەزار سەرمەروبزن ونزیکەی ٣هەزار ڕەشەولاخی تێدا بەخێودەکرێت و ٧٤حەوزی بەخێوکردنی ماسی و ٣٤پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەری تێدایە ، هەروەها لەکەرتە



کشتوکالیەکاندا لەبەراوەکاندا سالآنە زیاتر لە ١٠٠٠تۆن سەوزەواتی زستانە وهاوینەی وەك تەماتەوخەیارو کود وبامیە وبیبەروشوتی وکالّەگ بەرهەم دەهێنرێت،جگە لەبەرهەمهێنانی دانەوێلەی گەنم وجۆ لە زەوییە پشتاوەکانی سنورەکە، هەروەها میوەکانی هەناروهەنجیروقەیسی وترێ ومزەرەمەنی لەسنورەکە ڕەزوباخیان هەیە و جگە لەدارستانە چێنراوەکانی بەشی ڕەزگەری ودارستانی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەق.

## ڕووەکی سروشتی

سەبارەت بەرووەکی سروشتی بەهۆی زێی بچووکەوە هەزاران دۆنمی کەناراوی بووە بەلێرەوارو بێشەلان ودارستانی چڕی داربی و پەرك وتوتڕك وگەز،وە لەناوچە زورگان وچیایەکانی گۆرقەرەج وتەکەڵتوو درەختیلەی وەك داربەلالوك وگێوژومۆردوترش، هەروەها پوش وپەلاش وپاوانی پاوانەکانی سنورەکە گرنگترین درخت و پۆشاکی ڕووەکی سنورەکەن.

## سامانە سروشتیەکان

**سامانە سروشتیەکانی** تەقتەق ئەوەی تا ئێستا پەی پێ براوە بریتیە لەسامانی کانزای نەوت وگازی سروشتی و کەرەستەی خانوبەرەی غەسالەکانی کەنار زێی بچووك وئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی کەبنەمای سەرەکین بۆ پیشەسازی وگەشەکردنی لەداهاتوودا.

## باری کۆمەلأیەتی و ئاینی تەقتەق

لەشارۆچکەی تەقتەق دانیشتوانەکەی هەمووی موسلمانن و لەسەرمەزهەبی ئیمامی شافعین ولە٦گەرەکی شارۆچکەکەدا ١١مزگەوتی تێدایە،لەساڵی ٢٠٠١ژمارەی دانیشتوانەکەی (٢٤٢٥٤)کەس بووە و ژمارەی نێر تەنها(٤)کەس لەژمارەی مێ کەمتربووە، ژمارەی نێر(١٢١٢٥)کەس بووە و ژمارەی مێ-ش(١٢١٢٩)کەس بووە،ژمارەی دانیشتوانی شاریش زۆرتربووە لەگوندنشینانی، چەقی تەقتەق (١٥٠٠١)کەس بووە وگوندنشینانی(٩٢٥٣)کەس بووە.

## پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی تەقتەق

لەگەڵ گەڕانەوەی بەرێوەبەرایەتی ناحیەی تەقتەق لەساڵی ١٩٩٥ەوە تا ٢٠١٢بەسەدان پڕۆژەی جۆراوجۆر خزمەتگوزاری لەناحیەکە بونیاتنراوە، هەر لەماوەی نێوان سالأنی (٢٠٠٠-٢٠١٢) زیاتر لە ١٨فەرمانگەی نوێ لەشارۆچکەکە کراوەتەوە وەك(تاپۆ وبانك ودادگا ودارایی وگواستنەوە وکتێبخانە وچاودێری کۆمەلأیەتی وخانەی ڕۆشنبیری منالأن وهۆڵی سیمناروکۆبونەوە وبنکەکانی پۆلیسی هاتوچۆودارستان وبەرگری شارستانی وسەنتەری لاوان وڕۆشنبیری و نەخۆشخانەی ٥٠قەرەوێلەیی و...تاد).وەهەروەها لەبواری گەشتوگوزارەوە گازینۆی گەشتیاری تەقتەق پارکی چەمی ڕەشیدوکۆرنیشی کەنارزێی بچووك وە لەبواری دابەشکردنی کارەبا وێستگەیەکی ١١/٣٣کەی ڤی ٣٢مێگاواتی تێدا دروستکراوە.

١١قوتابخانەی بنەڕەتی و ٥ئامادەیی و٤خوێندنگەی ئێواران و٢باخچەی ساوایانی تێدایە ولەساڵی خوێندنی ٢٠١٣-٢٠١٤ ژمارەی ساواو قوتابی و خوێندکاری ٧هەزارو ٨١٩بووە.





## سەرۆکایەتی شارەوانی تەقتەق

شارەدێی تەقتەق لەسەرەتایی ساڵی ١٩١٩ەوە کراوە بە بەرێوەبەرایەتی ناحیە ئەوکات ژمارەی ماڵەکانی تەنها(١٥)ماڵ بووە، دوای ٩٥ساڵ لە بەناحیەبونی ژمارەی ماڵەکانی بەگوێرەی دوایین ئاماری سەرۆکایەتی شارەوانی تەقتەق ٤هەزارو٢٩٠ماڵە، لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردووەوە کراوە بەشارەوانی و ئەمرۆ ٦گەرەکی سەرەکی هەیە ئەوانیش(رزگاری و سەربەستی وشەهیدان و رووناکی و ئاشتی و گۆرقەرەج ) ، کەزۆرترین کاری خزمەتگوزاری لەو شارەدێیە لەدوای هەڵبژاردنەکانی شوباتی ٢٠٠٠ەوە دەستیپێکردووە، لە٢٠٠٠ەوە تا ٢٠١٤ واتە ماوەی ١٤ساڵ (ئازاد مامەند خالید) سەرۆکی ئەو شارەوانیەبوو، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ماوە دوورودرێژەی پۆستەکەی بەپێویستیم زانی لەنزیکەوە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سازبکەم و لەگرنگترین سێکتەرەکانی خزمەتگەیاندن و کێشەکانی بەردەم خزمەتکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا بدوێین.

پرسیار/ لەماوەی ١٤ساڵدا توانیوتانە چ خزمەتگوزارییەکی بەرچاو پێشکەش بەشارەدێی تەقتەق بکەن؟

ئازاد مامەند: زۆرترین کاری خزمەتگوزاری گشتیمان لەسنوری شارەوانیەکەماندا ئەنجامداوە بەلأم دیارترینیان:

یەکەم: دانانی نەخشەی بنەڕەتی شارەدێی تەقتەق بەپێی واقیع حاڵ و تۆمارکردنی نوێی گەڕەکەکانی تەقتەق کە لە٣٠-١٢-٢٠٠٠ەوە پەسندکراوە.

دووەم: بەپێی نوسراوی ژمارە ١٠٥٢٣لە٢٩-٦-٢٠٠٢ەوە بە واژۆی(عوسمان ڕەشید عەزیز) بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەتی شارەوانی پلەی شارەوانیەکەمان بەرزکراوەتەوە لە شارەوانی پلە(٣)ەوە بۆ شارەوانی پلە(٢)هەڵبەت

ئەمەش دەستکەوتێکی گەورە بوو کە بەهۆیەوە خزمەتگوزارییەکان زیاتر پێشکەشکران.

سێیەم: جێبەجێکردنی بڕیارەکانی تەملیك کردن بەچوار بڕیارەوە بۆ زەوی و خانوبەرەی هاولاّتیان هەر لەبڕیاری(١٢١)ی ئیدارەی سلێمانی ساڵی ١٩٩٨ و٢٤١ی ئیدارەی سلێمانی ساڵی ١٩٩٩ویاسای ژمارە(٥)ی پەرلەمانی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٢و جێبەجێکردنی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی بۆ ئەو زەوییانەی بەهەر هۆیەك بووبێت ژمارەی تۆماریان نیە لەسنوری شارەدێ وشارۆچکەکان تا پێشینەی خانوبەرەیان پێبدرێت و گرفتی نیشتەجێبوون چارەسەر بکرێت، تا ئێستا ٨١٩ ژمارەی ڕێگەپێدانی خانوو و٧٥٦مۆڵەتی بینادروستکردن و ٧٤٧تەملیك تەجاوزمان ئەنجامداوە تاکۆتایی ٢٠١٣ ، لەسنوری هەرێمی کوردستان تاکە شارەوانیە کە بەو ٤بڕیارە کاریکردووە و سودێکی زۆرمان بەهاولاّتیان گەیاندووە و بۆ تەملیك کردنیش نرخێکی مەرکەزییانە و هەرزان وەرگیراوە.

چوارەم: بەگوێرەی دوایین ئاماری شارەوانیەکەمان لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٣، ١٤هەزارو٥١٣مەتر چوارگۆشەی کۆلان وشەقامەکانی تەقتەق کۆنکرێتکراوە، ٢١هەزار و١٣٩ مەتر درێژی ئاوەڕۆی سندوقی و لولەیی لەگەرەکەکانی تەقتەق دروستکراوە تەنها ٦٢کۆلان ئاوەڕۆی نیە کە ٩٥٨ماڵی بەسەرەوەیە.

سەبارەت بەو گرفتانەی کە هاتونەتە بەردەم کارەکانی شارەوانی تەقتەق چەند پرسیارێکیترم ئاراستە کرد

پرسیار: لەماوەی ١٤ساڵدا نزیکەی ١٥٠ زەویت بەسەر فەرمانبەران دابەشکردووە، کەچی ریزبەندی ٤٥٥فەرمانبەرت هەیە ئەگەر زەویتان ئامادەبوو زەوییان بەخاڵبەندی پێبدرێت؟





ئازاد مامەند: هەڵکەوتەی سنوری جوگرافی تەقتەق تەنگەبەرەوە لای ڕۆژهەلاّت و باشوری زێی بچوکە و بەشی باکوریش بەردەلاّن و زوورگانە بۆ دابەشکردن ناشێن و بەشی رۆژئاواش کەرتی ٢ی گەرمکی کشتوکاڵیە و ناوچەیەکی سەوزایی زیندووە و بۆ زەوی نیشتەجێبوون دەست نادەن.، هەروەها جیاکردنەوە وکوژاندنەوەوخۆماڵەکردنی زەویش کارێکە کاتێکی زۆری دەوێت وتا ئێستاش هاولاّتیان ئەو قەناعەتەیان بۆ دروست نەبووە کەمافەکانیان لەسیستەمی ئیداری پارێزراو دەبێت بۆیە ژێر بەژێر زەوییەکانیان دەفرۆشن.

گرفتی سەرەکیش ئەوەیە جوتیارەکان زەوییەکان بەهی خۆیان دەزانن کەچی ئەوراقیش پێچەوانەیە چونکە ئەگەر زەوی گرێبەست و حەقی تەسەروف و تەملیك نەبێت دەبێتە موڵکی دەوڵەت، گرێبەست٣٪ی زەوییەکەی دەدرێتەوە و حەق تەسروفیش ١٢٪ و تەملیکیش ٢٠٪ی زەوییەکەی دەدرێتەوە، لەبەر ئەو گرفتانەیە کەکەم زەویمان دابەشکردووە، ئێستاش لیستێکمان لەبەردەستە کەژمارەیان ٤٥٥فەرمانبەرە ئەوانە تەنها ریزبەندی وخاڵبەندی دەیانگرێتەوە هەرکات زەوییمان هەبوو وە دوبارە فەرمانی زەوی پێدانیشیان هەبێت ئینجا دەتوانین زەوییان پێبدەین.

پرسیار/ شارەوانیەکەتان ئێستا ڕووبەری فراوان بووە و خۆی لە٣هەزارکیلۆمەتر دەدەات ئایا نەخشەی بنەرەتی ٢٠٠٠تا ئەمرۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو فراوانبوونە دەکات ڕوونتر بۆ ماستەرپلانتان بۆ شارەوانیەکە نیە؟

ئازاد مامەند: بڕیارە لەساڵی ٢٠١٤ بودجە بۆ ماستەرپلانی تەقتەق تەرخانبکرێت بۆماوەی ٢٥ساڵی داهاتوو ماستەرپلان بۆ شارەوانیەکەمان دادەنرێت، سەبارەت بەفراوان بونیش هاولاّتیان زەوی وزاری وێنەی تۆمارکراوی ژمارە ٩٠ی هەڵوەشاوە دەکرن وئەوانە موڵکی شارەوانی نین و کشتوکاڵین و هێشتا ڕەگەزەکەیان

نەگۆڕاوە بۆ نیشتەجێبوون، هەروەها لە ماستەرپلانی چاوەڕوانکراودا ئەو گرفتانە چارەسەر دەکەین و زەوی نیشتەجێبونیش بۆ فەرمانبەران دابین دەکەین.

پرسیار/ ئەو نەخشە بنەڕەتیەی ساڵی ٢٠٠٠تا ئەمرۆ نەیتوانیووە جگە لەشەقامی سەرەکی شارەدێیەکە هیچ شەقامێکیتری سەرەکی نێوان گەڕەکەکان فراوان بکات؟

ئازاد مامەند: کێشەی قەرەبووکردنەوە کێشەی سەرەکیە لەبەردەم ئەو فراوانکردنە لەڕووی یاساییەوە نەوەك لەڕووی بودجەوە چونکە هەندێك لەو خانو و زەوییانە موڵکی شارەوانین چۆن دۆسیەی قەرەبوو دەیان گرێتەوە، بۆیە ئێستا لەهەوڵی دۆزینەوەی ئالیەتێك داین کە وێنەی تۆماریان بەناوەوە بکرێت تا هاولاتیان زەرەر مەند نەبن وەك ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٨ لەشەقامی سەرەکی تەقتەق ئەنجامان دا لەکاتی فراوانکردنی.

* ئازاد مامەند خالید، لەدایکبوی ١٩٦٨ی گوندی باغەجنێری تەقتەقەو بەشی ئەندازیاری میکانیکی زانکۆی موسڵی لە ١٩٩١-١٩٩٢تەواو کردووە و لەهەڵبژاردنەکانی شارەوانیەکانی ساڵی ٢٠٠٠ەوە بە بەدەستهێنانی ٩٨٪ی دەنگەکانی دانیشتوانی تەقتەق متمانەی سەرۆکی شارەوانی تەقتەقی بەدەستهێناوە و بۆماوەی ١٤ساڵ سەرۆکی شارەوانی تەقتەقی کردووە.

## ناوی بەڕێوەبەری یەکە کارگێرییەکانی تەقتەق

١-عەوڵلا ئاغای حەوێزی

٢-مەلا ئەحمەد ئاغای غەفوری

٣-فەتحوڵلائاغای حەوێزی

٤-عەبدولفەتاح ئاغای عەبدوڵلا

٥-بەهجەت ئاغای حەوێزی

٦-موحەمەد ئەمین ئەحمەد زەکی١٩٣١-١٩٣٢

٧-شێخ یونس خانەقا ١٩٤٦

٨-شێخ فازڵ تاڵەبانی ١٩٤٨-١٩٥١



٩-ئیحسان جەمال موحەمەد تاڵەبانی ١٩٥٩

١٠-عەلی حەمادی

١١-بورهان سلێمان

١٢-رەئوف حیکمەت

١٣-کەمال عەلەمدار

١٤-مەلا رەشید

١٥-شێخ نوری شێخ سالح

١٦-عەلی عەزیز بەڕانی

١٧-سامی ئەسعەد نائب

١٨-قەحتان محەمەد

١٩-سەدام شێخ حلاوی

٢٠-مومتازبیلال

٢١-محەمەد پاشای دزەیی ١٩٧٠

٢٢-خدراغای بلباس

٢٣-حەسەن هادی سلێمان ١٩٧٩

٢٤-سەباح محێدین

٢٥-ئەبوئەحمەد ١٩٨٥

٢٦-ملازم لەتیف بەغدادی

٢٧-کاکەخان نەسرەدین ئەمین ١٩٩٥-٢٠٠٠

٢٨- حاکم سالح محەمەد کلێسەیی ٢٠٠٠-٢٠٠١

٢٩-کاکەخان نەسرەدین ئەمین ٢٠٠١-٢٠١٠/٧/٤

٣٠-حاکم فاتح حوسێن حەمەدەمین ٢٠١٠/٧/٤-٢٠١٣/٢/١٠

٣١-سەرکەوت ڕەسول عەزیز لە ٢٠١٣/٢/١٠

## ڕووالەتە دیارەکانی شارۆچکەی تەقتەق

١- کێلگەی نەوتی تەقتەق ١٩٥٩-٢٠١٤

٢- پردی تەقتەق١٩٥٤-١٩٥٨

٣- گردی ساتوقەلای شوێنەوار١٢٣٠-٨٠٠پ.ز

٤- چیای گۆرقەرەج زێدی حاجی

٥- شاخی تەکەڵتو

٦- زێی بچووک شادەماری ژیان وئاوەدانی تەقتەق

٧- هەردوو بانۆکەی ئیلنجاغی گەورەو تاڵەبانی گەورە

٨- گازینۆی گەشتیاری تەقتەق

٩- پارکی سایەی گەشتیاری

١٠- کۆرنیشی کەناری زێی بچوک

١١-پارکی ڕەشیدی گەشتیاری[٢]

[٢] دەتوانی بۆزیاتر زانیاری لەسەر لایەنەکانیتری تەقتەق کتێبی(تەقتەق،پەلکەزێرینەی کەنارزێی بچوک، ئاراس ئیلنجاغی، مایسی ٢٠٠٧، چاپخانەی یاد، سلێمانی) بخوێنیتەوە.



## تەقتەق، وەك کەرتێکی کشتوکاڵی(گوند)

گوندی تەقتەقی کۆن ئەمڕۆ بووە بەچەقی ناحیەکەو ناوی ناحیەکەش هەر بەناوی گوندەکەوە ناونراوە، بەدوری ٢٣کیلۆمەتر بەڕێگای قیرتاو لەباشوری قەزای کۆیەیە، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(گەرمکی تەقتەق-خۆرئاوا)و(تاڵەبانی گەورەو باغەجنێر-لەباکور)و(زێی بچوك-لەڕۆژهەلاٚت لەگوندی کەپەنك ولەباشوریشدا لە گوندەکانی سماقەوقەرەناوی ناحیەی شوان)ی جیادەکاتەوە.[٣]

کەرتێکی کشتوکاڵی ژمارە(١)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، ڕووبەرەکەی(٢٩٠٣)دۆنمە، (١١٠٠)دۆنمی حەرەمی گوندەکەبووە لەڕابردوودا، ئەمڕۆ تێکڕای گوندەکە خەریکە دەبێتە سنوری شارەوانیەکەی، ٣٣٩مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزەو کەوتۆتە نێو هێڵی درێژی(٤٤،٣٥-٤٤،٥٨)ی خۆرهەلاٚتی زەوی ونێو هێڵی پانی(٣٥,٥٣-٣٥,٨٨)ی باکوری گۆی زەوی.

ئەمڕۆ زۆربەی زەوییەکانی تەقتەق بوون بەگەڕەك وەك زەوییەکانی (دۆشاوڕشێن=خوار بانکی تەقتەق ونشێوی هۆبەی کشتوکاڵی، بەستەکە=گەڕەکی رزگاری، گەزەران ئەمڕۆ دوڕوگەیە لەناو زێیەکە کە لەپایزاندا گندۆرەی چوار بێستانی ٩مانگی لێ لێدەدرا، جۆنی بەرد= گەڕەکی شەهیدان وگۆرقەرەجە، گردی حێمڕ=گۆڕستانی شەهیدان، گردی گێوژ=فەرمانگەی پاڕاستنی ڕووەك ودارستانە، ئاوەزا= گەڕەکی سەربەستیە، کەرەکچین=پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی تەقتەق-کۆیە)یە، جگە لەمانە چەند پارچە زەوییەکیتر ماوە وەك(دەباغی گەورەو دەباغی گچکە، سۆرەبان، شیوی لوولە، گۆڵی گامێشان، گردخەڕات، کەندەرانەسۆر، کۆزە، سێ مەیی، قەرەقاجین، کونەناو، گردەسۆر، گردخەرمان، عروزە، شاخە قووتە، ئاشەکە، خەرمان

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(وریا عارف سالح، لەدایکبوی ١٩٣٦ی تەقتەق، لە٩-١١-٢٠١٣).

سـوتاو، دۆڵـی کەرەکچـین، شـاخی قـەلان، بانەڕەقـە، شـێخ بـایز، کونەکەمتیارە،بەردەبەردین)، هەروەها چـەند کانیلەیـەك لەمێـژوی تەقتـەق هـەبوون وەك (کـانی پیـاوان، کـانی ژنـان، کـانی سـارد، کـانی سـێ مـەیی)، لەگـەڵ ئەشکەوتی(سۆرەبان) لەشۆڕشی ئەیلول پێشمەرگە وەك پەناگە بەکاریانهێناوە.

حەمەدی وەسـتا عـارف کـە شـاعیرێکی میللـی تەقتـەق بـوو زۆر بـەجوانی ئـەو ئاقارانەی تەقتەقی دەهۆنیەوە لەشیعردا ئەمە یەکێك لەو شـیعرانەیە کـە(هیوا بـەکر عارف)ی برازای پێیداووم، منیش لێرەدا دەیخەمەڕوو:

| | |
|---|---|
| گردی گرد خەڕات گردێکی کوونە | دوو سیخوڕی تێدایە چاویان هەر وونە |
| لەلای چەپیەوە کانی مەیاسە | لە(مروەتین)یش ئەمن بناسە |
| لەلای ڕاستیەوە شیوی جانەیە | گۆڵی گامێشان بەهێلانەیە |
| لەلای خواریەوە کەندەرانەسۆرە | دەوری چەمەکە بەسلق و تورە |
| ئەمجا ڕۆیشتم گەیشتمە عروزە | کەرەکەم چەقیوە باری خەڵوزە |
| ئەمجا ڕۆیشتم لەبۆ کەڵەکچین | تاوێك دانیشین پێکەوە بچین |
| ئەمجا ڕۆیشتم بۆ کونە کەمتیارە | هەورازونشێو شێخ بایز دیارە |
| ئەمجا ڕۆیشتم بۆ بانەڕەقە | کەتەماشادەکەم ئەمە تەقتەقە |

لەمێژووی تەقتەق چەند چاکێك(شـەخس)هەبووە وەك(شـێخ مسـتەفا ومەلاسـاڵح وکونەناو)، بەنمونە خەڵکی کۆنی تەقتەق ئەگەر منداڵێکیان کۆخەڕەشەی بوایە، ئـەوا ژنگـەل دەچـوونە کونـەناو و لـەوێ شـیوێکی نیسـکیان دەختەسـەر ئـاگر وتەڵەقەمیشێکیان لەملی منداڵەکە دەکرد وبەمەش مناڵەکە چاك دەبۆوە، هـەر بۆیـە ناوەناوەش دەوترا شەخسەکۆخەڕەشە.

هەروەها چەندین گۆڕستانیش لە تەقتـەق هەیـە وەك(گۆڕسـتانی شـێخ مسـتەفا، گۆڕستانی مەلا ساڵح، گۆڕستانی شەهیدان، گۆڕستانی عروزە، گۆڕستانی شێخ بـایز)، 





ئەمڕۆش خەڵکی تەقتەق مـردوو لەگۆڕسـتانی دکتـۆر رەئـوف وگۆڕسـتانی بانەڕەقـە دەنێژن، گۆڕستانی بانەڕەقە دکتۆر ڕەئوف وشێخ ڕەئـوفی خانـەقای لـێ نێـژراوە، شـێخ ڕەئوف کوری شێخ سەعیدی شێخ محەمـەدە لەسـاڵی ١٨٩٦لەشـاری کـەرکوك هاتۆتـە ژیانەوە،خوارزای سەید ئەحمەدی شێخ حوسێنی خانەقای کەرکوکـە، ماوەیـەك نوسـەری بەرێوەبەرایەتی شارەدێی تەقتەق بووە، وە بەرێوەبەری کتێبخانەی گشتی کەرکوك بووە، سەرۆکی لقی یەکێتی ئەدیب ونوسەرانی کورد بووە لە کەرکوك، دوای خانەنشین بوونی بەسەردانێك هاتۆتەوە تەقتەق لە١-٦-١٩٧٣ئەو شەوە لە تەقتەق کۆچی دواییکـردووە و لە گۆڕستانی (بانەڕەقە)ی تەقتەق بەخاك سپێردراوە و لە گڵکۆکـەی دوو چـوارینەی شیعر نوسراوە، شارەزایان پێیان وایـە ئـەو چـوارینانە خـۆی نوسـیویەتی چـونکە زۆر لەیانەی کۆمەڵایەتی لای مەجیدیەی کەرکوك سەردانی خـەراباتی کـردووە و ئـالودەی مەی بووە[٤]:

| | |
|---|---|
| کەسێ نەگریێ بەدەنگ و ڕەنگ | لەغەیری موغەننی وئاوازی جەنگ |
| عومر تێپەڕێنە بەبەزمی شەراب | بەدەن بابگێرێ بەکەیل وخەراب |
| لەکاتێ ئەبم من مەبەستی هەلاك | بەئاینی مەستانە بمنێنە خاك |
| لەداری ترێ دارە مەیتم بکەن | لەڕێگەی خەرابات دفنم بکەن |

کاتی خۆی شێخ بایز وبانەڕەقەی تەقتەق لەسەردەمانی زوو شـوێنی ئـاگری نـەورۆز وسەردانی بەهارەی گەنج ولاوی تەقتەق بووە).

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەبدوڵلا عومەرمحەمەد)ی سەییدی بەرزنجی لەدایکبووی ١٩٣٦ی عەلەغێر، لە٢-٦-٢٠١٤لـە تەقتەق.

# بەشی دووەم

## گوندەکانی خۆرئاوا

١-کانی لەلە

٢-تاڵەبانی گەورە

٣-ئیلنجاغی گەورە

٤-گۆڕقەرەج

٥-گەرمکی تەقتەق

٦-ئیلنجاغی گچکە (مەرزانی سەرێ و خوارێ)

٧-تاڵەبانی گچکە




گونـدەکانی خۆرئاوا

# گوندی کانی لەلە

## کانی لەلە لەچیەوە هاتووە؟

خەڵکی ئاوایی کانی لەلە زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی ناوی گوندەکەیان لەناوی کانیەکەوە هاتووە، کەناوی(کانی لەیلێ) بووەو دواتر ئەم(لەیلێ)یە، بە(لەیلە) هاتۆتە سەرزاران و لەگوتندا بووە بە(کانی لەلە).[٥]

## سنوری گوندی کانی لەلە

بەدووری(٩)کیلۆمەترو(٥٠٠)مەتر لەخۆرئاوای تەقتەق هەڵکەوتووە، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی گەرمکی تەقتەق لەڕۆژهەڵات وئۆمەرگومبەت و سێگردکان لەڕۆژئاوا ولەباکوریش دووبارە گوندەکانی گەرمکی تەقتەق و بەشێکیشی سنوری ئۆمەرگومبەتە و لەباشوریشدا زێی بچوك لەگوندەکانی (جگیلە ومەرزیخەی سەروو وخواروو وکانی ڕەش و عەمدۆن)ی ناحیەی شوانی پارێزگای کەرکوکی جیادەکاتەوە.

کەرتی ژمارە(٤)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، ڕووبەری گشتی(١٠١١٧)دۆنمە، ڕووبەری شیاوی چاندنی(٢٦٤٣)دۆنمەو(٥٧٧٤)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایە، ڕووبەرێکی بەرفراوانی بەراوی زێکردی هەیە دەگاتە(٢٧٩٩)دۆنم، کەتەنها ١٢٣دۆنمی تایبەتە و ئەوانیتری موڵکدارێتی میرییە، هەروەها(١١٣٨)دۆنمی پشتاو هەیە کەتەنها

(٥) بۆکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەم گوندە چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەم بەرێزانەی خوارەوە کردووە:
١-خوالێخۆشبوو(تاهیر عەبدوڵلا تاهیر تەیب موفتی مەحمود گۆران، لەدایکبوی ١٩٣٨ی کانی لەلە، لە١٨-٢-٢٠١٣، هاولاتی).
٢-مەحمود مەجیدحاجی ئەفەندی حەمەدەمین، لەدایکبوی ١٩٣٧ی کانی لەلە، لە١٩-٢-٢٠١٣، هاولاتی).
٣-چەتۆ سالح مستەفا قادرمستەفا، لەدایکبوی١٩٤٣ی کانی لەلە، لە٢١-٢-٢٠١٣، هاولاتی).
٤-بەکر عەلی ئەحمەد، لەدایکبوی ١٩٥١ی کانی لەلە، لە٢٣-٢-٢٠١٣، هاولاتی).
٥-ئاکۆ سەلاح مەجید، لەدایکبوی ١٩٨١ی کانی لەلە، لە١٨-٢-٢٠١٣، ئەنجومەنی گوند).





١٣٥دۆنمی تایبەتە، حەرەمی گوندەکە(٨٥)دۆنمە، دوو کانی وچوار کارێزی هەبووە لەگەڵ(٦٣)دۆنم لەڕەزگەری.[٦]

لەڕووی هەڵکەوتەی گەردوونیەوە کەوتۆتە نێو هێلی پانی(٣٥,٥٢-٣٥,٨٧)ی نیوە گۆی باکوری زەوی ونێو هێڵی درێژی(٤٤,٣١-٤٤,٥٢)ی خۆرهەڵات و(٣٤٨)مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.[٧]

لەگرنگترین پارچە زەوییە پشتاوەکانی(ئاوەزا، تەنگانە، تخویب، بان چەمەڕەشکە، خانکە) وە لەدیارترین پارچە زەوییە بەراوەکانی(حاوی چەمە ڕەشکە، چەم حوسێن، چەم خەلیفە، چەمی کانی لەلە، چەمی حاجی ئاغا، چەمی جەردیس، چەم ئاسیاو)ە، هەروەها کانی وکارێزەکانی(کارێز وکەورخانکە وبەغارە و گەرماوە وقوڵەتێنی پیاوان)ی هەیە.

لەڕووی شوێنەوارو مێژوییەوە چەندین شوێنەواری گرنگ لەسنوری کانی لەلە بەدیدەکرێن،(کانی لەلە و گورگە سێکانی و گۆرقەرەج) پێش ئاواییەکانیتری سنورەکەیان ئاوەدان بوونە، ئەو زەوییە شوێنەواریانەی بریتین لە(بانی چەمەڕەشکە، کەورچەم، بەغارە، کەور ڕێ، لوتکی تەندورە، کەلەکین، تەنگانە، کەلین )، مام مەحمودی حاجی مەجیدی ئەفەندی دراوێکی دۆزیوەتەوە، وەك شێوە(١٠فلس)ی بووە، لەهەولێر(٢٠٠)دیناریان پێداوە نەیفرۆشتووە، بەڵام دواتر هەر ونی کردووە، کەورچەم دەوترێت لەکۆندا شاروئاوەدانی بووە، زەوی(کانی کەندیلە) لەنێوان بەغارە وکەورچەمە،ماڵی حاجی ئەفەندی خاوەنی بوون، لەکاتی جووتکردن لەو زەوییە، گاسنەکە لەدەسکی کوپە و ڕیزە بەردی مێرابی خانوو گیربووە، کە خۆڵی ڕەش لەناو

(٦) تۆمارەکانی فەرمانگەی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەق ، ڕووبەری هەموو گوندەکان لە تۆمارەکانی ئەو فەرمانگەیە وەرگیراوە.

(٧) شوێنە گەردونیەکانی هەموو گوندەکان لە نەخشەی هێزەچەکدارەکانی عێراق، ڕووپێوی سەربازی بۆسالی ١٩٨٦ وەرگیراوە.

گۆزەکە بووە، بەخۆڵەمێش نەچووە و وەك مادەیەکی کانزایی بووە و بەناو زەوییەکە پەرش وبلاّو بۆتەوە، ئینگلیزەکان کەهاتوون ساڵی ١٩١٨لەهەرپارچەیەك لە کوپەو گۆزەکان نمونەیەکیان بردووە، هەروەها لە (کەور ڕێ) تا ئێستاش کەرپوچ لەنزیك (ڕووباری کۆیە) کە دەڕژێتە زێی بچوکەوە دەدۆزرێتەوە.

هەر لەسنوری کانی لەلە چەندین گۆڕستان و چاکی تێدایە وەك گۆڕستانی گەورە کە(شێخ مستەفا)شی پێ دەڵێن، لەگەڵ گۆڕستانی (ئۆمەر کوشیا)کە مردوویان لێ دەنێژن، جگە لەمانە لەسنوری ئاواییەکە چەند گۆڕستانێکیتری لێیە وەك(گۆڕستانی چەمە ڕەشکە، قەبرستانی بەر ڕێی کاروانی کۆیە، قەبرستانی بەغارە)، لەگەڵ چاکەکانی( لوتکی شێمحەمەد وشێمحەمەد وسوڵتان عەبدوڵلاو شەهیدان لەسەرچیا و قاژی ئاغا).

## پێکهاتەی دانیشتوانی کانی لەلە

لەڕووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە ژمارەیەکی زۆر تیرەی جۆراوجۆر لەئاواییەکەدا بەیەکەوە ژیاون، وەك(گۆران وهەمەوەند و شێخ بزێنی و پالأنی وسورچی ودەربەندی و عەلی بەیانی وقەسرۆکیەکان)، دەوترێت (حاجی حەمەڕەشی گەورە) دێیەکەی ئاوەدانکردۆتەوە، بەلاّم لەگەڵ(حەمەڕەشی دەربەندییەکان) جیابووە، چونکە(کانی لەلە) بەر لەگوندی(ئۆمەرگومبەت) ئاوەدانبووە، بیروچۆنیتر هەیە دەڵێت"فەقێ برایم لەچەم بەغارە بووە ئەو ئاوەدانیکردۆتەوە".

بیروبۆچۆنێکیتریش هەیە دەڵێت: "مەلا ساڵح شێتەی تەقتەق، کە لە تەقتەق گۆڕستانێکی بەناوەوە کراوە، بنەچەی کانی لەلەی ئەمرۆ بوون، ماڵی(حەمەدەمین و خدر)ی برای کە کوڕی(مام ئەلیاس) بوون، ئەمانە پەنای گردی(قاژی ئاغا)یان هەڵبژاردووە، ئەو شوێنە زووتر نمرگەی ئاوی هەبووە، کچێکی ئەو خێزانە بەناوی(لەیلا) کانیەکی لێ لێداوە و دواتر گوندەکەش هەر بەو ناوەی ئەو کانیەوە



ناونراوە، ماڵی(مام نەجیم)باپیرەی(عەزیز ئۆمەر) نەوەی ئەو خێزانەن، هەردوو تیرەی(گۆران وهەمەوەند)، یان ڕوونتر بڵێین بەرەی(مەلا جەمیل) و بەرەی(ساڵح خەزار) زۆرینەی گوندەکە پێك دەهێنن.

لەمێژووی ئەو گوندە چەند کەسایەتیەکی جوتیاری و کوردەواری هەڵکەوتووە وەك(حاجی مەجیدی حاجی ئەفەندی، عەبدوڵلای مەلا تاهیر، مام حەمەڕەش، قادرئاغای ئەفەندی، مەلا جەمیل کۆیی، ساڵح مستەفا قادر(ساڵح خەزار)، چەند کەسایەتیەکیش کێخوایەتی ئەو گوندەیان کردووە وەك(کێخوا عەبدوڵلا و کێخوا قادرئاغای ئەفەندی و کێخوا قادر جەمیل).

ساڵی ٢٠١٣ژمارەی خێزانەکانی کانی لەلە(٣)خێزان و(٢١)سەرخێزان بووە، لەساڵی خوێندنی(١٩٧٧-١٩٧٨)قوتابخانەی لێکراوەتەوە، یەکەم بەرێوەبەری(ڕەشید محەمەد عەلی) بووە، خزمەتگوزارییەکانی لە٢٠١٣دا(مزگەوت و قوتابخانەو کارەبای نیشتمانی و ڕێگای قیرتاو وپرۆژەی ئاوی خواردنەوەی)هەیە.

## کانی لەلە، بەهەل هەلە
## لێیدا، بەتۆپ وقونبەلە

لەبەهاری ساڵی ١٩٦٣ فرۆکە جەنگیەکانی حکومەتی عێراق لەشالأوی حەرەس قەومی بەنۆرە هەردوو ئاوایی(کانی ڕەش)ی شوان و(کانی لەلە)ی تەقتەقی بۆردومانکردووە، کە(١٢)ناپاڵمی لەئاسمانی گوندی (کانی لەلە) باراندووە، کە بووە بەمایەی شەهیدکردنی(سەبریەی قادرئاغای ئەفەندی)و سوتان وکاولکردنی ماڵی مام جەلیل و سوارەی قادرئاغا و مام فەقێ نەجیم، ئەو کارەساتە لەمێژوی کانی لەلە بووە بەگۆتەولەزاری خەڵکەکەیەوە دەگێڕدرێتەوە، چونکە دەنگی ناپاڵم و هاوارو قیژەی ژن ومنداڵ، تێکەڵ بەیەکدی بوونەو ووتراوە(کانی لەلە، بەهەل هەلە، لێیدا بەتۆپ و قونبەلە).

# گوندی تاڵەبانی گەورە

## تاڵەبان لەچییەوە هاتووە؟

هەڵکەوتەی گوندی تاڵەبانی گەورە دێمەکارەو ئاوی ناوچەکە تاڵەو نەوتاوییە، زۆربەی سنورەکەشی باناویە، بۆیە ووتراوە"بانی تاڵ"یاخود(تاڵەبان)، هەرچەندە بیروبۆچونێکیتر هەیە دەڵێت" بنە ڕووەکی تاڵیشك" لەو بانوە زۆر بووە، ناوەکەی لەوەوە هاتووە(تاڵیشکەبان) و دواتر بووە بە(تاڵەبان).[٨]

## سنوری گوندی تاڵەبانی گەورە

بەدووری(٤)کیلۆمەتر لەباکوری خۆرئاوای تەقتەق هەڵکەوتووە، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(تاڵەبانی گچکە لەباکوری خۆرهەڵات وگەرمکی تەقتەق لەباشور و چەقی تەقتەق لەباشوری خۆرهەڵات وئیلنجاغی گەورەو ئیلنجاغی گچکە لەباکوری خۆرئاواو ئۆمەرگومبەتیش لەخۆرئاوا.

کەرتێکی کشتوکاڵی بەژمارە(٣)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، تێکرای ڕووبەرەکەی(٧٤٩٩)دۆنمەو(١٩٠٢)دۆنمی شیاوی چاندنە و(٥٠٩٦)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایە، (٥٠٠)دۆنمی بەراوەو (٢٨)دۆنمیش حەرەمی گوندەکەیە، کەوتۆتە نێو

---

[٨] بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر گوندی تاڵەبانی گەورە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم بەرێزانەی خوارەوە کراوە:

١-فاتح حەمەشین خورشید(بێلانی شاعیر) ،لەدایکبوی ١٩٦٨ی تاڵەبانی گەورە، لە١-٢-٢٠١٣ ، ڕۆژنامەنوس وشاعیر.

٢-نەجمەدین محێدین حەمەدەمین، لەدایکبوی ١٩٦١ی تاڵەبانی گەورە، لە١٥-٣-٢٠١٣ ، ئەنجومەنی گوند.

٣-د.جەمال محەمەد فەقێ ڕەسوڵ، لەدایکبوی ١٩٥٣ی تاڵەبانی گەورە، لە٢٧-٣-٢٠١٤. ئەکادیمی وزانای ئاینی.

٤-مەلا عەبدولمەجید محەمەد تەیب، لەدایکبوی ١٩٥١ی تاڵەبانی گەورە، لە٩-٥-.٢٠١٤

٥-حاجی عەبدولحەمید محەمەد تەیب، لەدایکبوی ١٩٤٠ی تاڵەبانی گەورە، لە٩-٥-.٢٠١٤

٦-ئەبوبەکر عوسمان حەمەسالح، لەدایکبوی ١٩٥٦ی تاڵەبانی گەورە، لە٩-٥-.٢٠١٤

٧-جەواد حاجی سمایل میکائیل، لەدایکبوی ١٩٦٥ی تاڵەبانی گەورە، لە ٩-٥-٢٠١٤.





هێڵی درێژی(٤٤،٣٤-٤٤،٥٧)ی خۆرهەڵات ونێو هێڵی پانی(٣٥,٥٥-٣٥,٩٥)ی نیوە گۆی باکوری زەوییە، (٤٥١)مەتریش لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.

بانی تاڵەبانی گەورە بەدووەم بان دادەنرێت لەڕووی فراوانی ڕوبەرەکەیەوە لەدوای بانی ئیلنجاغی گەورە لەسنوری ناحیەی تەقتەق، کەزەوییەکانی پشتاوە و پشت بەئاوی باران دەبەستێت و لەدیارترین پارچە زەوییە پشتاوەکانی(پشت ڕێ، سۆفی سمایل، ناوڕیان، تارین، قەبری چاوشین، چاراو، مانگە پێشکە، حەگوس، سولاوك، عەلیەڕەش، لیمۆیین، بانی ئەسحابە، گۆرقەرەج، بەراوان، گوڵەباغە، زێڵاوان، شیوەبازی، پانکی سماق، گردی باوەمەرە، کاولەخانیان، قەراتەسۆران، پەرۆشەدارین)، هەروەها کەمێکیش زەوی بەراوی هەبووە وەك(دۆڵی سولاوك، کەندی گوڵەباغە، بەراوان)وە گردی قەراتەسۆرانیش بەرزترین گردی سنوری گوندی تاڵەبانی گەورەیە.

لەسنوری تاڵەبانی گەورە چەندین پارچە زەوی هەن کە بەوە دەچێت شوێنی شوێنەواری بن وەك(خرابەی حاجی شێمحەمەد، خرابەی حاجی عەزیز، کاولان)، جگە لەگۆڕستانی حەگوس کەمردوی لێ دەنێژن چەند گۆڕستانێکیتر لەتاڵەبانی گەورە هەیە وەك گۆڕستانەکانی(کاولەخانیان، ئەسحابە، سولاوك)، هەروەها سێ چاکیش لەو گوندە بوونیان هەیە وەك چاکی کاولەخانیان، کەخەڵکی بۆ نەخۆشی باداری سەردانیانکردووە، ئەسحابەش بەردێك دەبرا بۆکانی پشت ئەسحابە بۆئەوەی باران ببارێت، قەبری چاوشینیش کە ئێستا شوێنەکەی بووە بە بەنزینخانەی(برایان ومزگەوتی حاجی عوسمان) یەکێك لەچاکەکانی ئەو گوندە بووە لەڕابردوو.

## پێکهاتەی دانیشتوانی گوندی تاڵەبانی گەورە

تاڵەبانی گەورە لەنەوەی پێنج تیرەی سەرەکی پێکهاتوون ئەوانیش(پالأنی، سیان، خۆشناو، بەرزنجی و باجەلان)ن، مێژوی هاتنی پالأنیەکان بۆ تاڵەبانی گەورە زانراو نیە، بەلاّم بەیەکێك لەکۆنترین گوندەکانی ئەم ناوچەیە دادەنرێت کەژیانی تێدابووە،

لەئاقاری(خانیان)یان(کاولە خانیان)، بەرامبەر ئاقاری(بیان)ی ئیلنجاغی گەورە، کە ئەوکات(بیان)یش گوند بووەو پالآنیەکانی ئیلنجاغی گەورە خاوەنی بوون، زۆربەی زەوی وزارەکانی تاڵەبانی گەورە موڵکی پالآنیەکان بووە، ئەمەش بەڵگەیە کە کۆنترین وپێشینەترین خەڵکی تاڵەبانن، بەتایبەت زۆربەی زەوییەکانی بەناوی(ئەحمەد عەبدولقادر)ەوە بووە، هەتا ئەم دواییانەش تاپۆکەی لەلای کچەکەی بوو بەناوی(مهری)، ئەو ئەحمەدەش بە(ئەحمەد سەلك) ناسراوبوو، پێدەچێت خوشك وبراکانی بەهۆی گرانی وکارەساتەوە لەدەست دابێت، بەلآم کەس وکاری لە پالآنیەکانیتر وەچەیان لەو گوندە ماوە.

دوای ئەمانە بەرەی فەتاح دێن کە هەندێك پێیان وایە لەسەر سنوری ئێرانەوە هاتوون، هەندێکیش پێیان وایە لەتیرەی سیانن، سۆفیەمەریشیان پێدەوترێت کە لەسۆفی عومەرەوە هاتووە، دیارترینی ئەو خانەوادەیە(کێخوا شەریفی کوری فەتاح)ە،کە نەوەی کچێکی مام ئەبابەکری خۆشناوان بووە بەناوی(خانم).

خۆشناوەکان، دوای بەرەی فەتاح دێن وزۆرینەی دانیشتوانی گوندەکە پێکدێنن نەوەك لەبەرئەوەی پێشینەن، بەڵکو بەهۆی کەوتنەوەی وەچەی زۆرەوەیە، ئەم خۆشناوانە لەبنەچە خۆیان بۆ(ئاغاکان)ی ئەسپیندارەی شەقلاوە دەگەڕێننەوە، دەڵێن خزمی بنەماڵەکانی(حەمید ئاغا وجەبار ئاغاوشێمحەمەد ئاغا)ی ئەسپیندارەن، وە دەشڵێن خزمایەتیشیان لەگەڵ خانەوادەکانی(مام عەلائەدین وعەبدولحەمید وحاجی فایەق)هەیە لەشاری کۆیە.

خۆشناوەکان لەهەرسێ کوڕی(سلێمان ئاغای بایزی کوڕی مستەفای خۆشناوان)ن، بەناوەکانی(ئەبابەکر وحەمادی ومامۆك)، هەرچەندە بیروبۆچونێکیش بۆ کوری سێیەم(مامۆك)هەیە کە شوانکارەیان بوبێت، بەلآم وەك برایان ئەژماریانکردووە، لەدیارترین هەڵکەوتوانی بەرەی خۆشناوان لە گوندی تاڵەبانی گەورە(ئەبابەکری





سلێمان ئاغا وسمایل شەنگەی ئەحمەد عەوڵلای حەمادی وباوەکر رەشید ئەحمەد ئەبابەکر وعەبدوڵلا تەیب ئەحمەد ئەبابەکر(حاجی عەولآ).

دوای پالآنی وسیان وخۆشناوەکان تیرەی سەیدانی بەرزنجە هاتوون کە دکتۆر جەمال باجەلان پێی وایە لەموسڵەوە هاتوون و هەندێکیش دەڵێن لەسەیدەکانی بەرزنجەی سلێمانین، باپیرەیان(سەید محەمەد) هاتووە، کەسێ کوڕی بەناوەکانی(نەجمەدین وعەلی وشێخ جەلال) هەبووە، ئەو سەید محەمەدە پیاوێکی ناوداروخواناس بووە گۆڕەکەشی بووە بەنەزرگە.

باجەلانیەکان، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەمەوە لەگوندی قامیشەی دۆڵی خەلەکانەوە هاتوون، باپیرەیان ناوی(مەلا حەمەدەمینی مەلا پیرۆت)بووە، بووە بەمەلای تاڵەبانی گەورە، سێ کوڕی بەناوەکانی(حەمەد وحەمەشەریف و فەقێ ڕەسوڵ)هەبووە، مەلا حەمەدەمین دوای خۆی کتێبخانەیەکی باشی بەجێهێشتوە، دکتۆرجەمالی محەمەدی فەقێ رەسوڵ دەڵێت ماڵی مەلا ئەفەندی هەولێر هاتوون کتێبخانەکەیان کڕیووە، دوای مەلا حەمەدەمین، مەلا محەمەدی فەقێ ڕەسوڵی نەوەی مەلایەکی دیاری گوندی تاڵەبانی گەورە بووە.

لەساڵی ٢٠١٣ژمارەی خێزانەکانی گوندی تاڵەبانی گەورە(٨)خێزان و(٣٥)سەرخێزان بووە، لەخوێندنی ساڵی ١٩٧٣-١٩٧٤ قوتابخانەی لێکراوەتەوە ویەکەم بەرێوەبەری قوتابخانەکەش ناوی(ئازاد عومەر مەحمود کۆیی)بووە، وە لە دیارترین کێخواکانیان(کێخوا شەریف کوڕی فەتاح-سۆفیەمەر-، ئیسماعیل ئەحمەد شەنگەی کوڕی عەولآی حەمادی، مام باوەکری ئەبابەکر، حاجی عەولآی تەیبی ئەبابەکر)، وە لەکەسایەتیە کوردەواری وجوتیارییەکانیان(حاجی ساڵحی ئۆمەری ئەبابەکر و حەمەد برایم بایز مامۆك وسەید محەمەد سەید عەبدولرەحمان بەرزنجی

وئەحمەد مەلا حەمەدەمینی پیرۆت وعەلی سمایل میکائیل پاڵانی وحەمەزیادی سمایلەکەری پاڵانی).

لەگرنگترین کارە خزمەتگوزارییەکانی گوندی تاڵەبانی گەورە(قوتابخانە وپرۆژەی ئاوی خواردنەوە و ڕێگای تێکەڵە ڕێژ)ە.

## ڕووخان وکاوڵکارییەکانی تاڵەبانی گەورە

بەحوکمی ئەوەی ئەو گوندە لە ڕێگای تەقتەق-کۆیە نزیك بووە بۆیە بەدرێژایی مێژوو چەندین جار حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق پەلاماری ئەو گوندەیان داوە و دووچاری زیانی گیانی و مادی هاتۆتەوە وەك:

یەکەم: لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٥چەندین جار خەڵکی ئاوایی تاڵەبانی گەورە ئاوارەی گوندەکانی دەوروبەریان بوون بۆ گوندەکانی(ئیلنجاغی گەورە، ئۆمەرگومبەت، شیوەجانی، تەکەڵتوو، شیواشۆك)، جگە لەسوتان وتاڵانکردن وڕووخانی خانوەکانیان، لە٨/٤/١٩٦٥دا شەهیدیشیان داوە بەناوی(ئەبوبەکر ساڵح ئۆمەر) ناسراو بە(کاکەحەمە).

دووەم: لە١٠/٢/١٩٧٧ لەدۆڵی خەلەکان بەهۆی کەوتنە نێو شەڕی هێزی پێشمەرگەو جاش وجەیشەوە، ٣لە خزمانی تاڵەبانی گەورە بەناوەکانی( عەزیز حەمەد شەریف و ئامینە شەریف فەتاح ومەولود ئەسعەد نەبی) شەهید دەکرێن، دواتر هەر لەبەدواداچونی ئەو شەهیدانە لەشیوی لولەی تاڵەبانی گەورە(کاکەشین حوسێن عەزیز)شەهید دەکرێت، و هەریەك لە(ئۆمەر ساڵح حەمەد وحەمەد ئەسعەد نەبی و حاجی عوسمان باوەکر) دەگیرێن و دەبرێنە سەربازگەی قەڵاتەی تەقتەق دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر ئازاد دەکرێن، بەڵام ئەو ئازارو ئەشکەنجەیە بووە مایەی نەخۆش کەوتنی(حەمەد ئەسعەد نەبی) تا لەکۆتاییشدا ئەو لێدانە کاریگەری لەسەری هەرمابوو.





سێیەم: لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی عێراق-ئێران لەساڵی ١٩٨٠، بەبیانوی نەوتی تەقتەقەوە ٩گوندی باکوری خۆرئاوای تەقتەق دووچاری ڕاگواستن کران وتاڵەبانی گەورە یەکێك بوو لەو گوندانە.

چوارەم: ئەنفالی ١٩٨٨وەك سەراپای گوندەکانی هەرێمی کوردستان دۆڵ بەدۆڵی سوتێنراو وتەختکرا.

## کەسایەتیەکانی گوندی تاڵەبانی گەورە

## کاکە حەمە(١٩٣٠-١٩٦٥)

ناوی تەواوی(ئەبوبەکری حاجی ساڵحی ئۆمەری ئەبابەکر)ە، لەدایکبوی(١٩٣٠)ی تاڵەبانی گەورەیە، مرۆڤێکی خێرخواز وکوردپەروەر بووە، لەڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لێپرسراوی تاڵەبانی گەورەبووە، لەڕۆژی ٨-٤-١٩٦٥لەخۆرئاوای گوندی تاڵەبانی گەورە لەگەڵ(ڕەحمانی بایزی ئیلنجاغی گەورە وعەباسی کێخوا شەریف وحەمەلاوی مەولودی مامۆك وکێخوا باوەکری تاڵەبان) لەلایەن تیپی دووی سەربازی عێراقی کەرکوك، دەستگیر دەکرێت و دەبرێتە(شیوی لولە) لە هاوڕێکانی جیادەکرێتەوە و بەفەرمانی(ئیبراهیم فەیسەڵ ئەلتاری) گوللەباران دەکرێ و شەهید دەکرێت، چۆنیەتی شەهیدکردنەکەشی بەو شێوەیەی لای خوارەوەیە:

هێزێکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بەسەرپەرشتی(ملازم تاریق) لەسەر ڕێگەی سەرەکی تەقتەق-کۆیە، لەلای شیوی لولەی تاڵەبانی گەورە لە٨-٤-١٩٦٥ لەبۆسەیەکدا هەندێك سەربازی حکومەتی عێراقی دەکوژن، بۆ پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ هێزێکی سوپای عێراقی لەفرقەی ٢ی عەسکەری کەرکوکەوە بە فەرماندەیی(ئیبراهیم فەیسەڵ ئەلتاری)، دێنە گوندی تاڵەبان و خەڵکی گوندەکە ئاوارەی گوندی ئیلنجاغی گەورەو شیواشۆك دەبن، لەخۆرئاوای تاڵەبان کاکەحەمەو هاوڕێکانی دەستگیردەکرێن، کە هەمویان جل وبەرگی مەدەنیان لەبەر بووە، بەڵام مخابن

کاتێك کاکەحەمە قۆپچەی کراسەکەی دەکاتەوە لەبیری چووە خەریتەی فیشەکەکانی فڕێبدات، بۆیە ئەو هێزەی سوپای عێراق کاکە حەمە جیادەکەنەوە ودەیبەنە(شیوی لولە) لەجێگەی سەربازە کوژراوەکان گوللەبارانی دەکەن و ڕووفاتەکەی لەوێ بەجێدەهێڵن، و هاوڕێکانیشی بەقۆڵبەستراوی دەبەنە کەرکوك وپاشماوەیەك ئازاد دەکرێن.

## مەلا محەمەد فەقێ ڕەسوڵ(١٩٢٩-١٩٩١)

ناوی تەواوی محەمەد فەقێ ڕەسول مەلا حەمەدەمین مەلا پیرۆتە، ساڵی ١٩٢٩لەگوندی تاڵەبانی گەورە لەدایکبووە، لەمناڵیەوە چۆتە بەرخوێندنی ئاینی لەگوندەکەیان لای مەلا(محەمەد ڕەمەزان قەرەناوی) خوێندویەتی، دواتر لە گەرمکی تەقتەق و تەقتەق لەلای مەلا(عومەرقەرەناوی) درێژەی بەخوێندن داوە.

هەر بۆخوێندن دەچێتە مزگەوتی(مەلا عومەر) لەکۆیە، کە ئێستا بەمزگەوتی(مەلامەعسوم هەورامی) ناودەبرێت، لەوێشەوە دەچێتە مزگەوتی (بایزئاغا) دەبێتە خوێندکاری(مەلا محەمەدی مەلا بەهائەدین کۆیی)، پاش ماوەیەك دەچێتە مزگەوتی(مەحمودئاغا) لەلای(مەلا ئیبراهیم)دەخوێنێت.

پاش سەفەری خوێندنی لەساڵی ١٩٥٠ دەگەڕێتەوە گوندی تاڵەبانی گەورەو لەلای(مەلا محەمەد ئۆمەرمامیل ئۆمەرگومبەتی)کە مەلای ئەوکاتی گوندی تاڵەبان بووە دەست دەکاتەوە بەخوێندن، لەساڵی١٩٥٣-١٩٥٤مەلا محەمەدی ئۆمەرمامیلی ئۆمەرگومبەتی تاڵەبان بەجێدێلێت، لەشوێنەکەی ئەو دەبێتە مەلای گوندی تاڵەبانی گەورە تاساڵی١٩٨٠، دوای ڕاگواستنی تاڵەبانی گەورە لەوساڵەوە دەچێتە ناحیەی تەقتەق، لەمزگەوتی کۆنی تەقتەق درێژە بەکاری مەلایەتی دەدات، تا لە بڕیاری گواستنەوەو ڕووخانی تەقتەق ساڵی ١٩٨٧، دەگوازرێتەوە بۆ شاری(تکریت) و لەمزگەوتی(عەبدولڵا بن مەعتەم) ئەو سەحابییەی کە شاری تکریتی لەفتوحاتی





ئیسلامی فەتحکردووە، دەبێتە(پێش نوێژ-ئیمام)، دواجار لە١٧-٩-١٩٩١بۆیەکجارەکی لەتەمەنی ٧٢ساڵیدا ماڵئاوایی دەکات و لەگۆڕستانی گوندی تاڵەبانی گەورە بەخاك دەسپێردرێت.

## نامیق تاڵەبانی(١٩٥٤-١٩٧٧)

ناوی تەواوی نامیق کوڕی کەریم کوڕی سمایلی بەرەی مامۆکی خۆشناوانە، ساڵی ١٩٥٤لەگوندی تاڵەبانی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لەتەمەنی ١٤ساڵیدا ساڵی ١٩٦٨پەیوەندی بەباڵی مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٦٩ لەدۆڵی خەلەکان دەستگیردەکرێت و بۆماوەی یەك ساڵ لەگرتوخانەی(ڕایەت وخەلان) زیندانی دەکرێت.

ساڵی ١٩٧١پەیوەندی بەئەلقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، سێیەمین کەسی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بووە لەشاری کۆیە لەدوای(شەهید جەعفەر عەبدولواحید وشەهید حەمیدی کەریم شانە)، ساڵی ١٩٧٤لەشۆڕشی ئەیلول لەشەڕێکدا لەچیای(کێوەڕەش) برینداربووە، ساڵی ١٩٧٦لەشۆڕشی نوێدا بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە بەپێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش، لە١٢-١٢-١٩٧٧لەشەڕێکی نابەرامبەر لەگەڵ ڕژێمی بەعس لەگوندی(کانی سور)ی بناری چیای کەڵکەسماق، دەچێتە کاروانی پڕسەروەری شەهیدانەوە.

## فریاد قەسرۆکی(١٩٦٣-٢٠٠٣)

ناوی تەواوی سەمەد محەمەد ئیسماعیلە لەنەوەی پالآنیەکانی تاڵەبانی گەورەیە ناسراوبووە بە(فریاد قەسرۆکی)، ساڵی ١٩٦٣لەگوندی تاڵەبانی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، قۆناغی مناڵی و خوێندنی سەرەتایی لە تاڵەبان تەواوکردووە، دواتر بۆ بژێوی ژیانیان ڕوویانکردۆتە گوندی(قەسرۆك)ی ناحیەی ئاغجەلەر لەشێخ بزێنی سەروودا، ئەو نازناوەشی لەمەوە بەدواکەوتووە، ساڵی ١٩٧٩پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی یەکێتی

نیشتمانی کوردستانەوە کردووە و ساڵی ١٩٨١لەهەرێمی دوو دەبێتە پێشمەرگە، پلەکانی پێشمەرگایەتی تا جێگری تیپ بڕیووە، تا ساڵی ١٩٨٨بەشداری دەیان چالاکی پێشمەرگانەی کردووە، دواتر ڕوویکردۆتە وولاّتی ئێران و لەشاری نەغەدە نیشتەجێبووە تا ڕاپەڕینی ١٩٩١و بەشداری ڕاپەڕینی کردووە و دوای ڕاپەڕینیش چەندین پلەی لێپرسراوێتی بینیووە وەك(جێگر فەرماندەی ٣٧ی خاڵخالاّن وفەرماندەی ٦١ی شێخ بزێنی ولەخولّی ئەفسەراندا پلەی رائیدی وەرگرتووە)، دوای ٢٤ساڵ خەبات لەشەرێکی نەخوازراوی ناوەخۆ لە٢٨-٣-٢٠٠٣ لەناوچەی تەوێلەوبیارە دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە.

## حەمەزیاد سوارە(١٩٥١-١٩٨٣)

ناوی تەواوی(حەمەزیاد سوارە، ساڵی ١٩٥١لەگوندی تاڵەبانی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە، ساڵی ١٩٧٦لەگەڵ شەهید نامیق تاڵەبانی پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، ساڵی ١٩٨١دەچێتە گوندی ئۆمەرگومبەتەوە بەهۆی ئاشکرابونی لەڕێکخستنەکانەوە یەکسەر پەیوەندی دەکات بەکەرتی ٢ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و دەبێتە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە٢٣-٢-١٩٨٣لەگوندی(سماقە) ناحیەی شۆڕش(دێگەڵە) لەشەڕی ناوەخۆ دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە.





## گوندی ئیلنجاغی گەورە

## ناوی ئیلنجاغ لەچیەوە هاتووە؟

ئیلنجاغ لە(ئیلنچاغ)ی تورکیەوە هاتووە بەتورکی واتە(انسانلر کوچرلر)، لەکوردیشدا واتە(خەڵکی ڕەوەند وکۆچەری)، گۆتەیەکیش لە وراتی کۆیە ئەوە پشت ڕاستدەکاتەوە کە دەڵێت: (بۆ مەڕ لەوەڕاندن لەکوێستانان گەدەوبانەسەر، لەگەرمیانان ئیلنجاغ و داربەسەر)، دیارە مەڕ لەوەڕێنیش ڕەوەندوکۆچەر بووە بەگوێرەی وەرزەکانی ساڵ بۆ پەیداکردنی لەوەڕگا بۆ مەڕوماڵاتەکانیان، لە حەیرانی کوردەواریش ناوی بە(ئیلنجاغی شێخانان)هاتووە ولەشۆڕشی نوێشدا نازناوی(ئیلنجاغی شەهیدان)ی پێدراوە و لەڕووی تیرەگەریشەوە دەوترێت(ئیلنجاغی بن داسنیان).[٩]

## سنوری گوندی ئیلنجاغی گەورە

بەدووری(٩)کیلۆمەتر لەباکوری خۆرئاوای تەقتەق هەڵکەوتووە، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(ئیلنجاغی گچکە و تاڵەبانی گەورە لەخۆرهەلاّت) و(سماقە لەخۆرئاوا) و(ئۆمەرگومبەت لەباشور) و(داربەسەری گچکە و شیواشۆك لەباکور)، کەوتۆتە نێو

[٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم بەرێزانەی خوارەوە کراوە:

١-عەزیز فەتحوڵلا کاوێس(مەلا عەزیز)، لەدایکبوی ١٩٣٩ی ئیلنجاغی گەورە، لە٢٣-١٢-٢٠١٢، هاولاّتی.

٢-ڕەشید حاجی ساڵح مستەفا، لەدایکبوی ١٩٣٩ی ئیلنجاغی گەورە، لە٢٥-١٢-٢٠١٢، هاولاّتی.

٣-سەبری حەسەن محێدین، لەدایکبوی ١٩٦٠ی ئیلنجاغی گەورە، لە١٥-٣-٢٠١٣، هاولاّتی.

٤-ئەنوەر نادر خزر، لەدایکبوی ١٩٣٨ی ئیلنجاغی گەورە، لە١٨-٣-٢٠١٣، هاولاّتی.

٥-نوری عەبدوڵلا فەتحوڵلا، لەدایکبوی ١٩٥٠ی ئیلنجاغی گەورە، لە١٨-٣-٢٠١٣، هاولاّتی.

٦-عومەر عەبدوڵلا ئۆمەر، لەدایکبوی ١٩٤٥ی ئیلنجاغی گەورە، لە٢٤-٣-٢٠١٣، هاولاّتی.

٧- مەولود فەتاح، لەدایکبوی ١٩٥١ی ئیلنجاغی گەورە، لە١٨-٣-٢٠١٣، هاولاّتی

٨-لوقمان تەها قادر، لەدایکبوی ١٩٦٦ی ئیلنجاغی گەورە، لە١-١-٢٠١٤، هاولاّتی.

٩-عوسمان عەبدوڵلا قادر بانیمارانی، لەدایکبوی ١٩٥٤ی ئیلنجاغی گەورە، لە٧-٣-٢٠١٤، کەسایەتی.

هێڵی درێژی(٤٤,٣٠-٤٤,٥٠)ی خۆرهەڵات و نێو بازنەی پانی(٣٥,٥٧-٣٥,٩٧)ی باکوری گۆی زەوی، لەئاستی ڕووی دەریاوە ٣٩٤مەتر بەرزە دەکاتە(١٢٩٣)پێ.

کەرتێکی کشتوکاڵی ژمارە(٣٠)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، تێکڕای ڕووبەرەکەی(٩٨٢٢)دۆنمە ،(٣٧٦٧)دۆنمی پاوان و لەوەڕگایە ،(٣٠٧٤)دۆنمی پشتاو ودێمەکارە ،(١٢٧٩)دۆنمی بەراوە ،(٧٠٣)دۆنمیشی حەرەمی گوندەکەیە، لەگرنگترین پارچە زەوییە پشتاوەکانی(سەر کفرەدۆڵ، پسیلان، زێڕین دۆڵ، هێسترباوی، بیان، زێڵاو، برفەت، تاقی پاوانێ، بانی گەورە، دۆرە زێڕینە، قوچەك، باریکە، چیاگەڕ، مام ڕەجەبە، سندیدار، شەکرۆکین، چوارجوتیار، غەران، مەحمەسمایلان، دووشاخۆکە، زیواندارە، ڕەشماڵۆکان، یارەولی، کونە باشوکە، زەنگە، گەرماوە)، زەوییە بەراوە دیارەکانی(دایماوێ، کفرەدۆڵ، کۆردەرە، گۆمی دوکانێ، خدرحاجیان)، لەسنوری ئەو گوندە چەند شوێنێکی خرابگەو شوێنەواری هەیە وەك(گردی جەلالی و دایماوێ و زێڵاوێ)، جگە لە گۆڕستانی کلکەی قەبران و گۆڕستانی حەمەدی ڕەسوڵی یارەوری کە ئەمڕۆ مردووی لێ دەنێژن، چەند گۆڕستانێکیتریش لەسنوری ئەو گوندە هەیە وەك(گۆڕستانی کرۆسکین، قەبرۆکەی ئەلیاسی، گۆڕستانی بیان، گۆڕستانی دایماوێ، گۆڕستانی شێمحەمەد)، وە دوو چاکیش لەسنورەکەی هەیە، چاکی (دەرماناو) خەڵکی بۆ نەخۆشی باداری چوینەسەری و چاکی (غەری شێمحێدین)یش بۆ نەخۆشی لەرزوتا سەردانیانکردووە.

سنوری ئەو گوندە لەباشورورۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەردوو ڕووبارۆچکەی وەرزی(ڕوباری کۆیە و ڕووباری داربەسەر)ی پێدا گوزەر دەکات و لەباکوریشیەوە بیرە نەوتەکانی گێڵگەی نەوتی تەقتەق(شەریکەیە) کە بیرە نەوتەکانی(چوارجۆتیارو گەرماوە وڕەشماڵۆکان)ی تێدایە، تا ئێستا(٤)بیرە نەوت لەسنوری ئەو گوندەی لێدراوە، گەنمی بانیەکەی زێڕی زەردەو نەوتی چوارجۆتیاریشی زێڕی ڕەشە.





## پێکهاتەی دانیشتوانی ئیلنجاغی گەورە

لەڕووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە زۆربەی دانیشتوانەکەی لە هۆزی(شێخان)ن و کەمێکیش لە هۆزی(پالانی)ی تێدایە ،کەکاتی خۆی دوای چۆڵکردنی گوندی(بیان) هاتونەتە ئیلنجاغی گەورەو لەگەڵ شێخانەکان بەیەکەوە وەك برایان ژیاون، هەروەها خانەوادەیەکی(خۆشناو)ی تێدایە، لەبنەچەوە لەگوندی(دەراشە)وە هاتوون، هەر تیرەیەکیتر لەو گوندە هەبێت لەنێو شێخانەکان تواوەتەوەو ئەمڕۆ خۆیان بەشێخان ئەژماردەکەن.

شێخانەکانیش بن داسنین و لەبنەچەوە لەبناری چیای(داسن)ەوە هاتوون، کە ئێستا عەرەبەکان ناوی ئەو شاخەیان گۆڕیوە لە(داسن)ەوە بۆ(مەقلوب)واتە هەڵگەڕاوە چونکە تاکە شاخە لەو سنورە ئاڕاستەی بەرەو قیبلەوە نەبووە، تائێستا توێژینەوەیەکی تێروپڕ لەسەر هاتنیان بۆ کۆیە و ڕۆژئاوای وراتی کۆیە لەبەردەست نیە.

لەساڵی ٢٠١٣ژمارەی خێزانەکانی ١٤٢خێزان و٧٥٠سەرخێزان بووە، لەساڵی خوێندنی(١٩٤٨-١٩٤٩)قوتابخانەی لێکراوەتەوە، یەکەم بەڕێوەبەری(عەبدولرەحمان پەتیار کۆیی)بووە، لەدیارترین کەسایەتی کوردەواری و جوتیارییان(کێخوا وەسمان یوسف وحاجی عەلی حەمەد مەلاك وکاوێس مەلاك وەتمان ودەروێش خدر وعەلی مەحمود و ڕەئوف حاجی مەلا وعەوڵلای مام ڕەسوڵی وڕەسوڵ حەمەد عەوڵلا وحەمەد ڕەسوڵ حەمەد وقادری ئەحمە مەرزی وقادری نەجیمی وفەقێ عەبدوڵلا ووسوی مام جەمەی و حەمەلاو)ە.

هەروەها لەدیارترین کێخواکانیان(کێخوا حاجی خدری مەلاك وکێخوا بایزکاوێس مەلاك وکێخوا قادری جەمە وکێخوا وسوی ئەلیاس وکێخوا وسوی جەمە وکێخوا نادری خدری ئەلیاس وکێخوا فەتاح قادر حەمەلاو وکێخوا سالح مستەفای ئەلیاس و کێخوا خورشید عوبێد حەمەلاو).

لەدیارترین کارە خزمەتگوزارییەکانی(ڕێگای قیرتاو وکارەبای نیشتمانی و مزگەوت و هۆلی پرسە و بنکەی تەندروستی و قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی و پرۆژەی ئاوی خواردنەوە).

## ڕوخان و کاولکارییەکانی ئیلنجاغی گەورە

ئەو گوندە لەسنوری ناحیەی تەقتەق زۆرترین جار دووچاری سوتان وکاولکاری و پەلاماری بەعس و شەڕی ناوەخۆیی هێزەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان هاتۆتەوە، وا لەخوارەوە هەندێك لەو داستان وڕووبەڕووبونەوانەی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەخەمەڕوو:

یەکەم: لەمانگی ئایاری ١٩٦٣ لە پەلاماری حەرەس قەومی(پاسەوانی کۆماری)، سێ هاولاتی گوندەکە دەستگیرکران بەناوەکانی(عەبدولرەحمان بایز کاوێس وسەلیم قادر نەجیم و خالید وسو ئۆمەر)بۆماوەی ١١مانگ و١١ڕۆژ لەگرتوخانەی (نوگرەسەلمان) زیندانی کران.

دووەم: لەمانگی حوزەیرانی ١٩٦٣بەبۆردومانی فڕۆکە بۆسەر ئاوایی ئیلنجاغی گەورە، هاولاتیەك بەناوی(زولێخا محێدین حەسەن) شەهید بووە لەگەڵ برینداربوونی(٣)هاولاتیتر بەناوەکانی(مام قادری کوڕەبۆر و سەکینە عەبدوڵلا قادر و عوسمان عەبدوڵلا قادر(عوسمان بانیمارانی)، کە دواتر بەهۆی ئەو برینەوە مام قادری باپیری عوسمان بانیمارانی شەهید بوو.

سێیەم: لە٨-٤-١٩٦٥لەڕۆژهەلاتی ئیلنجاغی گەورە سوپای عێراق لەسنوری گوندی تالەبانی گەورە هاولاتی(عەبدولرەحمان بایز کاوێس) دەستگیر دەکەن وبۆماوەی ١٢ڕۆژ لە سەربازگەی قەلاتەی تەقتەق و لەوێشەوە بۆ کەرکوك زیندانی دەکەن.

چوارەم: لەپایزی ساڵی ١٩٦٦دووچاری بۆردومانی فڕۆکەو پەلاماری جاش وجەیش هاتووە هەرچەندە زیانی گیانی لێنەکەوتۆتەوە بەلام لەڕووباری داربەسەری لەنێوان





ئیلنجاغی گەورە وئۆمەرگومبەت، ٥٠ڕەشەولاخی ئاوایی بەر بۆردومانی فڕۆکە کەوت هەموویانی کوشتووە، لەو پەلامارەدا بەشێکی زۆری گوندەکە سوتاوەو هێزی پێشمەرگەش لەدوژمن هاتۆتە دەست و یەکێك لەجاش وجەیش دەکوژرێت و چەند پێشمەرگەیەکیش برینداربوون.

پێنجەم: لەمانگی شوباتی ١٩٦٩، هێزێك بەسەرپەرشتی(عەبدولستار تاهیر شەریف)، قایمقامی ئەوکاتی کۆیە لەگوندی(گۆپتەپە)ەوە دێنە ئیلنجاغی گەورە و شەڕ لەنێوان(پارتی و باڵی مەکتەب سیاسی)ڕوویدا، ماڵی حەمەدی ڕەسوڵی بەئارپێچی باڵی مەکتەب سیاسی سوتێنراو، ٨پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بریندار بوو و دوای کۆنترۆلکردنی گوندەکە لەلایەن هێزەکانی باڵی مەکتەب سیاسی یەکێك لە هێزەکەی عەبدولستار تاهیر شەریفیش کوژرا.

شەشەم: دوای دەستپێکردنی شەڕی عێراق-ئێران لە٢٢-٩-١٩٨٠، فەرمانی چۆڵکردنی گوندەکانی سنوری کێڵگەی نەوتی تەقتەق لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەرکرا، بەبیانوی بونی نەوتەوە، دوا مۆڵەتیش بۆ چۆڵکردنی ٢٤-١١-١٩٨٠بوو.

حەوتەم: لەمانگی حوزەیرانی١٩٨٥، لەشەڕێکی نەخوازراوی براکوژی لەبەرواری ٥-٦-١٩٨٥لەناو گوندی ئیلنجاغی گەورە هێزێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هێزێکی حزبی شیوعی ڕووبەڕووبونەوە، لەئەنجامدا هێزەکەی حزبی شیوعی تێکشکا و ٤پێشمەرگەیان شەهید بوون بەم ناوانە(مام کاوێس، کاوە، ئەبوسەعید، عەبدولا فەقێ)، هەروەها(هیدایەت حاجی خدر)یشیان لێ برینداربوو.

هەشتەم: داستانی ئۆکتۆبەری ١٩٨٦، لە٢٢-١٠-١٩٨٦ هێزەکانی ڕژێمی بەعس لەجاش وجەیش و تانك ودەبابە بەپشتیوانی فڕۆکە جەنگیەکان لەدوو قۆڵەوە پەلاماری گوندی ئیلنجاغی گەورەی دا لە قۆڵی تەقتەق و قۆڵی داربەسەرەوە، بەر لەهاتنی ئەو ئۆپەراسیۆنەی بەعس بەنیو کاتژمێر زووتر هێزێکی تیپی(٨٦ی دەشتی هەولێر)ی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسەرپەرشتی(دەشتی موهەندیس) گەیشتبوونە ناو گوندەکە، شەڕ لەنێوان ئەو دوو هێزە ڕوویدا لەنێوان کاتژمێر٩-١٠ی بەیانی ئەو ڕۆژە، هەریەك لە(سەلاح شینە و ئەحمەد کوردە و شەهید خالە یوسف ونەسروڵلا عەلی) بەگوێرەی بەرەی شەڕەکە فەرماندەیی شەڕەکەیان دەکرد، گوشاد عەبدولرەحمان بایز وەك برینپێچ بەشداری شەڕەکەی کردووە و ١١پێشمەرگەی برینداری برینپێچی بۆکردووە، جگە لەپێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر چەند پێشمەرگەیەکی گوندی ئیلنجاغیش لەو شەڕە بەشدار دەبن لەوانە(عوزێر حوسێن ئۆمەرلەو شەڕە شەهید بوو، شوکراللە حەمەدەمین ئۆمەر-بریندار بوو، نەسروڵلا عەلی، محەمەد ئەحمەد چاوشین، مامۆستا کاوە ئەنوەر نادر)، هەروەها کوڕێکی منداڵیش بەناوی(هەوراز ئازاد سمایل) شەهید بوو لەگەڵ برینداربوونی(ئایشەنامیق حەمەدەمین وحاجی ساڵح مستەفا و پورە زەوە)، لەدەمەوئێوارە هێزەکانی دوژمن دوای شەهیدکردنی کۆمەڵێك پێشمەرگەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، گوندەکە کۆنترۆل دەکەن و ژن ومنداڵێکی زۆریش دەستگیر دەکەن کەژمارەیان ٢٧ ژن ومنداڵبوون بۆماوەی یەك مانگ لەگرتووخانەی محەتەی هەولێر زیندانی کران و دواتر ئازاد کران، ئەو داستانە بەیەکێك لەسەروەرییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پێشمەرگەکانی هێزی بەرگری کوڕانی ئیلنجاغی گەورە ئەژمار دەکرێت.

نۆیەم: داستانی نیسانی ١٩٨٧، لە٢٦-٤-١٩٨٧هێزێکی تایبەتی ڕژێمی بەعس بۆ ڕووخاندنی گوندی ئیلنجاغی گەورە لە٢فەوجی جاش ویەك مەفرەزە خاسە وعەقید محەمەد جبوری سەربازگەی قەلاتەی تەقتەق پێکهاتبوون، سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە هاتنە گوندەکەو بەبڵدۆزەرێك و ٤شۆفڵەوە لە(کلکەی قەبران)ەوە تا کۆتایی ئاوایی (سەرچاران) دەستیانکرد بەخاپورکردنی گوندەکە.





هێزێکی پێشمەرگەی حزبی شیوعی کە لەپێکهاتەی لقی گەرمیان بەسەرپەرشتی مام جوامێر و لقی کۆیە بەسەرپەرشتی شەهید حاجی بەختیارمەرزانی پێکهاتبوون، بەو شێوەیە بۆسەیان بۆ ئەو هێزە ڕووخێنەرە دانایەوە:

بۆسەی یەکەم: لە ناو گوندەکەوە تا زیواندارە بۆسەیەك بەسەرپەرشتی شەهید حاجی بەختیار لەلقی کۆیە.

بۆسەی دووەم: لە باوەمەرەی نێوان ئیلنجاغی گەورە وتاڵەبانی گەورە بەسەرپەرشتی مام جوامێر لەلقی گەرمیان.

لەناوگوندەوە: کۆمەڵێك لە هێزی بەرگری وپێشمەرگە بەشداربوون لەوانە(جەلال ئیلنجاغی و محەمەد چاوشین وسوارە وسو جومعە وموحسین ڕەئوف عوسمان وکاکل مەحمود کانەبی وحەسەن تەها قادر و عەزیز مەلا عومەر و کاوە ئەنوەر نادر).

لەکاتژمێر ٣:٢٠ سێ وبیست دەقیقەی دوای نیوەڕۆ لەناو گوندییەوە تەقە دەستپێکرد، زیاتر لە١٤ئۆتۆمبیل و٤شۆفڵ وبلدۆزەر، کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە، ٦سەرباز و٧جاشیش کوژران، ئەو داستانەش بەخوێنی گەشی شەهید(عەبدولموتەلیب حەمە عەلی ئیلنجاغی) ناسراو بە(هەنگاو) لەقوڵی باوەمەرە تۆمارکرا، هەروەها(سەرکەوتە ڕەش) کەپێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی بوو لەو شەڕە فیشەکێك بەر مێشك وسەری کەوتبوو، هەرچەندە دەرچوی ئامادەیی بوو، بەڵام خوێندەواری لەبیر نەما، ئەو لێدانەی دوژمن وایکرد چیتر بەمەبەستی ڕووخاندنی گوندەکان لەشکرکێشی نەخاتە سەر گوندەکان، سەبارەت بەو شەڕو داستانانەی کە لەئیلنجاغی گەورە تۆمارکراون لێرەدا ناتوانم بەدرێژایی باسیان بکەم، ئەگەر تەمەن ڕێگەم پێبدات و خوایاربێت بەجیا لە کتێبێکدا بۆ مێژوو تۆماریان دەکەم.

## کەسایەتیەکانی گوندی ئیلنجاغی گەورە

### کێخوا وەسمان یوسف مەلاك(١٨٩٧-١٩٨٥)

ناوی تەواوی(وەسمان یوسف مەلاك وەتمان محەمەد بایەزید)ە، بەکێخوا وەسمان بەناوبانگ بووە، ساڵی ١٨٩٧لەگوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایکبووە، بەبێ باوکی و هەتیوی گەورە بووە، لەکۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر داوای(شێخ فازیل تاڵەبانی) بەرێوەبەری ناحیەی تەقتەقی ئەوکات، بۆماوەی چەند مانگێك کێخوایەتی ئیلنجاغی گەورەی کردووە، پەندوقسەی نەستەقی زۆر زانیووە، حەزی بەمیوانداری کردووە، هەر لەگوندی ئیلنجاغی گەورە وەك ڕیش سپی سەیر نەکراوە، بەڵکو گوندەکانی خۆرئاوای ڕێگەی تەقتەق-کۆیە کەژمارەیان ٢٢گوند بووە لەشۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٦٢بەبراگەورەی خۆیان داناوە، کاتێك خواڵێخۆشبوو(مەلا مستەفای بارزان) لەڕێگەی پیاو ماقول وڕیش سپیانەوە دەیویست(دەستە وپەل ولق وبەتاڵیۆن وهێز)دروست بکات، دیارە ئەو هەڵبژاردنەش لە خۆڕانەبووە ئەگەر کەسایەتیەکی بەهێز ومیواندۆستانەی نەبوایە ئەو ڕێزەیان لێ ناگرت و بیکەنە براگەورەی خۆیان.

پیاوێکی دڵسۆزو کورد پەروەر بووە لەساڵی ١٩٦٢کاتێك(سەعید مەسیفی)هاتۆتە خوارەوە لە ئاقاری(دایماوێ)داڵدەی داوون و یەکەم بارەتفەنگیش لە(دایماوێ)ەوە لەگوندی ئیلنجاغی گەورەوە بەڕێکراوە بۆ شۆڕش لە(چەمی ڕێزان)، لەسەر ئەو هەڵوێستە نیشتمانپەروەریانەی ساڵی١٩٧٧زیندانیکراوە، لەساڵی ١٩٨٣کوڕێکی بەناوی(وسو وەسمان یوسف) کەخەڵکی ئیلنجاغی گەورە بە(مام وسو) ناویان دەبرد و هەندی باوکی ڕێزداربوو شەهید بووە.

کێخوا وەسمان زۆرجاران هەڕەشەی لێکراوە لەلایەن ئاغاو دەرەبەگەکانەوە بەتایبەت لەسەر کێشەی ئاو، کەچەندین جار بۆسەیان بۆکوشتنی ناوەتەوە یان توتنیان هەڵبڕیووە، ئاشی ئاویان سوتاندووە، گاوگۆڵیان لێ دزیووە، بەڵام نەیانتوانیووە کاری





لێ بکەن، ئەم پیاوە دیارەی مێژوی ئیلنجاغی گەورە لەتەمەنی ٨٨ساڵیدا لەشاری کۆیە دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوت لەگۆڕستانی(عەرەبیان) لەشاری کۆیە نێژراوە.[١٠]

### حەمەشەریف (١٩٣٤-١٩٦٤)

ناوی تەواوی(محەمەد ڕەسوڵ شەریف)ە، ناسراوبووە بە(حەمەشەریف)، لەساڵی١٩٣٤لەگوندی ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، ساڵی ١٩٦١لە(ناوچەی چەمی ڕێزان) پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلولەوە دەکات، پلەکانی پێشمەرگایەتی(سەردەستە وسەرپەڵ ویاریدەدەری لق)لەدوای یەك بەدەست دێنێت، دواپلەی پێشمەرگایەتی یاریدەدەری لقی شەهید مەئمون دەباغ بووە، کە عەریف عەلی سەرلقی بووە.

لەشەڕێکی نابەرامبەردا لەگەڵ ڕژێمی عێراق لەنێوان(شێراوە و چۆمەزەردەڵە) لەنزیك رێگەی کەرکوك- هەولێر، لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٤دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە، لەو شەڕەدا(٥)پێشمەرگەش بەدیلی دەکەونە دەستی سوپای عێراقەوە یەکێك لەو پێشمەرگانە(عەریف عەلی یەك)ی سەرلقەکەیان بووە.

### مام هیدایەت(١٩٣٤-٢٠٠٥)

ناوی تەواوی(هیدایەت حاجی خدر سمایل)ە، ناسراوبووە بە(مام هیدایەت)، لەساڵی ١٩٣٤لەگوندی ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لەتەمەنی ٢٠ساڵیدا ساڵی ١٩٥٤دەچێتە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە، لەساڵی ١٩٦٧دەبێتە لێپرسراوی شانەکانی ڕێکخستنی ئەو حزبە لەگوندەکانی باکوری خۆرئاوای شارۆچکەی تەقتەق، ساڵی ١٩٧٣ ماوەیەك بەهۆی بارودۆخی سیاسی عێراق وهەرێم دەچێتە شاری(کفری)،

---

[١٠] سەعدوڵلا شێخانی، کورتەیەك لەمێژو و هەندێ لەناودارانی هۆزی شێخانی، هەولێر، ساڵی٢٠٠٣، لاپەڕەکانی ١٩٦-١٩٨.

پاش ماوەیەك لەكاری ڕێكخراوەیی و پێشمەرگایەتی دەگەڕێتەوە سنوری لقی كۆیەی حزبی شیوعی بەردەوام دەبێت تانسكۆی ساڵی ١٩٧٥ی شۆڕشی ئەیلول، دواتر لەساڵی ١٩٧٩وەك ئەندامێكی كارای حزب لەلقی كۆیە دەست بەكاردەبێتەوە، لەشەڕی ناوەخۆ ساڵی ١٩٨٣بۆماوەی ٢٠ڕۆژ زیندانیكراوە و لە ٥-٦-١٩٨٥یش بەسەختی بریندار بووە لەشەڕی خۆكوژیدا، لەدوای ڕاپەڕینیش ئەندامی چالاكی مەكتەبی قەزای كۆیەی حزبی شیوعی بووە، دوای(٥١)ساڵ خەبات لەریزەكانی حزبی شیوعی لە(٢٠-٥-٢٠٠٥)ماڵئاوایی دەكات ودڵەگەورەكەی لە لێدان دەكەوێت و لەگۆڕستانی گوندی ئیلنجاغی گەورە بەخاك سپێردراوە.

## بەكر ڕەشاش(١٩٥٧-١٩٨٢)

ناوی تەواوی( بەكر سولێمان فەتحوڵلا كاوێس مەلاك)ە، ناسراو بووە بە(بەكر ڕەشاش)، ساڵی ١٩٥٧لەگوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایكبووە، خوێندنی سەرەتایی لە ئیلنجاغی گەورەو ناوەندی لە تەقتەق تەواوكردووە، ساڵی ١٩٧١-١٩٧٢پەیوەندی بە(یەكێتی قوتابیانی كوردستان)ەوە دەكات، بۆ تەواوكردنی خوێندنی ئامادەیی ڕوو لە (قەڵادزێ)دەكات، بەڵام بەهۆی بۆردومانەكەی سەرقەڵادزێی ساڵی ١٩٧٤، دەست لەخوێندن هەڵدەگرێت و لە(تۆپخانەی شۆڕش) دەبێتە پێشمەرگە تانسكۆی ساڵی ١٩٧٥، هەر لەوساڵەدا دەچێتە وولاتی ئێران، ساڵی ١٩٧٦دەگەڕێتەوە و دەچێتە(ئامادەیی كۆیەی كوڕان) بۆ تەواوكردنی خوێندن، بەڵام چاودێرییەكی توندی ئەمنی ڕژێمی عێراقی بەسەرەوە بووە وچەندین جار بانگی دەكەن بۆ لێكۆڵینەوە، بەناچاری خوێندن بەجێ دەهێڵێت وماوەیەك دەبێتە سەرباز لەسوپای عێراقی، ساڵی ١٩٧٨پەیوەندی بەڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە دەكات و ساڵی(١٩٨٠)پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی كوردستانەوە دەكات لەسنوری دەشتی هەولێر دەبێتە پێشمەرگە، لەچەندین شەڕو نەبەردیدا بەشداری دەكات و ڕۆڵی





جوامێرانە دەبینێت، هەر بۆیە لەلایەن(مولازم كەریم)ەوە زوو دەناسرێت و پلەی فەرماندەی مەفرەزەی پێدەدرێت، لەگەڵ پێكهاتنی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، پاش ماوەیەك دەكرێتە جێگری كەرتی ٢ی تیپەكە كە ئەوكات شەهید(ئەحمەد قەمبەری) فەرماندەی كەرتەكە بووە، دواجار لەشەڕێكدا لەگەڵ جەیش وجاش لەدەشتی قەرەساڵی كەنار زێی بچووك، دوای ئەوەی گورزێكی باش لە دوژمن دەوەشێنن، لەكاتی گەڕانەوەیان بۆسنورەكەی خۆیان سنوری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لەزێی بچووك لەهەمان ڕۆژدا( ٢٢-٩-١٩٨٢)بەكارەساتێك چووە كاروانی شەهیدانەوە و لەگۆڕستانی گوندی ئیلنجاغی گەورە بەخاك سپێردراوە.

## قادری حاجی عەوڵا(١٩٦٨-١٩٩٧)

ناوی تەواوی(قادر عەبدوڵلا قادر)ە، بە(قادری حاجی عەوڵا) لەئیلنجاغی گەورە ناسراوبوو، لەساڵی ١٩٦٨لە ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لەتەمەنی ١٨ساڵیەوە لەڕێگەی(عوسمان بانی مارانی) برایەوە پەیوەندی بەڕێكخستنی نهێنی هێزی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێری حزبی سۆسیالیستی كوردستانەوە دەكات، چەندین نامەگۆڕینەوەی نهێنی نێوان شاروشاخ ئەنجام دەدات.

لەساڵی ١٩٨٦پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی كوردستانەوە دەكات لەكەرتی(٢)ی تیپی(٨٥)ی بەڕانەتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان دەبێتە پێشمەرگە، لەچەندین نەبەردی وچالاكی بەشداری دەكات وەك(دەربەندی گۆمەسپان، شاخی سوور، قۆپكی جوانەگا، گرتنی سەری ڕەش، داستانی بەرگری كونە كۆترلەساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨، شەڕەكانی بەڕەنگاربوونەوەی ڕژێم لەسەری سارا و سونێ لەساڵی ١٩٨٩.

لەڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١بەشداری گرتنی(مەنزومەی شیمالی و دائیرەی ئەمن وماڵی ئەسعەد ئاغای هەركی وقایمقامیەتی ناوەندی هەولێرو شوێنی عیزەت دووری دواتر بووە سكرتاریەتی مام جەلال)، بەشداری ئازادكردنی شاری كەركوكی لە٢١-٣-

١٩٩١كردووە لە معەسکەر خالید و دواتر گەڕەکی ڕەحیماوا، لەدوای گفتۆگۆی بەرەی کوردستانی و ڕژێمی بەعس لەساڵی ١٩٩١ەوە لەلیژنەی تەنسیقی شاری هەولێر بووە، ڕۆلی هەبووە لەپاکتاوکردنی ئەفسەرانی ئەمنی بەعس لەگەراج ونەقلیاتەکاندا بەتاییەت ئەوانەی دەستیان هەبووە لەخوێن ڕژانی ڕۆڵەی کورد.

ساڵی ١٩٩٥دەکرێتە فەرماندەی تیپ لە(لەشکری قەرەچوغ)، دواتر بووە بەفەرماندەی هێز لەفەرماندەیی( ٢ )ی هەولێر، بەهەمان پلە دەگوێزرێتەوە فەرماندەیی( ٥ )ی دووکان، تا لە(١٨-١١-١٩٩٧)لەمیحوەری سماقوڵی لەشەرێکی نابەرامبەر بەبۆردومانی فرۆکەکانی تورکیا چووە کاروانی شەهیدانەوە، لەگۆڕستانی ئیلنجاغی گەورە بەخاك سپێردراوە.

## گوندی گۆرقەرەج

## ناوی گۆرقەرەج لەچیەوە هاتووە؟

گۆڕقەرەج، لەدوو وشە پێکهاتووە(گۆڕ+قەرەج)، یان ئەوەتا لە(گۆڕی قەرەجان)ەوە هاتووە، یان لە گەوڕ و کەوری لاپاڵی چیای(گۆڕقەرەج)ەوە هاتووە، ئەگەر گوترابێت(ئەو گەوڕانە قەرەجی تێداماوەتەوە)، یان گەوڕێکیان بوو بێت بە گۆڕەپانی قەرەجان و دواتر بووبێت بە(گۆڕ قەرەج) واتە گۆڕەپانی قەرەجان.[11]

## سنوری گوندی گۆڕقەرەج

بەدووری(٤ )کیلۆمەتر کەوتۆتە خۆرئاوای ناحیەی تەقتەق، هاوسنور بووە لەگەڵ گوندەکانی(ئیلنجاغی گەورە لەباکور وگەرمکی تەقتەق و تاڵەبانی گەورە

[11] لەکتێبی حاجی کرمانجێك لەوپەڕی مەزنیدا، ئاراس ئیلنجاغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١٢، وەرگیراوە.



لەخۆرهەلاّت وکانی لەلە لەباشور و ئۆمەرگومبەت لەخۆرئاوا)، ئەمڕۆ زەوی و ئاقاری ئەو گوندە مێژووییە دابەشکراوەو کراوەتە سەرسنوری گوندە هاوسێکانی ئەوانیش(ئۆمەرگومبەت و کانی لەلە و گەرمکی تەقتەق وتاڵەبانی گەورە و ئیلنجاغی گەورە)یە، ئۆمەرگومبەت پشکی شێری بەرکەوتووە، تەنها ئەو زەوییانەی کەوتونەتە گوندی گەرمکی تەقتەق خاوەنە ڕەسەنەکانیان خۆیان بەناوی دێنن.

## پێکهاتەی دانیشتوانی گۆڕقەرەج

زیاتر لەیەك سەدەونیوە ئەو گوندە وێرانەیە، لەسەردەمانی کۆن لەگەڵ(چەم بەغارە)ی کانی لەلە و(بیان)ی ئیلنجاغی گەورەو(گورگەسێکانی) گوندی سێکانی بەیەکەوە ئاوەدانی و ئاوایی بوون، لەکۆتایی نیوەی یەکەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم بەهۆی کێشەوگرفتەوە لەگەڵ ئۆمەرگومبەتیەکان و قەشقەییەکان چۆڵکراوە، دانیشتوانەکەی لەهۆزی(زەنگنە)بوون و پەرتەوازەی گوندەکانی دەوروبەرو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بوون وەك(گەرمکی تەقتەق وباغەجنێرو جگیلەوقەرەناو وئیلنجاغی شوان وئۆمەرگومبەت و دزەیی).

لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم(١٨٠٠-١٨٥٠)نزیکەی(٤٠)ماڵ بوون، لەدیارترین کێخواکانیان(مەولود)ناوێك بووە، وە لەدیارترین کەسایەتیەکانی مێژوی گۆڕقەرەج(حاجی گەورەشاعیری خاوەن بیری نەتەوەیی کورد لەباشوری کوردستان ومەلا عەبدوڵلای گۆمەگڕوی دزەییاتی و مەلا میرزاجگیلەیی)یە، ئەمڕۆش وەك ڕێزلێنانێك لەزێدی گەورە شاعیری کورد حاجی، لەشارۆچکەی تەقتەق چەندین شوێن بەناوی گۆڕقەرەجەوە ناونراوە وەك(مزگەوتی گۆڕقەرەج لەگەڕەکی ڕووناکی و بەنزینخانەی گۆڕقەرەج لەگەڕەکی گۆڕقەرەج و قوتابخانەی گۆڕقەرەجی بنەڕەتی لەگەڕەکی سەربەستی).

## گوندی گەرمکی تەقتەق

## ناوی گەرمك لەچیەوە هاتووە؟

هەڵکەوتەی گوندەکە واهەڵکەوتووە لەدۆڵێکدایە هەرچوار لای بەگردۆڵکە دەورە دراوە، ئەمەش وایکردووە ببێتە(پەنا) لەکاتی هەڵکردنی بایەکان وکانیاو وقوڵەتێنەکەی لەوەرزی زستان هەڵمی لێ هەڵبستێ، ئەگەر بەفریش لەوەرزی زستانان بباریێت لەبەر نزیکی لەڕووباری زێی بچوکەوە زوو تواوەتەوە وخۆی نەگرتووە، هەموو ئەو بارە سروشتیانە وایکردووە ئەو شوێنە(گەرم)بێت، بۆیە وتراوە(گەرموك یان گەرمك)، بۆ جیاکردنەوەشی لەگەڵ(گەرمکی ساتوقەڵا)وتراوە(گەرمکی تەقتەق)، ئەوەی یەکەمیان لەساتوقەڵای شوێنەوارییەوە نزیکەو ئەمەشیان لەچەقی تەقتەقەوە.[١٢]

## سنوری گوندی گەرمکی تەقتەق

بەدووری(٢)کیلۆمەتر لەخۆرئاوای تەقتەق هەڵکەوتووە، ئەمڕۆ خەریکە دەبێت بەگەڕەکێکی شارۆچکەی تەقتەق و تێکەڵبووە لەگەڵ گەڕەکی(گۆڕقەرەج)ی شارەوانی تەقتەق، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(ئۆمەرگومبەت و کانی لەلە لەخۆرئاوا وتاڵەبانی گەورە لەباکور وتەقتەق لەخۆرهەڵات و زێی بچوکیش لەگوندەکانی قەرەناو و جگیلەی ناحیەی شوانی جیادەکاتەوە).

---

[١٢] بۆ گوندی گەرمکی تەقتەق چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەم بەڕێزانەی خوارەوە ئەنجامداوە:

١- خوالێخۆشبو مەلا سدیق مەلاساڵح ئیسماعیل، لەدایکبوی ١٣٢١ی کۆچی لەگەرمکی تەقتەق، لە١٩-١١-٢٠٠٠، هاولاتی.

٢- خوالێخۆشبوحاجی سەعیدەی محەمەد، لەدایکبوی ١٩١٩ی گەرمکی تەقتەق، لە٢٠-١١-٢٠٠٠، هاولاتی.

٣-شێروان کێخواساڵح کێخوا حەمەدەمین، لەدایکبوی ١٩٧١ی گەرمکی تەقتەق، لە٢٠-١٠-٢٠١٣، هاولاتی.





کەرتی ژمارە(٢)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، تێکڕای ڕووبەرەکەی(٦٨٢٢)دۆنمە،(٤١١٢)دۆنمی بەراو و(٥٨٤)دۆنمی پشتاو و(١٣٣)دۆنمی ڕەزو(١٥٧٠)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایە و(١٣)دۆنمیشی حەرەمی گوندەکەیە، لەچەقی گوندەکە چەند گردێك دەوری ئاوایی داوە، وەك گردەکانی( تفەنگ چی وگردی مۆرد وگردی گۆڕستانی شێمحەمەد وگەروی سۆرکێ وبستی شیوی شۆخە و گردی خەلەتوان).

لەدیاردە سروشتیەکانی گەرمکی تەقتەق، سێ ڕوبارۆچکەی شیوەرۆکی هەیە لەلاپاڵی گۆڕقەرەجەوە(فرەکانی و چیاناو)ەوە سەرچاوە دەگرن و لە(کانی کاچی) لەخوار گوندی(گەرمکی تەقتەق)یەك دەگرن و(ڕووباری گەرمك) پێکدێنن کە ئەمڕۆ لەگەڕەکی(گۆڕقەرەج وئاشتی) بوون بەئاوەڕری سندوقی تا لەنزیك فەرمانگەی بەیتەرەویاریگای تارتانی شەهیدئاکۆسور لەخوار پردی تەقتەق دەڕژێتە زێی بچوکەوە.

هەروەها چەندین کانی وکانیاو لەسنوری گەرمك لەمێژوودا هەبوون وەك(کانی قۆدیلە، دەرماناو، برایم چاوڕەش، کانی عەوڵلا، قوڵەتێنی مزگەوت، کانی پلوسك، کانی کاچی، کانی چیقنە، کانی زەنگ ئەستورە) بەهۆی کاری شوانکارەوە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەزۆربەی کانیەکان ئاوم خواردۆتەوە و خزمانی گەرمك بۆ ئاوخواردنەوە و ئاودانی ئاژەڵەکانیان بەکاریان دەهێنان، لەڕووی شوێنەوارەوە(خرابەی گەرمك) شوێنەواری ئاوەدانیەکی فراوانبووە ئەمڕۆ رێگەی سەرەکی(تەقتەق-سێگردکان) بەناوی دادەڕوات و بەشی سەرەوەی بووە بە گەرەکی گۆڕقەرەج وبەشی خوارەوەشی بووە بەگەڕەکی ئاشتی شارۆچکەی تەقتەق و زۆر ئاژەڵم لەپەرێزەکانی لەوەڕاندووە، لەبەشی گەڕەکی گۆڕقەرەجی قوتابخانەی ماردین و مزگەوتی ئەبوبەکری سدیقی لەسەر دروستکراوە، هەروەها چەندین گۆڕستانی لێ یە وەك(گۆڕستانی پشت دەرماناو و گۆڕستانی باوەڕەشی ڕاوگەی گەرمك وگۆڕستانی قەبرۆکەی سەرچەم

وگۆڕستانی قەبرۆکەی خوار گەرمك ولاپاڵی گردی تفەنگ چی)، دیارترین پارچە زەوییەکانی گەرمك بریتیە لەدەشتی گەرمکی کەناری لەگۆمی مام تەهاوە تاوەکو بانی خەرمانان کە ئێستا بەشێکی زۆری بووە بەشوێنی نیشتەنی لەزەوی چەمەوە تاوەکو پردی تەقتەق بوون بەگەڕەکی ئاشتی و بەزاراوەی ناوچەیی زەوییەکانی حەمەسیاسی پێ دەڵێن، هەروەها دیارترین زەوییە بەراوە کەنارییەکانی لەڕاوگەی گەرمك کە ٥١٠دۆنم زەوی کشتوکاڵی بوون کراوە بەکێڵگەی پەلەوەر، گەرمك ئەمڕۆ خەریکە بەتەواوەتی ببێتە بەشێك لەتەقتەق بەهۆی ئەو فراوانبونەی تەقتەق لەدوای ئەنفالەکانەوە تائەمڕۆ.

## پێکهاتەی دانیشتوانی گەرمکی تەقتەق

حاجی سەعیدەی محەمەدی دەربەندی ووتی"شێخانەکان سەرەتا ئەو گوندەیان ئاوەدانکردۆتەوەو دواتر لەڕێگەی ژن وژنخوازییەوە لەگەڵ دەربەندییەکان تێکەڵبوون و بەیەکەوە ژیاون"، شێخانەکان لەبنەچەدا لەگەڵ تیرەی(کوڕەبۆر)ی ئیلنجاغی گەورە سەربەیەك داری بنەماڵەن و شێخانی بن داسنین، ئەو گوندە ئەمڕۆ لە(٥)تیرەی سەرەکی پێکهاتوون:

یەکەم: شێخانەکان، لەم خانەوادانە پێکهاتوون(مەلا سلێمان، وەستا قادر، ساڵح مەحمود سوڵتان، فەقێ خدر)ئەمانە زۆرترین خێزانەکانی گەرمك پێکدێنن.

دووەم: دەربەندییەکان، لەم خانەوادانە پێکهاتوون(حاجی عەلی محەمەد و مام قادر وحاجی حەسەن وکوڕوبراکانیان)بەدووەم تیرە دادەنرێن لەڕووی ژمارەی خێزانەوە لەگەرمك.

سێیەم: گۆڕقەرەجیەکان، کە لەبنەچەدا خەڵکی گوندی(گۆڕقەرەج)ی زێدی گەورە شاعیری کورد(حاجی)ن، لەتیرەدا(زەنگنە)ن، لەبەرەبابەکانی(حاجی نەجیم وئەحمەد





شێخە و کوڕوکوڕەزاکانیان)پێکهاتوون، لەڕووی ژمارەی خێزانەوە بەسێیەم تیرەی گەرمك دادەنرێن.

چوارەم: سورچییەکان، نەوەکانی مام عومەر مستەفان و بوون بەخانەوادەیەکی گوندی گەرمك.

پێنجەم: خۆشناوەکان، ماڵی حاجی حەمەڕەش کوڕی تەها، لەو تیرەیەن.

گەرمکی تەقتەق لەساڵی ٢٠١٣ ژمارەی خێزانەکانی(١٢)خێزان و(٤٥)سەرخێزان بووە، لەساڵی خوێندنی(١٩٧٨-١٩٧٩)قوتابخانەی لێکراوەتەوە، یەکەم بەڕێوەبەری قوتابخانەکە مامۆستا(ئەحمەد ڕەجەب) بووە، هەروەها لەدیارترین کێخواکانیان(کێخوا ئیسماعیل قادر و کێخوا حەمەدەمین ئیسماعیل قادر و کێخوا حەمەساڵح ئیسماعیل قادر) لەهەشتاکانیش کێخوا محەمەد حەمەڕەسول بووە، هەروەها چەندین کەسایەتی کوردەواری و جوتیاری لەو گوندە هەڵکەوتووە وەك(حاجی عەبدولڕەحمان عەلی ئەحمەد شێخە، بەیتارێکی باشی شکان وگرتنەوەی دەست بووە، محەمەد دەشتی چۆغەڕەشی، پاڵەوانێکی بێ وێنە بووە، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ کەسی نەماوە، عەوڵڵا حەفت جۆشی و مەلاسدیق مەلاساڵح، زانایەکی ئاینی بووە و ئەمڕۆ مزگەوتی گوندەکەیان بەناوەوە کردووە، کێخوا حەمەساڵحی کێخوا حەمەدەمین وحاجی سەعیدەی محەمەد)، لەگرنگترین کارە خزمەتگوزارییەکانی(مزگەوت وکارەبای نیشتمانی و لەسەر ڕێگای سەرەکی تەقتەق-سێگردکان)ن.

## گێڕانەوەی کوردەواری

## ئەمەکاری عەولاێ حەفت جۆشی-یە

عەولاێ حەفت جۆشی لەمێژوی گوندی گەرمکی تەقتەق بەباشترین سەپانی گوندەکە ناوی دەرکردووە، دەگێڕنەوە لەو گوندە بێوەژنێك هەبووە، ئەو عەولاێحەفت جۆشیە حەزی لێکردووە، ئەو بێوەژنە پارچەیەك تەبارەی دەغڵ ودانی هەبووە، کە کاتی دروێنەی هاتووە، لەئاوایی گەرمك دەگەڕێت تاوەکو هەرەوەزی و زبارەی کۆبکاتەوە، بە٦بۆ ٧سەپانی گوندەکە دەڵێت کەهاوکاری بکەن بۆ دروێنەکردنی تەبارەکەیی و تەنها بەعەولاێحەفت جۆشی ناڵێت، عەولاێش بەمە دەزانێ و نیگەران دەبێت کەپێی نەووتراوە، سەرلەو ئێوارەیەی کەبەیانیەکەی سەپانەکان بەڵێنیان داوە بچن تەبارەی بێوەژنکە بدورنەوە، حەفت جۆشیش داسەکەی تیژدەکاتەوەو لەدوای نانخواردنی ئێوارە لەنێوان نوێژی مەغریب وشێوان دەچێتە سەر دەغڵ ودانی بێوەژنەو بەتەنها دەست دەکات بەدروێنەکردن و لەخۆش بەختی عەولاێ حەفت جۆشی مانگەشەو دەبێت، بەر لەگزنگ وسپێدە هەموو تەبارەکە دەکاتە(مەلۆ)، کاتێ بەیانی زوو حەوت سەپان وبێوەژەن دەچن دەغڵەکە دروێنەکراوەو کراوە بە(مەلۆ)، ئینجا سەپانەکان ڕوو دەکەنە بێوەژنەکەودەڵێن(ئەوە کەتەبارەکەت دروێنە کراوە بۆ ئێمەت هێناوە)، ئەویش دەڵێت" بەخوا جگە لەئێوە بەکەسی ترم نەووتووە"، لەو نێوەندە بەگاڵتەو پێکەنینەوە دەڵێن"بەخوا ئەمە کاری عەولاێ حەفت جۆشی یە".

## کەسایەتیەکانی گوندی گەرمگی تەقتەق

## مەلا سدیق مەلا ساڵح(١٣٢١کۆچی-٢٠٠٤زاینی)

ناوی تەواوی(سدیق ساڵح ئیسماعیل)ە، لەتیرەی دەربەندییەکانی گەرمکە، لەساڵی(١٣٢١)کۆچی لەگوندی گەرمکی تەقتەق هاتۆتە ژیانەوە، لەتەمەنی





منداڵیەوە چۆتە بەرخوێندنی فەقێیاتی و لەحوجرەکاندا پێگەیشتووە، لەسەردەستی مەلای گەورەی کۆیە مەلا محەمەد جەلیزادە مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، ١٢ساڵ لەگوندی بۆگدی ناحیەی ئاشتی و١٧ساڵ لەگوندی گەرمکی تەقتەق و ٣٥ساڵ لە ناحیەی تەقتەق مەلایەتی کردووە، بەیەکێك لەزانا ئاینیە دیارەکانی تەقتەق وەدەوروبەری دادەنرا، دوای ٦٤ساڵ مەلایەتی لەتەمەنی ١٠٤ساڵیدا چووە بەر دلۆڤانی خودای گەورەولە١٢-٤-٢٠٠٤ماڵئاوایی دەکات.

## کێخوا ساڵحی گەرمك(١٩٢٨-١٩٩٦)

ناوی تەواوی(حەمەساڵح کوڕی کێخوا حەمەدەمینی کێخوا ئیسماعیلی قادر)ە، لەتیرەی شێخانەکانی گەرمکە، ساڵی ١٩٢٨لەگەرمکی تەقتەق هاتۆتە ژیانەوە، لەتەمەنی گەنجیدا(وەستا)یەتی کردووە، یەکێك بووە لەسەپانە ئازاکانی گوندی گەرمك، لەژیاندا دوو ژنی هێناوە و ٦کوڕو ٣کچی نەوەی هەبووە، لەشۆڕشی ئەیلول دەبێتە پێشمەرگەو لەبناری شاخی کۆسرەت لەشەڕێکدا بریندار دەکرێت و بۆچارەسەری ڕەوانەی وولاتی ئێران دەکرێت، ساڵی ١٩٨٠دەچێتە ماڵی خودا و دەبێتە(حاجی)، هەردەم لەبەرەی گەل بووە و نەبووە بەپیاوی بەعسیەکان بۆیە ساڵی ١٩٨١مۆری کێخوایەتی لێ وەردەگرنەوە، هەرچەندە لەباب وباپیریەوە کێخوای گوندی گەرمکی تەقتەق بوون، لەسەر هەڵوێستی نیشتمانپەروەری ساڵی ١٩٨٦خۆیی و کوڕە گەورەکەی(ڕەئوف) حەوت مانگ لە(ئەمن)ی هەولێر زیندانی دەکرێن ودواتر بەرلێبوردنی گشتی دەکرێن وئازاد دەکرێن.

هەڵوێستی کوردانەی کێخوا ساڵح وایکردووە(٣)جار ماڵەکەی بسوتێنرێت لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، وە(٢)جاریش بەهۆی شەهیدبوونی کوڕەکانی جەرگی سوتاوە، جاری یەکەم ساڵی ١٩٨٢فەتاحی کوڕی لەقەرەبەگ وجاری دووەم ساڵی ١٩٩٥کەمالی کوڕی لەکەلی سمایل بەگ شەهیدکراوە، ئەم پیاوە دیارەی مێژووی گوندی گەرمکی تەقتەق

لەتەمەنی ٦٤ساڵیدا لەمانگی ئەیلولی ١٩٩٦لەتەقتەق دڵەگەورەکەی لەلێدان دەکەوێت و لەگۆڕستانی(قەبرۆکەی گەرمك)بەخاك سپێردراوە.

## کێخوا سمایلی گەرمك

ئیسماعیل کوڕی قادرەولەنەوەی شێخانەکانی گوندی ئیلنجاغی گەورەیە و باپیرەی کێخوا ساڵحی گەرمکە، لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتی عوسمانیەکان کێخوای گوندی گەرمك بووە، لەگەڵ چەند جەندرمەیەکی تورکی کێشە دروست دەبێت و جەندرمەکان چەك دەکات، بەدەست بەستراوی تا(کەلی قەشقە)دەیانبات و دەریان دەکات، لەبەر ئەو هەڵوێستەی ناچار لەترسی لەشکرکێشی جەندرمەی تورك ماوەیەك لەگەڵ کوڕەکانی گوندی گەرمکی تەقتەق بەجێ دێلێت و دەچێتە گوندی(سەعداوە)ی پردێ، هەر لەوێ کۆچی دوایی دەکات و لەوێش بەخاك دەسپێردرێت، لەو ماوەیە خەڵکی گەرمك(ئەحمەد عەلی)لەتیرەی دەربەندییەکان دەکەنە کێخوای خۆیان، پاش ئەو ماوەیە کوڕەکانی کێخوا ئیسماعیل دەگەڕێنەوە و(حەمەدەمین)ی کوڕی دەکرێتەوە کێخوای ئەو گوندە، تاساڵی ١٩٨١هەر ئەو بنەماڵەیە کێخوایەتی ئەو گوندەیان کردووە بەڵام لەبەر هەڵوێستی کوردانەیان بەعسیەکان مۆری کێخوایەتیان لێ وەردەگرنەوە.

## ڕوخان وکاوڵکارییەکانی گوندی گەرمکی تەقتەق

ئەو گوندە وەك تێکڕای گوندەکانی سنورەکە چەندین پەلاماری دوژمنانەی لەلایەن حکومەتی بەعسەوە خراوەتەسەر:

یەکەم: ساڵی ١٩٦٣لەپەلاماری(حەرەس قەومی)، پورە ئامین و عومەر حەمەدی کوڕی شەهید کراون.

دووەم: لەساڵی ١٩٧٤لەپەلاماری فڕۆکەکانی بەعس هاوڵاتی(وەهاب ڕەزا حەمەد)شەهیدکراوە.





سێیەم: ساڵی ١٩٨٧ گوندەکە تەختکراوە وساڵی ١٩٨٨یش لەشاڵاوی ئەنفال بەتەواوەتی تەختکراوە.

## گوندی ئیلنجاغی گچکە

### (هەردوو مەرزانی خواریێ ومەرزانی کانی قەبران)

## ئیلنجاغی گچکەومەرزان لەچیەوە هاتووە؟

بۆ ناوی ئیلنجاغی گچکە بگەڕێوە بۆ ناوی ئیلنجاغی گەورە، بەڵام سەبارەت بەناوی(مەرزان) ناولێنانێکە، بۆ ناوی تیرەی دانیشتوانەکەی دەگەڕێتەوە، کە لەتیرەی(مەرزان)ین، ئەویش دوو بیروبۆچون هەیە:

یەکەمیان: بۆ ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە کەلێوەی هاتوون، کەناوی(مەرزینگان)بووە.

دووەمیان: گوایە لە(مەڕ+زایین)ەوە هاتووە، بەڵام ئەمەیان بەوەرگێڕانی پیتی دەچێت بۆ ناوی گوندەکە، هەرچەندە بیروبۆچونێکیتر هەیە دەڵێت مەڕی ئەو تیرەیە بەر لەهەموو تیرەکانیتر بەرانی خواردووە وزوتر کاتی زایینی هاتووە بۆیە ووتراوە(مەڕزانەکان) و دواتر بووە بە(مەرزان).

سەبارەت بە مەرزانی سەرێ و خوارێ، سەرەتا یەك مەرزان هەبووە تەنها مەرزانی خوارێ بەڵام ساڵی ١٩٤٣بەهۆی گرفتەوە هەندێك لەمەرزانیەکانی خوارێ دێنە سەر کانی قەبرانی نێوان ئیلنجاغی گەورەو ئیلنجاغی گچکە، نیشتەجێبوون، ئەمڕۆ بوون بە(مەرزانی سەرێ)، ئەوەی کە لەشوێنی خۆی ماوەتەوە یان بڵێین(ئیلنجاغی گچکە) لەزاران دەوترێت(مەرزانی خوارێ).[١٣]

---

[١٣] بۆکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر مەرزان چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەم بەرێزانە کردووە:

١- سەباح قادر حەمەد(ملازم ڕابەر)، لەدایکبوی ١٩٥٤ی مەرزان، لە٨-٥-٢٠١٤، هاوڵاتی.

## سنوری ئیلنجاغی گچکە (هەردوو مەرزان)

بەدوری(٩)کیلۆمەترکەوتۆتە باکوری خۆرئاوای تەقتەق، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(شیواشۆکی خواریّ لە باکوری و تاڵەبانی گچکە لە ڕۆژهەڵاّت و ئیلنجاغی گەورە لەباشور و ڕۆژئاوا)، هەردوو مەرزان یەك کەرتی کشتوکاڵین بەژمارە(٣٢)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەق، تێکڕای ڕووبەرەکەی(٤٢٦١)دۆنمە،(١٢٩٧)دۆنمی شیاوی چاندنە و(٢٦٠٠)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایە،(٤٢)دۆنمیش حەرەمی گوندەکەیە، ئیلنجاغی گچکە کەوتۆتە نێو هێڵی درێژی(٤٤,٣٠-٤٤,٥١)ی خۆرهەڵاّت و نێو بازنەی پانی(٣٥,٥٧-٣٥,٩٦)ی نیوەگۆی باکوری زەوی، (٤٢٨)مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.

لەدیارترین پارچە زەوییە پشتاوەکانی(کورتەکان، چارگەی مەولودی، باریکە، سۆفی یاجی، بانی پەرکیّ، چیاپەلکە، قەبران، ئۆمەرباوەکران، گردی شێمحەمەدی، گۆڕەشەقێنە، ئاشی قازی، کورەباسك، غەرەی مامەسەنی، ئاوەگچکەلە، ڕەشان، قەراتەسۆران، غەفورە، غەری سوار، هەڕکاوە، گیربڕان، بانی کانی درۆزنەی، کەوەر، پشت گورگ، کونەبەرد، بوارەمیزە، پارچەی شەبیلیّ، پارچەی هەنجیریّ، بەراوان، گۆڕەسوسکە، قەراتەسۆرانی شێخان، گۆڕەبەسندی، بزن کوژ، جیّ جۆ، بیّ ڕووتە، پوشەخۆشە، زەوی مامزان، بێژینگ بەسەر)، لەزەوییە بەراوەکانیش(کانی هەڕکاوە، کانی سوراوان-شۆڕیّ) کە ئێستا نەماون، لەگردە بەرزەکانی ئاقارەکەی(گردی بەراز و گردی شێمحەمەد)ە.

لەسنوری ئیلنجاغی گچکە دوو شوێنەواری بەرچاو بوونیان هەیە وەك(چیاپەلکە، شوێنی ئاوەدانی وتورەگە ڕێژ بووە، کۆنینەی لێدۆزراوەتەوە، دواتر(کانی قەبران)،

٢-قادر ڕەسوڵ حوسێن عومەر ڕەسوڵ، لەدایکبوی ١٩٣٩ی مەرزان، لە٩-٥-٢٠١٤، هاولاّتی.

٣- شێرکۆ حەمەنەجم حەمەدەمین حوسێن، لەدایکبوی ١٩٧٨ی مەرزان، لە٩-٥-٢٠١٤، ئەنجومەنی گوند.





کەرتەگۆزەی شکاوی شوێنەواری لێدۆزراوەتەوە)، جگە لەگۆڕستانی کانی قەبران کەمردووی لیّ دەنێژن، چەند گۆڕستانێکیتر لەسنورەکەیدا هەیە وەك(گۆڕستانی مەلاجەمال، گۆڕستانی قەبرۆکان)، هەروەها چەند چاکێك(شەخس)ی هەیە وەك(شێخ ڕەسوڵ وخاتون خەجیجە وگۆڕەقەساب و گۆڕستانی ڕەشان و مەلا جەمال)بەتایبەتی هەردوو چاکی(شێخ ڕەسوڵ و مەلا جەمال) خەڵکی زیارەتی کردوون و وتراوە(شێخ ڕەسوڵ بەگوڕ هاتم بۆ کوڕ هاتم).

## پێکهاتەی دانیشتوانی ئیلنجاغی گچکە

خەڵکی هەردوو مەرزان(ئیلنجاغی گچکە)، نەوەی(ڕەسوڵ ئاغا)ن، هەر ئەویش مەرزانی خوارێی ئاوەدانکردۆتەوە، مەرزانی سەریّ-ش نەوەی ڕەسوڵ ئاغان و لەساڵی ١٩٤٣بەهۆی کێشەوگرفتەوە مەرزانی خواریّ-یان جێهێشتووە، جگە لەتیرەی(مەرزان) کە زۆرینەی  هەردوو ئاواییەکەن، دوو خانەوادەی(خۆشناو)یش لەمەرزان نیشتەجێن ئەوانیش(حاجی حەمەد و مستەفا)ی خۆشناوی گوندی دەراشن.

لەساڵی ٢٠١٣ژمارەی خێزانەکانی مەرزانی خواریّ(١٠)خێزان و(٤٠)سەرخێزان بووە، مەرزانی سەریش(٢٥)خێزان و(١٠٠)سەرخێزان بووە، لەساڵی خوێندنی(١٩٧٧-١٩٧٨)قوتابخانەی لێکراوەتەوەو یەکەم بەڕێوەبەری(مامۆستا جەمال کۆیی) بووە، لەدیارترین کێخواکانی مەرزان(کێخوا ڕەسوڵ ئۆمەر و کێخوا تەها ئەحمەد عەبدوڵلا وکێخوا ئەفەندی سەعید ئۆمەر وکێخوا حەوێز سەعید ئۆمەر وکێخوا حەمید سەعید ئۆمەر)، لەکەسایەتیە کوردەواری و جوتیارییەکانی( حەمە سیخە وسەعید ئۆمەر وحەمەدەمین حوسێن وحەمەتاهیر ئەحمەد)، لەکارە خزمەتگوزارییەکانی(مزگەوت، قوتابخانە، کارەبای نیشتمانی، هۆڵی پرسە، کەوتۆتە سەر ڕێگەی سەرەکی قیرتاو).

## لەگۆتەی کوردەوارییەوە

## مامزان لەکانی قەبران ئاوی دەخواتەوە

ڕەسوڵ بێزار گەردی هونەرمەندی حەیران بێژی گەورەی کورد، لەحەیرانی کوردەواریدا ناوی ئەو ناوچەیەی هێناوە و دەڵێت"مامزان لەکانی قەبران ئاوی دەخواتەوە، شۆڕدەبۆوە لۆ گردی گابۆڕی"، کانی قەبران کارێزێکی گەورەی ئاو بووە لەنێوان ئیلنجاغی گەورەو ئیلنجاغی بچووك، هەردوو لا هاوبەشبوون لەئاوەکەیی و زەوییە بەراوەکانیان پێ ئاودەدا، تا سەرەتای سەدەی بیست ویەك، بەڵام بەهۆی بیرە سورییەکان وگۆڕانکاری بارودۆخی ئاوهەوا ئێستا ئەو کارێزە بووە بەشوێنێکی شوێنەواری، گردی گابۆڕیش گردێکە بەپوش وپاوانە لەئاقاری گوندی ئیلنجاغی گەورە.

## گوندی تاڵەبانی گچکە

## تاڵەبانی گچکە لەچیەوە هاتووە؟

بۆ زانینی ناوی گوندی(تاڵەبان) بگەڕێوە بۆ گوندی(تاڵەبانی گەورە)، بەڵام بۆ بەراورد پێی وتراوە(تاڵەبانی گچکە)، هەندێك جاریش لەسنورەکە پێی ووتراوە(تاڵەبانە ڕووتە)لەبەر هەژاری و بێ منەتی خەڵکەکەی.[١٤]

## سنوری گوندی تاڵەبانی گچکە

بەدووری(٧)کیلۆمەترو(٨٩٠)مەتر لەباکوری خۆرئاوای تەقتەق هەڵکەوتووە، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(کونە گورگ لەخۆرهەڵات وئیلنجاغی گچکە لەخۆرئاوا

[١٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(حاجی سەلیم کێخوا حەوێز کوڕی عەسافی گەورەی مەحمود حەمەدی جەردیس)، لەدایکبووی ١٩٣٢ی تاڵەبانی گچکە، لە١٩-٢-٢٠١٣، ئەنجومەنی گوند.



وشیواشۆکی خواریێ لەباکور و تاڵەبانی گەورە لەباشور)، کەرتێکی کشتوکاڵی ژمارە(٣٤)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، تێکڕای ڕووبەرەکەی(٤١٨٦)دۆنمە،(١٤٣٧)دۆنمی شیاوی چاندنە،(٢٢١١)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایە،(٣٨)دۆنمی حەرەمی گوندەکەیە، لەدیارترین پارچە زەوییە پشتاوەکانی(گۆڕەسوسکە، سەرخانیان، مەحمە مستەفا، سێ سینە مردی، سەرغەرەکە، زانە مردی، قوچەك، ناوڕییان، قومەکە، باریکە، سەیدۆکە، قورقورە، چیاناوە، قوچەك چەرمی، درێژکین، تارین، دڕکین، بانی، قەبرۆکەل، دووبانی، دوومیرەداغ، دووداڕەبی، گێوژە، کورەبان، بێژینگ بەسەر، عارەب قۆزی، سارەکێنە)، وەلەدیارترین کانیاوەکانیان(کانی خەلیل، کانی لاس، کانی مزگەوت، کانی دووقەمیشەران)ە.

لەڕووی شوێنەوارەوە پارچەزەوی(قەلابازی) لەگوندەکەوە ١٠٠٠مەتر دوورە کەوتۆتە سەر ڕووباری کۆیە، جەرەوگۆزەی لێ دۆزراوەتەوە، هەروەها دەوترێت لەباکوری خۆرئاوای ئەو گوندە لەسەر ڕووباری کۆیە(ئاتەشگەی زەردەشتی) لێ بووە، هەروەها لەسنوری تاڵەبانی گچکە چەندین گۆڕستانی لێ یە لەوانە(گۆڕستانی سولاوك، تائەو دواییانە مردویان لێ نێشتووە، گۆڕستانی سەرخانیان، ئەمەیان نوێ یە و تازەیە، گۆڕستانی قەبرۆکەل و گۆڕستانی دوو قەبرۆکەل وگۆڕستانی قرقاجین و گۆڕستانی قوچەك)، جگە لەمانە چاکی شێمحەمەدیشی لێ یە لە سنوری(کفرەدۆڵ).

## پێکهاتەی دانیشتوانی گوندی تاڵەبانی گچکە

لەڕووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە تاڵەبانی گچکە یەك تیرەی لێ نیشتەجێبووە، ئەوانیش(کەلهوڕ)ین، لەکوردستانی خۆرهەڵاتەوە هاتوون، سەرەتا دوو برا بوون بەناوەکانی(فارس وجەردیس)، باوکیان ناوی(گدیش)بووە، بەوە دەچێت لەسەرەتای سەدەی هەژدەیەم لەو شوێنەی ئەمڕۆ گیرسابنەوە.

لەساڵی ٢٠١٣ژمارەی خێزانەکانی(١٠)خێزان و(٤٠)سەرخێزان بووە، لەساڵی خوێندنی(١٩٧٦-١٩٧٧)قوتابخانەی لێکراوەتەوە، یەکەم بەڕێوەبەری قوتابخانەکە مامۆستا(خالید کۆیی) بووە، قوتابخانەکە لەخانووی(حاجی عوسمانی عەبدوڵلای عەساف)بووە، لەدیارترین کێخواکانیان(کێخوا قادر تەها جەردیس و کێخوا حەسەن کوڕی فارس وکێخوا حەوێز کوڕی عەساف مەحمود وکێخوا حاجی سەلیم کێخوا حەوێز عەساف)، هەروەها لەدیارترین کەسایەتیە کوردەواری و جوتیارییەکانیان(سادق بایز حەمەد جەردیس ومام بۆرەی کوڕی یەحیای فارس)بووە، گرنگترین کارە خزمەتگوزارییەکانیان(قوتابخانە وکارەبای نیشتمانی وکەوتونەتە سەر ڕێگای قیرتاوکراو).

## ڕوخان وکاوڵکارییەکانی تاڵەبانی گچکە

ئەم ئاواییە سێ جار بەر شاڵاو وپەلاماری حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتی عێراق هاتووە، ساڵی ١٩٦٣دووچاری سوتان وتالان بووە، ساڵی ١٩٨٠لەگەڵ ٩گوندیتری سنورەکە بەبیانووی نەوتی کێڵگەی نەوتی تەقتەق ڕاگوێزراوە، ساڵی ١٩٨٨لەگەڵ تێکڕای گوندەکانی کوردستان لەئۆپەراسیۆنی ئەنفال تەختکراوە.

# بەشی سێیەم

## گوندەکانی باکور

١-شیواشۆك (شیواشۆکی خوارێ)

٢-کونەگورگ

٣-باغەجنێر

٤-تەکەڵتو

٥-ناسراغا

٦-قوڕەبەرازەی گەورە

٧-قوڕەبەرازەی گچکە



ئاراس ئیلنجاغی

زێودەر



N
S
E
W

## گوندی شیواشۆکی خواریٚ

### ناوی شیواشۆك لەچیەوە هاتووە؟

دوو بیروبۆچونی خەڵکی شیواشۆکم بەرگویٚ کەوت وتۆمارم کردووە ئەوانیش[1]:

یەکەم: لە شیوی دڕکەوە هاتبیٚ، چونکە لەسەردەمانی زوو زۆربەی چێشت وشیوو لەگیاوگۆڵـەوە دروستـکراون، کـە گوایە (شۆك)لە(شـەوکەی) عەرەبیـەوە هـاتووە بەمانای(دڕك)دێت، واتە(چێشتی دڕك)، بەڵاٌم ئەوە ناچێتە ئاوەزەوە(عـەقل)، چـونکە وەرگێڕانێکی پیتیە و دروستکراوە.

دووەم: ئەو شوێنەی گوندەکەی لەسەر بونیاتنراوە، دۆڵێکی گەورەیـە، کـە خـەڵکی گوندەکە پێی دەڵێن(کەندیٚ)، ئەم دۆڵە پڕبووە لە(دڕکـەلان)، هـەر لەبـەر ئەمەشـە ووتراوە(شیوە شۆك)، ئەمەش ناچێتە عەقڵمەوە چونکە دەبوایە بووترێت(وادی شـوکة)، ئەمانە دوورکەوتنەوەیە لەڕاستی و ڕەسەنی زاراوەکوردییـەکانمان چـونکە لێکدانـەوەی جوانتر و نزیکتر لەڕاستیەوە هەیە، بۆ نـاوی گونـدی شیواشـۆك، ئـەویش بیروبۆچـونی هەڵێنجراوە لەسروشتی شوێنەکە وەك لەسنورەکە لەنێوان مەرزان وشیواشـۆك هەنـدیٚ کـانی(خوێاوك) لـەئاقارەکانیان بوونیـان هەیـە، هـەر کاتێـك ئـاوی کانی(سـوێراو) لەبـەری بڕوات(شـیوی شـۆرەکات) دروسـت دەبێـت، کەواتـە دەکرێـت ناوەکـەی لە(شیوەڕۆکی شۆرەکات) یان(شـیوەڕۆکی شـۆراوك)ەوە هـاتبیٚ، و لـەزاران بـوو بێـت بە(شیوە شۆك) و(شیوا شۆك)، وەك زانراویشە گوندەکە لە شـیوەکەوە نزیکـەو لەسـەر کەندیٚ بونیاتنراوە.

(١) سەبارەت بەگوندی شیواشۆك چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەم بەرێزانەی خوارەوە ئەنجامداوە.
١-مەجید عەلی سمایل مەرزانی، لەدایکبوی ١٩٣٩ی شیواشۆك، لە٢٥-١٢-٢٠١٣، هاولاٌتی.
٢-دادوەر هیمداد مەجید عەلی مەرزانی، لەدایکبوی ١٩٧٠ی شیواشۆك، لە٢٥-١٢-٢٠١٣.





سـەبارەت بـەزاراوەی(خواریٚ) لەنەخشـەکانی هۆبـەی کشـتوکاڵی تەقتـەق ووتراوە(خلف)واتـە پشـتەوە، بـۆ شیواشـۆکی سـەریٚ-ش نوسـراوە(قدم) کـە کـورد کردوتیە(قەڵەم) واتـە پێشـەوە، ئەمـەش هاوشێوەی(سـفلی وعلیا)یـە واتـە خـواروو وژوورو، هەر کاتێك لەنزیك یەکەوە دوو گوند ناویان وەك یەك بـوو یـان وتراوە(گـەورەو گچکە) یان(خواروو وسەروو)، بۆیە لێـرەدا بـەباشمزانی بوترێت(شیواشـۆکی خـواروو) لەجیاتی شیواشۆکی خەلەفی عەرەبییەکە.

### سنوری گوندی شیواشۆکی خواریٚ

بـەدووری(١١)کیلۆمـەتر لـەباکوری تەقتـەق هەڵکـەوتووە، هاوسـنورە لەگـەڵ گوندەکانی(شیواشـۆکی سـەریٚ وگۆپتەپـە لـە بـاکور و تاڵـەبانی گچـکە ومـەرزان وئیلنجاغی گەورە لەباشورو داربەسەری گچکەوگەورە لەرۆژئاوا ودارەبەڕوو وکونە گورگ لـە ڕۆژهـەلاٌت وکێڵەسـپی ومـام قلیـنج لـەباکورو بـاکوری ڕۆژهـەلاٌت)، کـەرتێکی کشـتوکاڵیە بـەژمارە(٣٣)سـەر بەهۆبـەی کشـتوکاڵی تەقتەقـە، تێکـڕای ڕووبەرەکـەی(٩١٨٠)دۆنمـەو(٢٧٨٢)دۆنمـی شـیاوی چاندنەو(٤٩١١)دۆنمـی پـاوان ولەوەڕگایە،(٨٩)دۆنمی حەرەمی گوندەکەیـە، کەوتۆتـە نێـو هێڵـی درێـژی(٤٤,٣٢-٤٤,٥٤)ی خۆرهـەلاٌت ونێـو بازنـەی پـانی(٣٦-٣٦,١٠)ی بـاکوری گـۆی زەوی،(٥٠٠)مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.

لەدیارترین پارچە زەوییە پشتاوەکانی(کاشەمە، چۆمی تـوان، ڕەشـان، کرۆسـکین، تەیمەز)، هەروەها چەند پارچە زەوییەکی بەراویشی هەبووە وەك(سـوراوان، جەگـەنۆك، کاولی غەریف، بەرسۆر، حەسەن کە، عارەبۆك، خۆلە ڕێژە)، دۆڵی ڕزی و حەسـەن کـە، دوو کارێزن، لەگەڵ کانیاوەکانی(گۆمی هێسترخنکاو، ڕەشان، گۆمە مەولود، چـرمنە، کانی خومار، پلوسکە، خولە، تاراوان) لەسـنوری گوندەکـەدا هەنـە، هـەروەها چـەند بانویەکی هەیە وەك(بانی چۆمی توان، بانی کرۆسکین، بانی کاشەمە، بانی ڕەشـان)، وە

بەرزترین گردی سنورەکەی گردی(گەڕی مەلا کەشکە)یە، کەنزیکەی ٥٥٠مەتر بەرزە، هەروەها لەچەند پارچە زەوییەك شوێنەوار بەدیدەکرێت وەك(گردی خۆڵە ڕێژە و کونە مێرو وئاشی کەندێ)، لەگەڵ چەندین گۆڕستانی وەك(شێخ باوەکر) کەمردووی لێ دەنێژن، هەروەها گۆڕستانی حەسەن کە وگۆڕستانی قەبری خدر هەیتە، لەگەڵ چاکەکانی(شێخ زەینەڵ وئۆمەرمەندان وشێمحەمەدی بەرگری).

## پێکهاتەی دانیشتوانی گوندی شیواشۆکی خوارێ

هەرچەندە شیواشۆکی خوارێ خزمانی تیرەی(مەرزانی) ئاوەدانیانکردۆتەوە، بەڵام هەندێك تیرەی تر هاتوون و لەلایان نیشتەجێبوون و بوون بەشیواشۆکی وەك(خۆشناوەکان لەتاڵەبانی گەورەوە، پالأنیەکان لەگوندی کونەگورگەوە، مەمانەکان لەگوندی داربەسەرەوە، گەرمکیەکانی تەقتەق و داربەڕوویییەکان)یش هاتوون بۆ شیواشۆك وبەیەکەوە ژیانیان بردۆتە سەر.

کێخوا سمایلی ڕەسوڵ ئاغا لەگوندی مەرزانەوە هاتووە و ئاوەدانیکردۆتەوە، زۆرینەی خەڵکەکەی لەتیرەی(مەرزانی)یە، لەدیارترین کێخواکانیان(کێخوا سمایلی ڕەسوڵ ئاغا) وکێخوا عەلی کوڕی سمایلی ڕەسوڵ ئاغا(عەلی شون هەڵگر)ە، هەروەها چەندین کەسایەتی جوتیاری و کوردەواری لێ هەڵکەوتووە وەك(کێخوا عەلی شون هەڵگر و سۆفی پیرداود وحاجی حەسەنی مام تەیب وحاجی مستەفای گەرمکی وحەمەدەمینی حوسێنی قادر وحاجی حەمەد ئۆمەر)، لەساڵی خوێندنی(١٩٧٧-١٩٧٨) قوتابخانەی لێکراوەتەوە ویەکەم بەڕێوەبەری ناوی(چەتۆ ڕەئوف حەویزی) ئەندامی پێشوی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە، ودواتر(دڵپاك عەبدولرەحمان ڕووتەی کۆیی)بووە.





لەساڵی ٢٠١٣ژمارەی خێزانەکانی(٣٨)خێزان و(٢٨٧)سەرخێزان بووە، لەپرۆژە خزمەتگوزارییەکانی(قوتابخانە وکارەبای نیشتمانی ومزگەوت وهۆڵی پرسە وپرۆژەی ئاوی خواردنەوە وبنکەی تەندروستی وئاوەڕۆ و بەنداۆچکەی شیواشۆك)ە.

## کەسایەتیەکانی شیواشۆکی خوارێ

## کێخوا عەلی شوون هەڵگر(١٨٨٧-١٩٨٧)

ناوی تەواوی کێخوا عەلی کوڕی کێخوا سمایلی کوڕی ڕەسوڵ ئاغایە، ناسراوبووە بە(کێخوا عەلی شوون هەڵگر)هەندێ جاریش بەکێخوا عەلی شیواشۆکی ناوبانگی دەرکردووە، ساڵی ١٨٨٧لەگوندی شیواشۆك هاتۆتە ژیانەوە، لەژیانیدا دوو ژنی هێناوە(فاتیمە)ی خێزانی خەڵکی گۆپتەپەی ئاغجەلەرو(زولێخا)ش خەڵکی(کونە گورگ)ی تەقتەق بووە، کێخوا سمایلی باوکی گوندی شیواشۆکی لەسەر داوای حەماغای کۆیە ئاوەدانکردۆتەوە، پەیوەندییەکی باش لەنێوانیاندا هەبووە، ئەوەش پەیوەندی بەوە هەبووە کە ڕەسول ئاغای باپیری کێخوا عەلی، حەماغای کۆیەی لەدەستی جەندرمەو ئەفسەرانی عوسمانی رزگار بکات و لەئاقاری(گەری عاسێ)لەنێوان ئیلنجاغ و مەرزان بۆماوەی ٣مانگ داڵدەی دەدات تا عوسمانیەکان لێبوردنی بۆ دەردەکەن.

حەماغای کۆیە کە دەگەڕێتەوە کۆیە دەیەوێت قەرزی ڕەسوڵ ئاغای مەرزان بداتەوە، بۆیە بەدوای دەنێرێت و پێی دەڵێت دەبێت شیواشۆك ئاوەدان بکەیتەوە، ئەویش سمایلی کوڕی کەدەکاتە باوکی کێخوا عەلی دەنێرێت و شیواشۆك ئاوەدان دەکاتەوە و حەماغاش ٢٠٠سەر مەڕی بۆ دەنێرێت وەك پاداشتی چاکەی ڕەسول ئاغای باوکی.

کێخوا عەلی جگە لەوەی کوردپەروەر ومیوان دۆست و قۆناغ بووە لەشیواشۆك، لەبواری شوێن پێ هەڵگرتنیش بەهرەیەکی زۆری هەبووە و دەزگاکانی پۆلیس سودیان لەکارەکەی وەرگرتووە و سەرەداوی چەندین کێشەو گرفتی بۆ دوزیونەتەوە، ئەوکەسایەتیەی مێژووی گوندی شیواشۆك دوای ١٠٠ساڵ تەمەن لە ٢١-٣-١٩٨٧لە گەڕەکی باداوەی شاری هەولێر کۆچی دواییکردووە. ئەم زانیاریانەم لەکتێبی(کوێخا عەلی مەرزانی وبەهرەمەندی لەشوێن پێ هەڵگرتن)ی دادوەر دکتۆر هیمداد مەجید مەرزانی، چاپی یەکەمی ٢٠٠٦ی چاپخانەی یادی سلێمانی لاپەرە١٣-١٥وەرگرتووە.

## ڕوخان وکاولکارییەکانی گوندی شیواشۆکی خوارێ

بەهۆی بارودۆخی هەرێم وناوچەکە گوندی شیواشۆکی خوارێ چەندین جار دووچاری شاڵاو وپەلاماری دڕندانەی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی بەغدا هاتۆتەوە، وەك پەلاماری حەرەس قەومی ساڵی ١٩٦٣کەبووە بەمایەی تالان وسوتانی ماڵ وحاڵی هاولاتیانی و شەڕی لابالی مەکتەبی سیاسی و پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٦٦لەو گوندە ڕوویداوە و ساڵی ١٩٨٠بەهۆی بوونی نەوتەوە لەگەڵ ٨گوندیتری سنورەکە ڕاگوێزراوە و ساڵی ١٩٨٨لەئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال ئەو گوندە لەگەڵ زەوی تەختکراوە.



## گوندی کونەگورگ

## کونەگورگ لەچیەوە هاتووە؟

کونەگورگ وەك زاراوە بەمانای(لانەی گورگ)دێت، بەلام ئەم یەکلاییکردنەوەی ناوەکەی لەماناوە، ڕێگرنەبووە لەوەی بیروبۆچونیتر سەبارەت بەناوەکەی هەبێت، چونکە بۆچونێك هەیە دەڵێت"خاکی ئەو شوێنە گرەکەی(گڵ) گرەجانێکی باشی هەبووە بۆ خۆشوشتن و نەخۆشی هەستیاری(حەساسیە)، لەووراتی کۆیەش هەندێك جار بەم حاڵەتە ووتراوە(کونەگر)، دەکرێت ئەو کونەگرە گۆڕانی بەسەراهاتبێ وبووبێت بە(کونەگورگ).[٢]

## سنوری گوندی کونەگورگ

بەدووری(٧)کیلۆمەتر لەباکوری ناحیەی تەقتەق هەڵکەوتووە، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(باغەجنێر وپەڵکانە لەڕۆژهەڵات و تاڵەبانی گچکەوشیواشۆکی خوارێ لەخۆرئاواو داربەڕوو لەباکور و تاڵەبانی گەورەش لەباشور)، کەرتێکی کشتوکاڵی ژمارە(٣٦)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، تێکڕای ڕووبەرەکەی(٦٨٨٤)دۆنمە و(٦١٥)دۆنمی شیاوی چاندنەو(١١١٥)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایەو(٢٥)دۆنمیش حەرەمی گوندەکەیە.

لەدیارترین پارچە زەوییە پشتاوەکانی(بانی باندار، بانی کونە سیخورە، بانی سەرچارگە، بانی بەرەوپشت ڕێ، بانی بەلێگیس، بانی عەدە، بانی سۆرگور)، هەروەها

---

[٢] بۆزانیاری وەرگرتن لەسەر گوندی کونەگورگ سود وەرگیراوە لەگەڵ چاوپێکەوتنی ئەمانەی خوارەوە:
١-جەوهەر ئۆمەر حوسێن خدر، لەدایکبووی ١٩٣٦ی کونەگورگ، لە١٠-١-٢٠١٣، هاولاتی.
٢-چەتۆ ئەحمەد خورشید، لەدایکبوی ١٩٤٩ی کونەگورگ، لە٢٩-٣-٢٠١٤، هاولاتی.
٣-قەندیل چەتۆ ئەحمەد، لەدایکبوی ١٩٨٣ی کونە گورگ، لە٢٩-٣-٢٠١٤، ئەنجومەنی گوند.
٤-دیلمان چەتۆ ئەحمەد، لەدایکبوی ١٩٨٥ی کونەگورگ، لە ٢٩-٣-٢٠١٤، هاولاتی.

چەند بەراوێکیش لەمێژوویدا هەبووە وەك(بیرۆکە و چاراوان وهەنجیرە وبیبیەکە و دۆری خانی )ئەمرۆ لەبەر بێ ئاوی ئەو بەراوانە نەماون، هەروەها چەند گردێك لەئاقاری ئەو گوندە بوونیان هەیە وەك گردەکانی(گردی کونە سیخورە و گردی قشپلە و گردی خانیان وگردی قەتار وگردی بەڕوولانە و گردی چراخ)، لەدیارترین پارچەی شوێنەواری(کەندی کەیلان)ە، کە خەڵکی گوندەکە پێیان وایە پێش شوێنی ئەمڕۆی کونەگورگ، لەسەردەمانی زوو لە(کەیلان)بوون، هەروەها جگە لەگۆڕستانی(بان شاخ) کە ئەمڕۆ مردووی لێ دەنێژن کە(حاجی عوسمان) زەوییەکەی داوە بۆ گۆڕستان لەرێی خودا(لەراهی خوا)، چەند گۆڕستانێکیتری هەیە وەك(گۆڕستانی بانی باندارە) کە گۆڕستانێکی زۆر کۆنەو هەروەها یەك چاکیش لەگوندەکەدا هەیە بەناوی(شێخ ڕەسوڵ)کە پێیان وایە بۆسەردەمی یاوەرانی پێغەمبەر(د.خ)دەگەڕێتەوە، بیروبۆچون وباوەڕیان وایە کە ئەگەر چڵەدارێك لەچڵەکانی ئەو ٢٥بنەدارەی سەرگۆڕستان وچاکەکە بکەیتەوە، ئەوا دووچاری شکستێکت دەکات، بەڵام ئەگەر هەر لەژێر سێبەری دارەکان بۆ چاخواردنەوەوشیولێنان بەکاری بهێنی گوناح نیەوقبولێەتی.

## پێکهاتەی دانیشتوانی گوندی کونەگورگ

خزمانی گوندی کونەگورگ هەمویان لەیەك تیرەن ئەویش(پالآنی)یە، حاجی خورشیدی باپیرەیان ئەو گوندەی ئاوەدانکردۆتەوە، لەدیارترین کێخواکانی(کێخوا ئەحمەدی کوڕی حاجی خورشیدی کوڕی ئەحمەد)، ولەکەسایەتیە کوردەواری و جوتیارییەکانی( کێخوا خورشیدی کوڕی ئەحمەد وئۆمەرحوسێن سۆفی خدر و خدرگاڕەشە)، لەخوێندنی ساڵی ١٩٧٠-١٩٧١قوتابخانەی لێکراوەتەوە، یەکەم بەرێوەبەری(مامۆستا سالار)بووە، لەساڵی ٢٠١٣ژمارەی خێزانەکانی(٣)خێزان و(٢٦)سەرخێزان بووە، لەڕووی کارە خزمەتگوزارییەکانەوە هەژارەو تەنها کارەبای نیشتمانی هەیە.





## گوندی باغەجنێر

## باغەجنێر لەچیەوە هاتووە؟

سێ بیروبۆچون سەبارەت بەناوەکەی هەیە، یەکەم دەڵێت" لە(باخی ژن نێر)ەوە هاتووە و بووە بە(باغەژنێر)"، ئێستاش زۆربەی بەتەمەن وبەساڵاچووەکانی ئەو گوندە لەزاران دەڵێن(باغەژنێر)، دووەم پێی وایە" لەباغی(جونێر)ناوێکەوە هاتووە"و سێیەمیش بە وەرگێرانی پیتەکانەوە دەڵێت" لەباغی هەنجیرەوە هاتووە".[٣]

## سنوری گوندی باغەجنێر

بەدووری(٧)کیلۆمەتر لەباکوری خۆرهەڵاتی ناحیەی تەقتەقە، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(موخەڕەس و چۆمەیدەر لەخۆرهەلآت وکونە گورگ وتاڵەبانی گەورە لەخۆرئاواو ناسراغاوپەڵکانەوتەکەڵتو لەباکور و تەقتەق وسەرکەڵەك وزێی بچوك لەباشور)، کەرتێکی کشتوکاڵی ژمارە(٣٧)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، تێکرای ڕووبەرەکەی(١٠٨٣٥)دۆنمە ،(٢٦٥٣)دۆنمی شیاوی چاندنەو(٢٣٤٧)دۆنمی پشتاوەو(٦٦٠٠)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایە ،(٥٢)دۆنمیشی حەرەمی گوندەکەیە، گەورەترین ڕووبەری لەنێوان گوندەکانی تەقتەق هەیە کە(٢٧)کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.

---

[٣] لەسەرگوندی باغەجنێر چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم بەرێزانەی خوارەوە کراوە:

١-محەمەد عومەر حەوێز ئەسعەد خاڵەداود، لەدایکبوی ١٩٦٣ی باغەجنێر، لە١٦-٢-٢٠١٣، ئەنجومەنی پێشوو.

٢-سەرهەد حەمەد حەسەن حەمەد، لەدایکبوی ١٩٧٠ی باغەجنێر، لە١٦-٢-٢٠١٣، ئەنجومەنی گوند.

٣-خوالێخوشبوو حەسەن عەبدوڵلا سادق ئۆمەر وەسمان شوانی، لەدایکبوی ١٩٦٣ی باغەجنێر، لە١٦-٢-٢٠١٣، بەرێوەبەری قوتابخانە.

٤-حاجی سابیر سادق ئۆمەر، لەدایکبوی ١٩٢٠ی باغەجنێر، لە١٠-٥-٢٠١٤، هاولآتی.

٥-باپیر سابیر سادق، لەدایکبوی ١٩٦٤ی باغەجنێر، لە١٠-٥-٢٠١٤، هاولآتی.

٦-نەسرەدین عەلی ئیسماعیل، لەدایکبوی ١٩٥١ی باغەجنێر، لە١٠-٥-٢٠١٤، هاولآتی.

لەسنوری گوندەکە چەند زەوییەکی شوێنەواری بەدیدەکرێن وەك(شێرەسوار، بەدوری ٣کیلۆمەتر لەباکوری ئاواییەو فرەمالاَن، بەدووری نزیکەی یەك کیلۆمەتر لەخۆرئاوای گوندەکەیە وسەردەمانی کۆن ئاوەدانی بووە، سەرمۆرد، بەدووری ٣کیلۆمەتر لەباشوری رۆژهەلاَتی باغەجنێرە، هەروەها گردی قەلاَتی جێژنە لەرۆژهەلاَتی وئەشکەوتی(حوسێنیە) بیروبۆچون وایە ئەو ئەشکەوتە پاشماوەی چاخی بەردینەکانی تێدابێت)، جگە لەگۆڕستانی(مەلابرایم) کە ئەمڕۆ خەلّکی ئاوایی مردوی لیّ دەنێژن، چەند گۆڕستانێکیتری هەیە وەك گۆڕستانەکانی(قەبرەغەریبە، شێرەسوار، سەرمۆرد، کوچك نەخشینە)، بۆ کوچك نەخشینە بیروبۆچون هەیە دەلّێت گوندبووە بەناوی(کەیلان) کە ٣کیلۆمەتر لەخۆرئاوای باغەجنێر هەلّکەوتووە.

لەکۆندا پشتی بەئاوی کانی وکارێزەکان بەستووە لەگرنگترینیان: کارێزی دارەتووە، کەزۆرترین ئاوی هەبووە، هەموو خەلّکی ئاوایی سودی لیّ بینیووە، بەراوێکی زۆریشی لەبەربووە، هەروەها کارێزەکانی مارگەستی وفەقیّ ئاشور وباخچەوکۆخانیش لەو گوندە هەبوون لەگەلّ کانیاوەکانی(کانی وەسمان ومەولود ئاغاو یاقوبە وپلکەبۆریّ وهەردوو کانی هەنارەو کۆخان وکانی عەرەبەو کانی سولاوکە).

لوتکە قەلّ بەرزترین بەرزایی سنورەکەیە کەوتۆتە نێوان گوندی باغەجنێر و گوندی تەکەلّتو لەبەرزایی تەکەلّتوو، لەدیارترین زەوییە بەراوەکانیان(قورمینگە وبەرجۆگە وپشت مالاَن)بووە، وە لەدیارترین زەوییە پشتاوەکانیان(دۆلّی پشتیش وگورگە وهەیتان وباریکە وڕەزان ومۆردان وبەرکەسەر و تەتەرمینگە و سەردڕکە وقەرەقاجین وتارجین وسیتەغاروکانی مەلابرایم و کۆلّە ڕەش)بووە.

## پێکهاتەی دانیشتوانی گوندی باغەجنێر

پێکهاتەی گوندی باغەجنێر فرەتیرە وبەرەیە، زیاتر لە(٨)تیرە لەو گوندە بەیەکەوە ژیاون، ئەوانیش بەرەو تیرەکانی(داودی وزەنگنە وشوان وپالاَنی وتازەئەحمەد وجاف




ووەسمان ومەلازادە)ن، خەلّکی باغەجنێر بەرەی وەسمان کە نەوەی(کێخوا وەسمان) ناوێکن، ئەو کێخوا وەسمانە بەئاوەدان کەرەوەی باغەجنێر دادەنێن، و دەلّێن یەکەم کەس بووە لەشوێنی ئەمڕۆی باغەجنێر نیشتەجێبووە ودواتر لێرەو لەویّ تیرەوبەرەبابەکانیتری وەك خدرگدرون وپیرداود وعەولّلا حەبیب ودەروێش سمایل ووەسمان جۆلاّ وتازەئەحمەد ومەلازادە هاتوون و لەتەکیەوە لەباغەجنێر نیشتەجێبوون.

دیارترین کێخواکانی مێژووی باغەجنێر ئەمانە بوون( کێخوا وەسمانی یەکەم، کێخوا خدری ئەحمەدی وەسمان، کێخوا سلێمان خدر مەلازادە، کێخوا حەمەخان سلێمان مەلازادە، کێخوا سابیر سلێمان خدر مەلازادە، کێخوا زرار عومەر تەکەلّتویی)، هەروەها چەندین کەسایەتی کوردەواری و جوتیاری لەباغەجنێر هەلّکەوتووە وەك(حەوێز برایم کە بە سۆفی حەوێز بەناوبانگ بووە، حاجی حەوێز ئەسعەد، سادق ئۆمەر، حاجی رەسول حەمەد)، هەروەها لەمێژوی باغەجنێر دوو مەلای بەناوبانگی هەبووە وەك(مەلا سەعید کوری برایم ومەلا حەمەدەمینی کوری مەلاسەعید).

لەسالّی ٢٠١٣ ژمارەی خێزانەکانی(٥٢)خێزان و(٢٥٠)سەرخێزان بووە، لەسالّی خوێندنی(١٩٥٩-١٩٦٠)قوتابخانەی لێکراوەتەوە، یەکەم بەرێوەبەری(کەمال خدر کۆیی پەستەك سۆر)بووە، لەکارە خزمەتگوزارییەکانی(پرۆژەی ئاوی خواردنەوە ورێگای تێکەلّەرێژو کارەبای نیشتمانی وبنکەی تەندروستی و جۆگەی ئاودێری و قوتابخانەو مزگەوت)ە.

## لەگۆتەی کوردەوارییەوە ووتراوە

## دەرێی توری باغەجنێرە

سروشتی خاکی باغەجنێر وپێکهاتەکەی وشارەزایی جوتیارانی لەچاندنی ئەو سەوزەیەو شیرینی تورەکەی وایکردووە بەناوبانگ بێت، بەتایبەت کاتێك بردراوە بۆ بازاڕ لەبەر خاسیەتە باشەکانی زوو فرۆشراوەو کڕیار عەودالّی بووە، زۆرجاران

دێوەرەکان توری شوێنێکی تریشیان لابوایە بەتوری باغەجنێر بانگیانکردووە تازوو بفرۆشرێت، بۆیە ئەگەر لەووراتی کۆیە تورێکی شیرین وبەتام بەدەست بکەوێت وەکو درکەوکینایەوئیدیۆم ووتراوە"دەرێی توری باغەجنێرە"، هەروەها منالانی ئەو گوندە لەخوێندنگەکانی تەقتەق دەیانخوێند زۆر جاران بەگاڵتەوە دەیانگووت"دوو کووزە توری باغەجنێر بخۆن، لەتاقیکردنەوە مەترسن"، ئەمەش گوزارشت بوو بۆ چاکی وشیرینی وبەتامی توری باغەجنێر.

## ڕوخان وکاوڵکارییەکانی گوندی باغەجنێر

ئەو گوندە بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندەوە لەعێراق چەندین جار چۆڵکراوە ودووچاری پەلاماروشالاّوی دوژمنکارانە هاتووە وەك پەلاماری ساڵی ١٩٦٣ی حەرەس قەومی وساڵی ١٩٨٧بۆردومان وتۆپبارانی دوژمنی بەعس بۆ گوندەکە بووە هۆی شەهیدبوونی هاولاّتی(نازم رەسول ساڵح) وپەلاّماری ئەنفالی چوار لە٣-٥-١٩٨٨وایکرد گوندەکە بەتەواوەتی تەخت بکرێت و وێران بکرێت.

## کەسایەتی گوندی باغەجنێر

### مەلا حەمەدەمین باغەجنێری(١٩٤١-١٩٩٧)

ناوی تەواوی(حەمەدەمین مەلا سەعید برایم)ە، ناسراوبووە بە مەلا حەمەدەمینی باغەجنێری، ساڵی ١٩٤١لەگوندی باغەجنێرەوە هاتۆتە ژیانەوە، لەساڵی ١٩٨٠لەلایەن زانای ئاینی پایەبەرزی کورد(مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) مۆڵەتی مەلایەتی پێبەخشراوە، بۆماوەیەك سەرۆکی ئەنجومەنی زانستی و زانایانی ئاینی شاری کەرکوك بووە، دەستنوسێکی بەناوی(ئامۆژگاری لەڕووی ئاینی و کۆمەلاّیەتیەوە)لەدوای خۆی بەجێهێشتووە، لە٢٥-٤-١٩٩٧کۆچی دواییکردووە.





## گوندی تەکەڵتو

### ناوی تەکەڵتو لەچیەوە هاتووە؟

دوو بیروبۆچون لەسەر ناولێنانی گوندەکە هەیە، یەکەمیان دەڵێت لە(یەك تاکە کەڵەتوو)ەوە هاتووە، واتە تەنها (تاکە کەڵەتوویەك)، دواتر بووە بە تەکەڵتو، دووەمیان دەڵێت لە(تەکەڵتوی زینی وولاّغەبەرزە)ەوە هاتووە، ئەو زاراوەیش لە شێوەی بەرزایی تەکەڵتو وەرگیراوە، کە بەرزاییەکە لە تەکەڵتوی زینی ئەسپ دەچێت، خەڵکی ئاواییەکە زیاتر بیروبۆچونی دووەم پەسند دەکەن.[٤]

## سنوری گوندی تەکەڵتو

بەدوری(٨)کیلۆمەتر لەسەرووی خۆرهەلاّتی تەقتەق هەڵکەوتووە، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(ناسراغا لەباکورو بانەگولاّن لەباکوری خۆرهەلاّت وشیوەجان لەڕۆژهەلاّت وگەرمکی ساتوقەلاّ لەباشوری خۆرهەلاّت وموخەڕەس لەباشورو باغەجنێرلەخۆرئاوا)، کەرتی ژمارە(٤٦)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، تێکڕای ڕووبەرەکەی(٣٥١٨)دۆنمە و(١٢٤٥)دۆنمی شیاوی چاندنەو(١٩٠٠)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایە،(١٥)دۆنمیشی حەرەمی گوندەکەیە، ٦٣٩مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە لەلاپاڵی بەرزترین بەرزایی سنوری ناحیەی تەقتەق(چیای تەکەڵتو)ە، کە ٨١٠مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، کەوتۆتە نێو هێڵی درێژی(٤٤,٤٠-٤٤,٦٧)ی خۆرهەلاّت و نێوبازنەی پانی(٣٥,٥٦-٣٥,٩٤)نیوەی باکوری گۆی زەوی.

---

[٤] چاوپێکەوتن کراوە لەگەڵ:

١-محەمەد تاهیر رەشید مەمان، لەدایکبووی ١٩٦٥ی تەکەڵتو، لە٤-٥-٢٠١٤، هاولاّتی.

٢-عەمبەر سەعید مستەفا، لەدایکبووی ١٩١٧ی تەکەڵتو، لە٤-٥-٢٠١٤، هاولاّتی.

لەدیارترین پارچە زەوییە پشتاو ودێمەکارەکانی بریتین لە چارداران، کەبەردار، کۆتان، سوولی، حەسەنالی، سیتەغاری سێ ئاقارە لەنێوان گوندەکانی(باغەجنێر و تەکەڵتو وناسراغا)یە، زەوییە بەراوەکانی بریتین لە(دڕکە وگویزێ وئەشکەوتێ)، هەروەها لەکۆندا چەند ڕەزێك لەئاقاری ئەو گوندە هەبووە وەك(ڕەزی کانی جۆنی و ڕەزی ئەشکەوتێ و ڕەزی گویزێ)، کارێزی(کانی کۆڵکە)وکانیاوەکانی(سێ کۆ و سێ توان وکانی مەڕیی و جۆنی وگەرمکە)، ئاوی ئاوایی تەکەڵتویان لەڕابردوو دابینکردووە.

بەرزترین ئاقاری گوندیش لوتکی(لوتە قەل)ە لەشاخی تەکەڵتو لەنێوان سنوری (باغەجنێروتەکەڵتو)دایە، (ئەشکەوتی سولی و ئەشکەوتی دێواری) لەسنورەکە بۆ شەوینی مەڕومالاّت بەکارهاتوون و لەمێژوی ئەو گوندە (ئەشکەوتی دێواری) جارێك دارماوەو شوانێکی بەناوی(خدر حەویز ڕەسوڵ)کەوتۆتە ژێرگڵەوەو گیانی لەدەست داوە.

لەڕووی شوێنەوارییەوە چەند خرابگەیەك لەو گوندە بوونی هەیە وەك(کەیلان و خرابگە وگردی فەلان وهەوارگە)، کە گۆزە وبەرد وپارچەی ئاسنی جۆراوجۆری لێ دۆزراوەتەوە،(هەوارگە) تایبەتمەندییەکی تری هەیە ئەویش ئاوێکی سازگاری هەیە کەلەشاخی تەکەڵتوەوە سەرچاوەی گرتووە.

هەروەها چەند گۆڕستانێکیش لەسنوری گوندەکە هەیە وەك(گۆڕستانی هەوارگە، گۆڕستانی گردی فەلان، گۆڕستانی کانی تاتوك، گۆڕستانی خرابگە)، کە ئەمڕۆ خەڵکی ئەو ئاواییە لەگۆڕستانی(خرابگە) مردوویان دەنێژن، چەند چاکێکیش لەو ئاواییە هەبوون وەك:

١- چاکی خەجیلە وشێمحەمەد: کە خەڵکی ئاوایی لەکاتی نەخۆشیدا سەردانیانکردووە.



٢- چاکی کانی تاتوك: ئەو ئاژەڵدارانەی کە ئاژەڵەکانیان نەخۆشی تێکەوتووە، مێگەڵەکەیان بردۆتەسەر ئەو چاکەوچاکەکەش ئاژەڵێکی گلڵداوەتەوە وخاوەن ئاژەڵەکەش ئەو ئاژەڵەی کردووە بەخێر.

٣- چاکی نەنە پیرۆزە: نەنەپیرۆزە باوەڕداربووە، لێی دەگێڕنەوە لەگوندی (قەرەناو)ی ناوچەی شێخ بزێنی سەروودا گەڕاوەتەوە، شەو لەتاریکیدا پەنجەی بووە بەچرا و ڕێگای بۆ ڕووناك کردۆتەوە، بەڕەچەڵەك خەڵکی گوندی(کانی سور)ی ناحیەی ئاشتی ئەمرۆ بووە و لەسەیدەکانیش بووە.

## پێکهاتەی دانیشتوانی گوندی تەکەڵتو

لەڕووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە هەموویان لەتیرەی(مەمان)ن، دوو بیروبۆچون لەسەر هاتنیان بۆ گوندی تەکەڵتوو هەیە، یەکەمیان دەڵێت: دوو برابوون لەناوچەی (دزەیی) هەولێرەوە هاتوون، یەکێکیان تەکەڵتوی تەقتەقی ئاوەدانکردۆتەوە، ئەویتریشیان گوندی(کەپەنکی ناحیەی شوان)، کە گوندی کەپەنك لەشێخ بزێنی سەروودا تاکە گوندە نەکەوتۆتە ژێرکاریگەری دەسەلاّتی ئاغاکانی شێخ بزێنی سەروو، دووەمیان: هەمان بیروبۆچونە بەلاّم پێیانوایە لەکوردستانی خۆرهەلاّتەوە هاتوون.

خەڵکی ئاواییەکە کۆکن لەسەر ئەوەی(کێخوا سولێمان مەمان) گوندی تەکەڵتوی بونیادناوە، لەسەرەتا لەخوار ئاوایی ئەمڕۆ لەشوێنێك نیشتەجێبووە بەناوی(کەیلان)، پاش ماوەیەك ئینجا هاتۆتە شوێنی ئەمڕۆی گوندی تەکەڵتو، تەکەڵتوییەکان لەچوار خانەوادەی سەرەکی پێك دێن ئەوانیش(بەرەبابی عومەرکێخواسلێمان مەمان و بەرەی کێخوا سابیر حوسێن حەمەد و بەرەی حەمەسالّح سەعید وبەرەی مەلا مەعروف)ن، کەبەرەی مەلامەعروف بەپیشەی مەلایەتیەوە خەریکبووە و دواتر بەهۆی ژن وژنخوازییەوە لەگەڵ تەکەڵتوییەکان تێکەڵبوون، لەدیارترین کەسایەتی بەرەی مەلا مەعروف(مەلا مەجیدی کوری سەعیدی کوڕی مەعروف)ە.

ئەوانەی کێخوایەتی گوندی تەکەڵتویان کردووە ئەمانە بوون(کێخوا سلێمان مەمان، عومەرسمایل مەحمود، ئەمین عومەر سمایل، ڕەشید ئەمین عومەر، کەریم سالح ئۆمەر، سابیر حوسێن حەمەد، عەبدولعەزیز ڕەسول ئەمین، سوارە عەبدولعەزیز ڕەسول، زرار سدیق عەساف، قادر حەوێز ڕەسول)، وە لەکەسایەتیە کوردەواری وجوتیارییەکانی(ئەمین عومەر سولێمان وحاجی حەوێز ڕەسول ڕەشید ومامەحەمەدی مام عەلی ومامەسمایلی کوڕی مام ئەمین ومام قادری کوڕی ئەحمەد ئەمین وحاجی سمایلی حەمەد ومام حەمەسالحی سەعید ومەلا سەعیدی مەلا مەعروف)بوون.

لەساڵی ٢٠١٣ژمارەی خێزانەکانی(٩)خێزان و(٤٩)سەرخێزان بووە، لەساڵی خوێندنی(١٩٧٨-١٩٧٩)قوتابخانەی لێکراوەتەوە، یەکەم بەرێوەبەری(فەوزیە حەمەد هەولێری)بووە، لەکارەخزمەتگوزارییەکانی(ڕێگای تێکەڵە ڕێژ، کارەبای نیشتمانی، پرۆژەی ئاوی خواردنەوە، قوتابخانە، مزگەوت)ە.

## کەسایەتیەکانی تەکەڵتو

## مەلا مەجید تەکەڵتویی(١٩٤٢-٢٠٠٩)

ناوی(مەجید سەعید مەلا مەعروف)لەساڵی ١٩٤٢لەگوندی تەکەڵتوو لەدایکبووە، لەفەقێیایەتی لەمزگەوتەکانی کۆیە خوێندویەتی، لەمزگەوتی(حەتك) لەلای مەلا محەمەد ولەمزگەوتی(پەلك)لای مەلا حەمەدەمین و لەمزگەوتی(مەلا جامی) لەلای مامۆستا مەلا زاهیرو لەمزگەوتی(سەرباغ)لەلای مەلا قادر دەربەندی ولەمزگەوتی(منارە)لەلای مامۆستا مەلا ئەحمەد خوێندویەتی.

لەو گوندانەی ووراتی کۆیە مەلایەتی کردووە(شیوەشان وکانی هەنجیری سەیدان و حاجی قەلا وشیوەجان )دواتر لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو لەلای مەلا سدیق مەلاسالحی گەرمکی لە مزگەوتی کۆنی تەقتەق دامەزراوە، لەساڵی ١٩٨١بووە بە پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی تەقتەق، لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی گەلی





کوردستان مەلایەتی لەو گوندانەدا کردووە(باغەجنێر وکانی لەلە وکانی ڕەش و قەرەناو)، لەساڵی ٢٠٠٧پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی گۆرقەرەجی تەقتەق بووە، دواجار لەسەر رەزامەندی خۆی گوازراوەتەوە مزگەوتی کۆنی تەقتەق تا لەساڵی(٢٠٠٩)دەچێتە بەر دلۆڤانی خوداو کۆچی دوایی کرد.

## ڕوخان وکاولکارییەکانی گوندی تەکەڵتو

لەنێوان سالآنی ١٩٦٣-١٩٧٤چەندین جار بۆردومانی فرۆکەو تۆپبارانی خراوەتەسەرو زۆرترین زیانی ماددیان لێکەوتوەوخۆشبەختانە شەهیدیان نەداوە، دواجار لە ساڵی ١٩٨٨لەپرۆسەی ئەنفالی چواری حکومەتی عێراقی بەتەواوەتی خاپوکراوەو وێرانبووە.

## داستانی شاخی تەکەڵتو

لە(٣-٥-١٩٨٨)، ڕووبەڕووبونەوەیەك لەنێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە لەو گوندە ڕوویدا، کە لەنێو کوردان بەشەڕی(شاخی تەکەڵتو)ناسراوە، هێزەکانی رژێمی عێراق لە(٣)قۆڵەوە پەلاماری(شاخی تەکەڵتو)یاندا، قۆڵی یەکەم: لەگوندی (کونەگورگ)ەوە، قۆڵی دووەم: لەگوندی(باغەجنێر)ەوە، قۆڵی سێیەم: لەگۆرحەمرانی گوندی(موخەڕەس)ەوە.

هێزەکانی پێشمەرگە بریتیبوون لە(تیپی ١٧ی زمناکۆ)بەسەرپەشتی(جەمیل هەورامی)سەرتیپ و(١٠٠)چەکداری سوپای بەدرو هێزی بەرگری سنورەکە کە لەچەکدارەکانی گوندەکانی(باغەجنێر و موخەڕەس وتەکەڵتو) پێکهاتبوون.

لەسعات(٥)بەیانی ئەورۆژەوە تۆپباران دەستیپێکردو لەسعات(٨)ەوە هێرشی زەمینی وئاسمانی سوپای عێراق دەستپێکردو تاوەکو سعات(١١:٤٥)پێش نیوەڕۆ شەڕ کۆتاییهات، دوای پەلامارێکی بێ شوماری جەیش وجاش بەپشتیوانی هێزی ئاسمانی ڕژێمی عێراق توانی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات، لەپێشمەرگەکانی تیپی ١٧زمناکۆ (٨)پێشمەرگە شەهیدبون و لەهێزەکەی(بەدر)یش(٦)چەکداریان شەهیدبوون.

# گوندی ناسراغا

## ناوی گوندی ناسراغا لەچیەوە هاتووە؟

سەبارەت بەناوی(ناسراغا) دووبیروبۆچوون هەیە[٥]، یەکەمیان: پێی وایە(ناسر)ناوێکی ناودار هەبووە و گوندەکە بەناوی ئەوەوە ناونراوەو بووە بە(ناسراغا)، دووەمیان: بەهۆی گرانی و قات وقڕی و نەخۆشی تاعونەوە، تەنها(ناسر) ناوێك لەو گوندە دەردەچێت، ئەوانیتر لەبرسان ونەخۆشیان هەموویان دەمرن، کاتێ پرسیارکراوە، کێ ماوە؟ ووتویانە تەنها(ناسر)ماوە، وەك(ئاغا)، بۆیە بەو گوندە وتراوە(ناسرئاغا)و دواتر بووە بە(ناسراغا)، بەهۆی ناسر و نازناوی ئاغاوە ئیتر گوندەکە ناونراوە بە(ناسراغا).

## سنوری گوندی ناسراغا

بەدووری(١١)کیلۆمەتر لەباکوری خۆرهەلاتی ناحیەی تەقتەق هەلکەوتووە، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(قوڕەبەرازەی گەورەوگچکە وبانەگولان لە ڕۆژهەلات و قۆڕیتان و پەلکانە لەڕۆژئاوا و شەوگێر لە باکورو باغەجنێرو تەکەڵتو لەباشور)، کەرتێکی کشتوکاڵی بەژمارە(٤٧)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، تێکڕای ڕووبەری گوندەکە(٥١٦٦)دۆنمە ،(١٨٠١)دۆنمی شیاوی چاندنە ،(١٥٤٨)دۆنمی پشتاوەو(١٧)دۆنمی بەراو و(٣٠٠٠)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایەو(٣٥)دۆنمیش حەرەمی گوندەکەیە ،کەوتۆتە نێوهێڵی درێژی(٤٤,٤٠-٤٤,٦٦)ی خۆرهەلات ونێو بازنەی

---

[٥] چاوپێکەوتن کراوە لەگەڵ بەرێزان:

١-نەعمان شەریف سالح، لەدایکبوی ١٩٥٢ی ناسراغا، لە١٤-١١-٢٠١٣، هاولاتی.

٢-ئەسکەندەر عەبدوڵلا حەمەد رەسول، لەدایکبوی ١٩٦٤ی ناسراغا، لە١٤-١١-٢٠١٣، هاولاتی.

٣-ئەکرەم مەولود حەمەد، لەدایکبوی ١٩٦٤ی ناسراغا، لە١٤-١١-٢٠١٣، هاولاتی.



پانی(٣٥,٥٨-٣٥,٩٧)ی باکوری گۆی زەوی، و(٥٣٣)مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.

لەدیارترین پارچە زەوییە پشتاوەکانی(زیواندارە، کانی پیرە، قەلەندەر، چەقێر، باریکە، زیانە زەوی، بانەشابان، بانێی ڕەزا)، هەروەها لەکۆندا چەند ڕەزێکی هەبووە لەوانە(ڕەز عەلی، چەمی شاخی ساواران)، وەلەدیارترین کانیاوەکانیان(کانی پیاوان، کانی گرەشین) کە کانی گرەشین ئەمرۆ بووە بەپرۆژەی ئاوی خواردنەوەی گوندەکەیان، بەرزترین گردیش لەسنوری گوندەکەدا گردی(چارداران)ە، کە خەلکی ناسراغا بە(چیای تەکەڵتو) دەڵێن(چارداران).

چەند خرابگەیەك لەسنوری ناسراغا هەیە وەك(خرابگەی ناسراغا وقەبری نارنج و کاولەخانیان وقەلەندەر)، وە جگە لە گۆڕستانی(قەبران)کە ئەمڕۆ خەلکی ئاوایی مردووی لێ دەنێژن، گۆڕستانەکانی(دیوی سۆرك و کاولەخانیان وقەلەندەرو قەبری نارنج)یشی لێیە، لەگەڵ چاکەکانی(چاکی قەلەندەر و کەلەکینە وشێمحەمەد وسیتەغارو دەرماناو)، بەتایبەت چاکی(دەرماناو) دانیشتوانی گوندەکانی(باغەجنێروشەوگێروتەکەڵتو و پەلکانەوقوڕەبەرازە و قۆڕیتان وبانەگولان وکونەگورگ)، ڕۆژی چوارشەممە سەردانیانکردووە، لەوکاتدا بیروباوەڕ وابووە شێخ ڕۆژی چوارشەممە دەگەڕێتەوە بۆلای چاکەکە(گۆڕەکە)و لەوێ ئامادە دەبێت، بۆ پێشوازیکردن لەسەردانیکەرانی.

## پێکهاتەی دانیشتوانی گوندی ناسراغا

دانیشتوانی گوندی ناسراغا لە(٥)تیرەی سەرەکی پێکهاتوون ئەوانیش(خۆشناو ولەك وئۆرمزیارو مەمان و قادرهیندی)ن، خۆشناوەکان لەڕووی ژمارەی خێزانەوە لەوانیتر زۆرترن و تیرەی(لەك)بەدوای ئەوانەوە دێن لەرووی ژمارەی خێزانەوە، دیارترین کێخواکانی ئەم گوندە(کێخوا حەمەکۆس و کێخوا حەمەد رەسول بەکر ناسراو بەکێخوا

حەمەقوربانی وکێخوا عەبدوڵڵا حەمەد ڕەسول)بوون، چەند کەسایەتیەکی کوردەواری و جوتیاری لێ هەڵکەوتووە وەك(حاجی حەمە قوربانی وقادر حەمەد سۆفی)، قادر حەمەد سۆفی خاوەن موڵك بووە لە ناسراغا، لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو موڵکەکانی بەشێخەکانی بەرزنجە، شێخ سەدرەدین کەریم وشێخ محێدینی باوکی شێخ حەسەن فرۆشتووەو لەساڵی ١٩٥٥چویتە گوندی(کانی ڕەش)ی تەقتەق، هەر بۆیە ئەم گوندە بە(شێخەدێ)بەناوبانگە و تائەمڕۆش جوتیارەکان ساڵانە دەیانەی بەرهەم دەدەنە نەوەی شێخەکان.

لەساڵی ٢٠١٣ژمارەی خێزانەکانی(١٢)خێزان و(٨٥)سەرخێزان بووە، لەساڵی خوێندنی(١٩٧٨-١٩٧٩)قوتابخانەی لێکراوەتەوە یەکەم بەرێوەبەری(مەحبوبە ئەحمەد ووردیل کێلەسپی)لەگەڵ مامۆستا(خەرمان ئەحمەد مەعروف گۆپتەپەیی)و(مەولود حەمەد ڕەسول)یش کارگوزاربووە، وەساڵی ١٩٨٢ئەو قوتابخانەیە داخراوە، لەکارەخزمەتگوزارییەکانی ناسراغا(قوتابخانە، کارەبای نیشتمانی، پرۆژەی ئاوی خواردنەوە، مزگەوتی قوڕ، ڕێگای چونە ناو گوند لە تەقتەقەوە یان لەکۆیەوە هەر تێکەڵەڕێژە).

## ڕووخان وکاوڵکارییەکانی ناسراغا

لەشۆڕشی نوێدا ئەم گوندە چەند جارێك بەرشاڵاوی جاش وجەیشی حکومەتی ناوەندی هاتۆتەوە، لەوانە لە١٢-١-١٩٨١جاشەکانی(قالەفەرەج) پەلاماری ئەو گوندەیان داو پێشمەرگەیەکی کەرتی دەشتی کۆیە بەناوی(کاوێس رەحمان شەریف)شەهیدبوو،کە خەڵکی گوندی شەوگێر و لەدایکبوی ١٩٥٧بوو.

لە٢٨-١١-١٩٨٥پەلاماری جاش بۆ گوندی(قۆڕیتان) و هەلیکۆپتەرە جەنگیەکانی ڕژێمی بەعسیش لەهەمان ڕۆژدا کەوتنە بۆردومانی گوندی(ناسراغا)، کە(٤)شەهیدو(٢)برینداری لێکەوتەوە، دوو لەشەهیدەکان خەڵکی ئاوایی ناسراغا



بوون بەناوەکانی(بەکر ئەحمەد رەسول وسابیر ساڵح ئۆمەر)کە دوو جوتیاری گوندەکە بوون، بریندارەکانیش(حاجی فارس ساڵح عەبدوڵڵا و رەفعەت باغەجنێری)بوون، دواجار گوندی ناسراغا لە٩-٥-١٩٨٨لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چوار بەتەواوەتی ڕوخێنرا.

## گوندی قوڕە بەرازەی گەورە

### قوڕەبەرازە لەچیەوە هاتووە؟

خاکی گوندەکە زۆر ملّچ(مرچ)بووە، بۆیە بووە بەلێڕەوار وزۆنگاو، ئینجا لێرەدا یان ئەوەتە بووە بەبێشەڵان وشوێن وحەشارگەی بەراز، یان قوڕوخاکەکەی ئەوەندە ملّچ بووە کورد ووتەنی(بەراز لێی دەرنەچووە) بۆیە پێی وتراوە(قوڕە بەرازە).[٦]

### سنوری گوندی قوڕەبەرازەی گەورە

بەدووری(١٣)کیلۆمەتر کەوتۆتە باکوری خۆرهەڵاتی تەقتەق، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(پێبازۆك و تیمارۆك لەڕۆژهەڵات و ناسراغا لەخۆرئاوا و باجوان و شەوگێر لەباکورو بانەگوڵان وقوڕەبەرازەی گچکە لەباشور)، کەرتێکی کشتوکاڵی بەژمارە(٤٨)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، تێکڕای ڕووبەرەکەی(١٥٥٧)دۆنمە،(٦٧٩)دۆنمی شیاوی چاندنەو(٧٠٠)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایە،(٢٨)دۆنمی حەرەمی گوندەکەیە، لەدیارترین پارچە زەوییە پشتاوەکانی(پشت مالان، بەلەکین، سەردەشت، خۆلەمردی، سیرستانە، باریکە،

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم بەرێزانە کراوە:
١-لوقمان حەمە خورشید عەلی، لەدایکبوی ١٩٧٢ی قوڕەبەرازەی گەورە، لە١٤-١١-٢٠١٣، هاوڵاتی.
٢-شەفیق بەهائەدین ساڵح داود، لەدایکبوی ١٩٤٩ی قوڕەبەرازەی گەورە، لە١٤-١١-٢٠١٣، هاوڵاتی.

توتڕکە)، وە لەزەوییە بەراوەکانیشی(باسکەدرێژە، بەراوی مالآن)ە، گردی قەلەندەریش بەرزترین ئاقاری گوندەکەیەو کانیاوەکانی(کانی ژنان وسەروکانی)و کارێزی(باسکەدرێژەو زەوی گەورە)ی هەیە، هەروەها(باسکەدرێژە) یەکێکە لەو زەوییانەی کەشوێنەوارییەو خرابگەیە، لە قوڕەبەرازەی گەورە گۆڕستانی(قەبران)یان(تەزرە کوتان)یشی پێ دەڵێن کە مردووی لێ دەنێژن.

## پێکهاتەی دانیشتوانی قوڕە بەرازەی گەورە

دووتیرەی سەرەکی لەو گوندەدا بەیەکەوە ژیاون ئەوانیش(شێخ بزێنی و لەك)بوون، کە لەڕووی ژمارەی خێزانەوە(شێخ بزێنی)ییەکان ژمارەیان زۆرتربووە، لەدیارترین کێخواکانیان(کێخوا واحد تاهیر و کێخوا سالح داود)بووە، وە لەکەسایەتیە جوتیاری و کوردەوارییەکانی(مەولود جوبرائیل و حەمەخورشید عەلی)بوونە، ساڵی خوێندنی(١٩٧٨-١٩٧٩)قوتابخانەی لێکراوەتەوە، یەکەم بەڕێوەبەری(مامۆستا پەروین کەرکوکی)بووە، لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە ئاوەدانکراوەتەوە ولەساڵی ٢٠٠٦ژمارەی خێزانەکانی(٦)ماڵی تێدابووە، بەلآم لەساڵی ٢٠١٣چۆل وویرانەیەو یەك خێزانیشی تێدا نیە، ئەو گوندە شێخەدێ بووە(مەلازاهیر حەداد و شێخ مەلا ڕەسول و شێخ بایەزید)خاوەندارێتیانکردووە.





## گوندی قوڕەبەرازەی گچگە

سەبارەت بەناوی گوندەکە لەچیەوە هاتووە بڕوانە(قوڕەبەرازەی گەورە)[٧]

## سنوری گوندی قوڕەبەرازەی گچکە

بەدووری(١٢)کیلۆمەترلەباکوری خۆرهەلآتی ناحیەی تەقتەق هەڵکەوتووە، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(پیبازۆك لەخۆرهەلآت وبانەگولآن وناسراغا لەخۆرئاوا وقوڕەبەرازەی گەورە لەباکورو بانەگولآنیش لەباشور)، کەرتێکی کشتوکاڵی بەژمارەی(٦٧)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، تێکڕای ڕووبەری گوندەکە(٢٥١٠)دۆنمە،(٨٨٠)دۆنمی شیاوی چاندنەو(١٣٢٠)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایەو تەنها(١٠)دۆنمی حەرەمی گوندەکەیە، لەدیارترین زەوییە پشتاوەکانی(کەیلان، دۆڵەبیان، بێدەر، سەرکەڵ)ە وەبەراویش(کەیلان)ە، گردی گەورەش بەرزترین ئاقاری گوندی قوڕەبەرازەی گچگەیە، هەروەها لەکەیلان کارێزێك وکانیاوەکی گەورەی هەیە، گۆڕستانی(قەبری شەهیدان)و چاکی عەبدولقادری هەیە.

## پێکهاتەی دانیشتوانی قوڕەبەرازەی گچگە

قوڕەبەرازەی گچگە پێکهاتەی دانیشتوانەکەی لەتیرەی(خۆشناو)ن، نەوەی(عومەری عەلیەگۆج)ن، دیارترین کێخواکانیان(کێخوا عومەرعەلی و کێخوا قاسم عومەر عەلی)بوون، عومەری عەلیەگۆجیش کەسایەتی کوردەواری و جوتیاری ئەو گوندە بووە، لەساڵی خوێندنی (١٩٧٨-١٩٧٩)قوتابخانەی لێکراوەتەوە،(کەیفی حاجی ئەمین کۆیی)یەکەم بەڕێوەبەری بووە، لەساڵی ١٩٨٨چۆلکراوە و ئاوەدان نەکراوەتەوە، ئێستا گوندێکی وێرانەیەو زۆرینەی دانیشتوانەکەی لەشاری کۆیە نیشتەجێن.



[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(قاسم عومەر عەلی عەبدوڵلا تەهای خۆشناو، لەدایکبوی ١٩٤٧ی بەفری قەندی کۆیە، لە١٤-١١-٢٠١٤، ئەنجومەن.

# بەشی چوارەم

## گوندەکانی ڕۆژهەڵات

١- گوندی سەرکەڵەك

٢- گوندی چۆمحەیدەر

٣- گوندی موخەرەس

٤- گوندی گەرمکی ساتوقوڵا

٥- گوندی مەلازیاد

٦- گوندی ساتوقەلا

٧- گوندی کانی ڕەش

٨- گوندی شیوەجان



زێودەر

ئاراس ئیلنجاغی



## گوندی سەرکەڵەك

### سەرکەڵەك لەچیەوە هاتووە؟

گوندێکی تازەیە، تەنها بۆ نیشتەجێبونە وهیچ ئاقارێکی نیە، ئەو زەوییانەی کە ئەو گوندەی لەسەر بونیاتنراوە، زۆربەی ئاقاری گوندی(باغەجنێر)ە، کەمێکیش لە ئاقاری گوندی(چۆمحەیدەر)ە، ناولێنانەکەشی لەناوی ئەو زەوییەوە هاتووە کە گوندەکەی لەسەر دروستکراوە، ئەو زەوییە لەبەرئەوەی لەسەرووی ناوچەی(کەڵەکچن)ی تەقتەق بووە کەکاتی خۆی کاری کەڵەکەوانی لەسەر زێی بچوك لەوشوێنەوە بووە، بۆیە پێی ووتراوە(سەرکەڵەك) کەناوی ئاقارێکی گوندی باغەجنێر بووە.

### سنوری گوندی سەرکەڵەك

ئەم گوندە ئەوەندەی بەکۆمەڵگایەکی ئارەزوومەندانە(خۆشەملیٚ)دەچێت کەمتر سیمای گوندی پێوە دیارە، کەخەڵکی گوندەکانی باغەجنێرو چۆمحەیدەرو گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی تەقتەق، ئەو شوێنەیان هەڵبژاردووە بۆ نیشتەجێبوون، لەبەر ئەوەی هیچ ئاقارێکی نیەو وە بەکەرتێکی کشتوکاڵی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقیش ئەژمارناکرێت، دواتر وەك گەڕەکێکی ئاوەدانی شارۆچکەی تەقتەق دەبینرێت.

بەنوسراوی ژمارە(٩/٣/٥٨٨)ی ڕێکەوتی(١٣-١-٢٠١١)بەرامبەر(٢٣ی بەفرانباری ٢٧١١ی کوردی)بەشی دیراسات وتوێژینەوەی وەزارەتی دارایی وئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێکردنەوە(**استحداث**)ی بۆ کراوە، ئەمەش لەسەر داواکاری هاوڵاتیانی سەرکەڵەك وبەرزکردنەوەی ئەو داواکارییە بەنوسراوی ژمارە(١٠٢١)ی ڕێکەوتی(٥-١٢-٢٠١٠)ی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی تەقتەق و دواتر پارێزگاری هەولێر بەژمارە(١٢٠٨٩)ی ڕێکەوتی(٢٠-١٢-٢٠١٠) بۆ وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی بەرزکردۆتەوە، وەزارەتی ناوبراویش بەواژۆی(سەردار





حوسێن یابە) جێگری بەڕێوەبەری گشتی دارایی پەسندیکردووە لە(١٣-١-٢٠١١)ەوە، بەمەش بووە بەیەکێك لەگوندەکانی ناحیەی تەقتەق.[(١)]

بەدووری(٢)کیلۆمەتر لەسەرووی شارۆچکەی تەقتەق لەکەناری زێی بچوك هەڵکەوتووە، هاوسنورە لەگەڵ چۆمحەیدەر لە ڕۆژهەڵات و باغەجنێر لەباکورو زێی بچوکیش لەباشور لەئاقاری گوندی کەپەنکی ناحیەی شوانی جیادەکاتەوە.

### پێکهاتەی دانیشتوانی سەرکەڵەك

پێکهاتەی سەرەکی دانیشتوانی سەرکەڵەك خەڵکی گوندی(چۆمحەیدەر)و گوندی(باغەجنێر)ن، بەشێکیتریش خەڵکی جۆراوجۆری گوندەکانی دەڤەرەکەی تێکەوتووە، ساڵی ٢٠١٣ژمارەی خێزانەکانی(١٧٢)خێزان و(٦٥٠)سەرخێزان بووە، لەساڵی خوێندنی(٢٠٠٨-٢٠٠٩)قوتابخانەی لێکراوەتەوە یەکەم بەڕێوەبەری قوتابخانەکە(سەنگەر فەتاح ئیبراهیم) بووە کە خەڵکی گوندی(چۆمحەیدەر)ە، یەکەم ئەنجومەنیشی(کەمال حوسێن سابیر چۆمحەیدەری)بووە، لەکارە خزمەتگوزارییەکانی(کەوتۆتە سەر ڕێگای سەرەکی تەقتەق-دەشتی کۆیە ومزگەوت وقوتابخانەوپرۆژەی ئاوی خواردنەوەو کارەبای نیشتمانی و یاریگەی فوتسالی ٦یاریزانی)بۆکراوە.[(٢)]

---

[(١)] تۆمارە فەرمیەکانی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی تەقتەق.

[(٢)] چاوپێکەوتن لەگەل(کەمال حوسێن سابیر)، لەدایکبوی ١٩٦٣ی چۆمحەیدەر، لە٢١-٣-٢٠١٣، ئەنجومەنی سەرکەڵەك.

## گوندی چۆمحەیدەر

### ناوی چۆمحەیدەر لەچیەوە هاتووە؟

ناوی چۆمحەیدەر لەدوو وشە پێکهاتووە(چۆم)و(حەیدەر) ، ئەو چەم وچۆمە لەلایەن(حەیدەر)ناوێکەوە خاوەندارێتی کراوە، کە چەم ولێرەوارێکی کەناری زێی بچوك بووە بۆیە دواتر کە ئەو گوندە بونیاتنراوە هەر بەناوی ئەو چۆمەوە ناونراوە(چۆمی حەیدەر)و بووە بە(چۆمحەیدەر).[٣]

### سنوری گوندی چۆمحەیدەر

بەدووری(٤)کیلۆمەترو(٥٠٠)مەتر کەوتۆتە خۆرهەلاّتی ناحیەی تەقتەق، هاوسنورە لەگەلّ گوندەکانی(موخەڕەس لەخۆرهەلاّت وباغەجنێر لەباکوروخۆرئاوا وزێی بچوکیش لەگوندەکانی کەپەنکی ناحیەی شوان وقامیشەی ناحیەی ئاغجەلەری جیادەکاتەوە.

کەرتێکی کشتوکالّی ژمارە(٣٨)ی هۆبەی کشتوکالّی تەقتەقە، تێکڕای ڕووبەرەکەی(١٢٩٠)دۆنمە،(٤٨٥)دۆنمی شیاوی چاندنەو(٦٠٠)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایە،(٣٩)دۆنمی حەرەمی گوندەکەیە، لەدیارترین پارچە زەوییە پشتاوەکانی(بەرگێر، بەر ڕۆژە، زەوی کەونەکۆخ، بانەسۆر، کەرەکین، هەپەرۆشاوی، پشت ڕێ، گۆڕحەمران، باریکە، بانەڕەقە، دەرماناوە، سولاوکە، بەراز لێدرای، ناوڕێیان)، وە لەزەوییە بەراوەکانیشی(بەر رۆژ وکەونەکۆخ وبەرگێرو بەردەجۆنی)یە، ناوچەی بەردەجۆنی بەرامبەر گوندی قامیشەیە و خرابگەیە وجەڕەوگۆزەوکوپەی

---

[٣] چاوپێکەوتنم لەگەل بەرێزان:

١-کاوێس محێدین محەمەد ئەحمەد حەمەد، لەدایکبوی ١٩٤٠ی چۆمحەیدەر، لە ٢٥-١-٢٠١٣، هاولاّتی.

٢-چەتۆ رۆستەم تەها حەوێز، لەدایکبوی ١٩٧١ی چۆمحەیدەر، لە ٢٥-١-٢٠١٣، هاولاّتی.

٣-تالب خالید چۆمحەیدەری، لەدایکبوی ١٩٧٣ی چۆمحەیدەر، لە ٢٥-١-٢٠١٣، هاولاّتی.





شکاوی لێدۆزراوەتەوە، هەروەها جگە لەگۆڕستانی(دەرماناو)کە ئەمڕۆ خەلّکی ئاوایی مردووی لێ دەنێژن، دوو گۆڕستانی تریش لەئاقاری ئەو گوندە هەیە بەناوەکانی(گۆڕستانی دزەییان و گۆڕستانی بابۆلە وە منالۆکانیشی پێ دەلّێن).

### پێکهاتەی دانیشتوانی چۆمحەیدەر

چۆمحەیدەرییەکان لەدوو بەرەبابی سەرەکی پێکهاتوون،کە بەدرێژایی ٢٠٠سالّی ڕابردوو بەیەکەوە ژیاون ئەوانیش بەرەبابی(ئەحمەد ئۆمەر حەمەد)و بەرەبابی(حاجی ئەحمەدی مەنتك)ە، بەرەبابی(ئەحمەد ئۆمەر)کۆنترن لەچۆمحەیدەر بەلاّم لەڕووی ژمارەی خێزانەوە لە بەرەبابی(حاجی ئەحمەدی مەنتك)کەمترن.

لەدیارترین کێخواکانیان(کێخوا محێدین محەمەد ئەحمەد وکێخوا تۆفیق فەتاح ئەحمەد وکێخوا عەلی سمایل محەمەد وکێخوا نەجیم عەلی سمایل و کێخوا سوارە سابیر محێدین)ە، لەکەسایەتیە کوردەواری و جوتیارییەکانیان(حاجی سابیر محێدین محەمەد ئەحمەد وحاجی باقی تەها وحاجی ڕۆستەم تەها)بوون، وە مەلا حەمەدەمین چۆمحەیدەریش کەسایەتیەکی ئاینی دیاری ئەو گوندە بووە.

لەسالّی٢٠١٣ژمارەی خێزانەکانی(٢٩)خێزان و(١٥٧)سەرخێزان بووە، لەسالّی خوێندنی(١٩٧٨-١٩٧٩)قوتابخانەی سەرەتایی لێکراوەتەوە، یەکەم بەرێوەبەری(مامۆستا نازەنین کۆیی)بووە، لەکارە خزمەتگوزارییەکانی(مزگەوت وقوتابخانەویاریگای تارتان وئاوەڕۆ وپرۆژەی ئاوی خواردنەوەوکارەبای نیشتمانی ورێگای قیرتاوکراو)ە.

## کەسایەتی

### مەلا حەمەدەمین چۆڕەیدەری(١٩٣٣-١٩٩٠)

مەلا حەمەدەمینی کوری عەلی چۆڕەیدەری سالّی ١٩٣٣لەگوندی چۆڕەیدەر هاتۆتە ژیانەوە، لەمنالّیەوە لەگوندەکەی خۆیدا چۆتە بەر خوێندنی ئاینی و دواتریش لەمزگەوتەکانی تەقتەق و کۆیە خوێندویەتی، لەسالّی ١٩٥٧لەگوندی گۆپتەپەی وراتی کۆیە لەسەر دەستی زانای پایەبەرز(مەلا عەبدولقادری کانی دەربەندی) بږوانامە(مۆڵەتی مەلایەتی)وەرگرتووە، بۆیەکەمجار لەگوندی(داربەرووڵە)ی کۆیە کاری مەلایەتی کردووە ودوای شۆرشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ی عێراق لەسوپای عێراقدا بووە بەجێگری ئەفسەر(نائیب زابت)، سالّی ١٩٦٠ لەگوندی(دار ئەختیار)ی بناری خالّخالآن بووە بەمەلا، دوای ١٠سالآن ئینجا لەسالّی ١٩٧١دەچێتە شاری کەرکوك و لەمزگەوتی(محەمەدی) لەگۆرەپانی فرۆکە(مەیدان تەیاران) دەبێتە پێش نوێژو وتارخوێن.

سالّی ١٩٧٢وەك مەلا لەشاری کۆیە دادەمەزرێت و لەمزگەوتەکانی(تەکیەی تالّەبانی ومەلا جامی ومزگەوتی گەورە) وەك پێش نوێژو وتارخوێن کاریکردووە، مەلا حەمەدەمین بەردەوام فەقێی هەبووە و زانایەکی دیاری سنوری کۆیە بووە، بەر لە نسکۆی شۆرش سالّی ١٩٧٥پەیوەندی بەشۆرشی ئەیلولەوە کردووە، ئەندامی کارای یەکێتی زانایانی ئاینی کوردستان و بەرپرسی لقی کۆیە بووە، لە٩-٢-١٩٩٠لەنێوان رێگای سەرەکی کۆیە-هەولێر بەرِوداوێکی هاتوچۆ لەتەمەنی ٥٧سالّیدا چووە بەردلۆڤانی خوداو لەدوای خۆی(زەینەب وخانزاد وجەواد)ی جێهێشتووە.



## رووخان وکاولکارییەکانی گوندی چۆڕەیدەر

لەمێژووی خۆیدا ئەم گوندە سێ جار لەلایەن رژێمی عێراقەوە پەلاماردراوە، بۆیەکەمجار سالّی ١٩٧٤بۆردومانکراوە و پەلاماردراوە ئەوەی سوتاوە ئەویتری تالآنکراوە و لە٢٥-٥-١٩٧٤یش فرۆکەی(مێك)مێرد منداڵێکی شوانکارە بەناوی(حەکیم کاوێس محێدین)لەگەل کورێکی تۆفیق کارێزی شەهید دەکات، بۆ جاری دووەم جاش وجەیش لە٢-٩-١٩٨٧پەلامار دەخەنەسەر ئەو ئاواییە دەیسوتێنن، دواجاریش لە٤-٥-١٩٨٨لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چوار لەگەل خاکدا تەخت دەکرێت.

## گوندی موخەڕەس

### موخەڕەس لەچیەوە هاتووە؟

بیروبۆچونی جیا هەیە لەسەر ناوی موخەڕەس، یەکەم بیروبۆچون دەلێت"وشەکی لێکدراوە لەهەر سێ وشەی (مووی خەڕەك ڕێس)ەوە هاتووە" واتە ئەو خەڕەکەی کە لەکاری پیشەی دەستی کوردەواری بۆ جۆلاکان و موتابچیەکان بەکاریان هێناوە بۆ ڕێستنی موی بزن و خوری مەڕ، یان هەر دەوترێت لە"موی خرار ڕێس"ەوە ئەمەیان هەر پەیوەستە بەموی بزنەکان کە(خرار و جوال)ی لێ دروستکراوە دواتر ئەو(موی خرار ڕێس)ە ئەم وشەی(موخەڕەس)ەیان لێ پەیدابووە، تا ئەم دواییانەش پیشەی ڕێستنی مو وخوری بە خەڕەك هەرباوبووە، تا سەردەمی(میرزا قادر)خەڕەکی بۆ ئەو کارە هەر هەبووە، بیروبۆچونی دووەمیش پێی وایە لە"موخە ڕەز"ەوە هاتووە، گوایە لەو ئاواییە ڕەز زۆر بووە وەك ڕەزەکانی(حاجی حەسەن وموهەند ورەزی میرزا ورەزی گەورەو ڕەزی حەمە حەوێزە و ڕەزی حەمەگورگە).[٣]

---

[٣] چاوپێکەوتن لەگەل ئەم بەرێزانەی خوارەوە کراوە:

## سنوری گوندی موخەرەس

بەدووری(٦)کیلۆمەترو(٥٠٠)مەتر لەخۆرهەلاّتی تەقتەق هەلّکەوتووە، هاوسنورە لەگەلّ گوندەکانی(گەرمکی ساتوقەلاّ ومەلازیاد لەخۆرهەلاّت و تەکەلّتو لە باکور وباغەجنێر لەباکوری خۆرئاواو چۆمحەیدەریش لەباشوری خۆرئاوایەتی وزێی بچوکیش لەباشورەوە لەگوندەکانی قودرەتەوقامیشەو قەسرۆکی ئاغجەلەری جیادەکاتەوە)، کەوتۆتە نێو هێلّی درێژی(٤٤,٣٩-٤٤,٦٥)ی خۆرهەلاّت ونێو بازنەی پانی(٣٥,٥٤-٣٥,٩٠)ی نیوە گۆی باکوری زەوی و(٣٨٩)مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.

کەرتی ژمارە(٣٩)ی هۆبەی کشتوکالّی تەقتەقە، تێکڕای ڕووبەرەکەی(٣٣٠٤)دۆنمە،(٧٦٣)دۆنمی شیاوی چاندنەو(٢٠٤١)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایە،(٤٨)دۆنمیش حەرەمی گوندەکەیە، لەدیارترین پارچە زەوییە پشتاوەکانی(سەرکەند، ئایشەکان، شێخ زۆراب، سەرئەشکەوتی عەلی، کانی کۆشك، پانکی زیندان، قەمەرمردە، داردارین، سورەمانگ، مەلازیاد، بەزلێ، بن زور، کەرەکین، کەندەلانە سۆر، زەرداو)، وە لەپارچە زەوییە بەراوەکانیش کە دەشت و حاوی موخەرەس دەگرێتەوە(دەر ئەشکەوت، بەر رێ، بن گەڕی گۆگەم، قەمیشاوی، بەستین گەزەران، دەشتی ئەو دیوو)ە، هەروەها لەو گوندە چەندین خرابگەوشوێنەوار بوونیان هەیە وەك(گردکە قوڕە-نزیك سنوری گوندی مەلازیادەو چەند گۆزەوشەربەی لێ دۆزراوەتەوە،(سولاوکە) لەنزیك گەزەرانە و زێڕییان لێ دۆزیوەتەوە.

---

١-سمایل رەسول ئۆمەر، لەدایکبوی ١٩٥٢ی موخەڕەس، لە٩-١-٢٠١٣، هاولاّتی.

٢-نازم عەبدوللا ئەحمەد، لەدایکبوی ١٩٧٣ی موخەرەس، لە٩-١-٢٠١٣، ئەنجومەن.

٣-جەوهەر ئۆمەر حوسێن، لەدایکبوی ١٩٤٦ی کونەگورگ، لە١٠-٩-٢٠١٣، هاولاّتی.

٤-عەبدی عەبدولکەریم ئۆمەر، لەدایکبوی ١٩٧٣ی موخەڕەس، لە٣-٥-٢٠١٣، هاولاّتی.





جگەلە گۆڕستانی(دەروێش سمایل) کە ئەمڕۆ مردووی لێ دەنێژن، چەند گۆڕستانێکیتری لێ یە ئاقاری ئەو گوندە وەك(گۆڕستانی شێمحەمەد و گۆڕستانی شێخ زۆراب و گۆڕستانی پور پەری و گۆڕستانی داردارین).

لەسنوری زەوی وزاری ئەو گوندە چەند ئەشکەوتێك هەیە وەك:

ئەشکەوتی شارە بەگی: جێگەی شەوینی ٧٠٠سەر مەڕی دەبێتەوە بۆ شوانکارەی وەرزی بەهاران.

ئەشکەوتی یەك دەرك: ئەشکەوتێکی بەناوبانگە دەکەوێتە باکوری گوندەکە نزیك سنوری گوندی تەکەلّتو، سەکۆیەك لەو ئەشکەوتە هەیە کەمرۆڤی کۆنی تێدا ژیاوەو دەستکاری مرۆڤ لەو ئەشکەوتەدا هەیە، بەلاّم تا ئەمڕۆ کنەکاری و کۆنینەناسی بۆ نەکراوەو نزیکیشە لەئەشکەوتی شارەبەگی، لەبەر ئەو گرنگیەیەتی وەستا(جەوهەر ئۆمەر حوسێن) سعاتچی کە هۆزانڤانێکی میللی گوندەکەیە لەدێرە هۆنراوەیەکیدا دەلّێت:

(یەك دەرك)پشت ڕێی تەکەلّتو

ناوی(موخەڕەس)لەمێژو دەرچو

ئەشکەوتی بزن: ئەم ئەشکەوتەش لەشۆڕشی ئەیلولی مەزن(٢٠)خێزان خۆی لێ حەشارداوە، بۆیە وەستاجەوهەرسعاتچی دەلّێت:

میم وسین یادم ئەشکەوتی بزن

قەلّغانی تۆ بوو، لەشەڕی دوژمن

میم وسین کوتکراوەی ناوی گوندی موخەڕەسە وئەشکەوتەکەش حەشارگەو شوێنی خۆشاردنەوە بووە لەشەڕی دوژمن، جگە لەمانە چەند کەور وئەشکەوتێکیتر لەسنوری ئەو گوندە ناویان هەیە وەك(ئەشکەوتی عەلی وئەشکەوتی کونە کۆتر وئەشکەوتی دارەبەن).

چەند دەقێکی هۆنراوەی میللی وەستا جەوهەری سعاتچی کەباس لەمێژو و ئاقاری ئەو گوندە دەکات لێرەدا دەخەمەڕوو:

موخەڕەس یادم بەتۆوە بەندە
هەرچەند نازانم تەمەنت چەندە
دار بەرووەکەو گردی داردارین
ڕەنگە بزانن مێژوی میم وسین
ئینجا موخەڕەس گردو تەلانت
حەمەحەوێزو کەندی زیندات
لەحاجی حەسەن تا گەزەرانت
جێ دەستیان دیارە ئەختیارەکانت
موخەڕەس یادم ئەڕواو ئەگەڕێ
هەر ئەچێتەوە دەوری کۆنە دێ

داردارین، گردێکە لەپشت ئاوایی و گۆڕستانێکیشی لێ یە، لەکاتی خۆی پڕبووە لەبنەداری بەڕوو، ئەمڕۆ شوێنەوارەو بەکەمی گۆزەشکاویشی لێدۆزراوەتەوە، حەمەحەوێز، پیاوێکی باغەجنێری بووە ڕەزێکی باشی هەبووە وتا ئەمڕۆش ئەو ئاقارە بەناوی ئەوەوە ناونراوە، کەندی زیندان، لەپشت ئاوایی بەقەدپاڵی چیای تەکەڵتوە، هەندێك بنە هەنجیری خۆرسکی لێ یە وشوێنەکەی چاڵ وقوڵە هەر وەتە ئاسمانی لێوە دیارە بۆیە وەك زیندان وایە، حاجی حەسەن، ڕەز بووە لەنێوان گوندی تەکەڵتو وباغەجنێر، گەزەران، دەشتێکی بەراوە چەند مەترێك لەرووباری زێی بچوکەوە دوورە، لەباشوری ئاوایی و نێو دەشتی زێکردی موخەڕەسە، لەکۆتایشدا شوێنی ئاوایی موخەڕەس لەجێگەی ئێستا نەبووە، چونکە ئێستا موخەرەس خانوەکانیان هێناوەتە سەرجادەی(ڕێگە)سەرەکی تەقتەق- ئاشتی بۆیە دەڵێت:





موخەڕەس یادم ئەڕواو ئەگەڕێ
هەر ئەچێتەوە دەوری کۆنە دێ

## پێکهاتەی دانیشتوانی گوندی موخەڕەس

موخەڕەسیەکان لەچەند تیرەیەك پێکهاتوون لەوانە(مەمان، شێخ بزێنی، دەربەندی، شوان، پالآنی، جاف)، چەند خانەوادەیەکیش لەگوندەکانیترەوە هاتوون وەك گوندەکانی(کونەگورگ و باغەجنێرو فەقێیان وبانە گولآن ودارئەختیارو تەکەڵتو)، ئەمڕۆ هەموویان بەیەکەوە لەگوندی موخەڕەس پێکەوە دەژین.

لەساڵی خوێندنی ١٩٧٤-١٩٧٥ قوتابخانەی لێکراوەتەوەو یەکەم بەڕێوەبەری ناوی(خالید غەریب کۆیی)بووە، لەدیارترین کێخواکانی(کێخوا قادر وەیسە و کێخوا حاجی ئۆمەر حوسێن وکێخوا ئەحمەدی حەمەگچکەل وکێخوا ئەحمەد ڕەش)بووە، وە لەکەسایەتیە کوردەواری و جوتیارەکانی(عەبدوڵلای ئەحمەد ئۆمەر و سابیری حەمە حوسێن وحاجی خدری قادری وەیسە و مام حوسێنی باپیرەی حەمید ومەجید و ئۆمەر خاڵە و حەمەدی ڕەسولی بچکۆل)بوون.

ساڵی ٢٠١٣ ژمارەی دانیشتوانەکەی(٩٠)خێزان و(٥٢٥)سەرخێزان بووە، وە لەدیارترین کارە خزمەتگوزارییەکانی(مزگەوت وقوتابخانەوکارەبای نیشتمانی وکەوتۆتە سەر ڕێگای قیرتاو وپرۆژەی ئاوی خواردنەوە)یە.

## رووخان وکاولکارییەکانی گوندی موخەڕەس

گوندی موخەڕەس چەندین جار لەمێژوی خۆیدا دووچاری پەلاماری دوژمنکارانەو بۆردومان وکارەسات هاتووە وەك:

یەکەم: لەساڵی ١٩٧٤لەلایەن رژێمی عێراقەوە بۆردومانکراوە و سوتێنراوە.

دووەم: لەنێوان سالآنی ١٩٨٥-١٩٨٦دووجار جاش وجەیش(سوپا)ی رژێمی عێراق ئاگریان لەکۆتان وخانوەکانی ئەو گوندە بەرداوەو سوتاندویانە.

سێیەم: ساڵی ١٩٨٧جاش وجەیش جارێکیتر بەپشتیوانی فڕۆکە جەنگیەکان سوتاندویانەو گوندەکانی باغەجنێرو مەلازیادوتەکەڵتو وقەسرۆکیان بۆردومانکردووە لەو هێرشەدا.

چوارەم: کارەساتی ئەشکەوتی حەمەحەوێزە، لە٣-٥-١٩٨٨لە ئەنفالی چواردا بۆسەر ئاوایی موخەڕەس کاتێك دوو هاولاَتی بە تەمەنی ئەو گوندە(عەباس حەمەد قادر و ڕەسول ئۆمەر رەسول)لەئەشکەوتی حەمەحەوێزە خۆیان حەشارداوە، لەلایەن هێزەکانی جاش وجەیشەوە درکیان پێ دەکرێت و بەئارپیجی ودەستڕێژی گوللەبارانێکی خەستی جاشەکان هەردوو هاوڵاتی ناوبراو لەو ئەشکەوتە شەهید دەکرێن ودەبنە خەڵوزوخۆڵەمێش و گڕەگرن، بوونە قەرەبوت ونەتوانرا لەگۆڕێك بنێژرێن و هەر ئەو ئەشکەوتە بووە گۆڕی ئەو دوو هاولاَتیە، درود بۆ گیانی پاك وبەرزە فڕیان خودا بەبەهەشتی بەرینیان شاد بکات.



## گوندی گەرمکی ساتوقەڵاَ

### گەرمکی ساتوقەلاَ لەچیەوە هاتووە؟

بۆ ناوەکەی بگەڕێوە بۆ ناوی(گەرمکی تەقتەق)، ئەوەی جیایان دەکاتەوە پاشگری تەقتەق و ساتوقەلاَیە، کە ئەمەش نزیکترین ئاوەدانی ناسراون لەهەردوو گوندەکەوە[٤].

### سنوری گوندی گەرمکی ساتوقەلاَ

بەدووری(٨)کیلۆمەترو(٥٠٠)مەتر لەخۆرهەلاَتی تەقتەقە، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(شیوەجان وساتوقەلاَ لەخۆرهەلاَت وبەشێکی گوندی مەلازیاد و موخەڕەس لەخۆرئاواو تەکەڵتو لەباکور و مەلازیاد لەباشور)، کەرتی ژمارە(٤٠)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، تێکڕای ڕووبەرەکەی(٣٩٩٩)دۆنمەو(٥٢٤)دۆنمی شیاوی چاندنەو(٣٠٠٠)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایە،(٣٢)دۆنمیش حەرەمی گوندەکەیە.

لەپارچە زەویە پشتاوەکانیان(مستەفایی و هەنجیرە زەرد وئۆمەر وەلی وبانەسۆر ودەردۆر ومێوەکان وبیرەکان وبۆرەك ومێوانە)یە، لەزەویە بەراوەکانیان(کەلی شین وبەراوی گەورەو بەستی شیوەجانی وبەراوی حەمەعەلی)یە، بەرزترین گردیش گردی(گوراوی)یە کە دەکەوێتە سەر ئەشکەوتی(مەڕوبزن)بەلای گوندی شیوەجانی وبەرامبەر(ئۆمەر وەلی)لەدیوی گەرمکدا، چەقی گوندەکە شوێنێکی کەندوپەنایە، گردەکانی(سەرقەلاَت وماسولکەو کونە بۆگەنە)لەخۆرئاواو گردی(کونە گورگ وڕێوی کوژرای)لەخۆرهەلاَتەوە دەوریانداوە، ئەمەش هۆکاربووە بۆ ناو لێنانی گوندەکە کە پەنا

---

[٤] چاوپێکەوتن کراوە لەگەڵ:

١-ستاری حاجی عەباسی رەسولی کەریمی سلێمان عەلەك،لەدایکبوی ١٩٥٥ی گەرمکی ساتوقەلاَ، ئەنجومەنی گوند لە٩-١-.٢٠١٣.

٢-سوارەی سەعیدی مستەفا ساڵح ناسراو بەسوارەی مام مارف لەدایکبوی ١٩٦٠ی گەرمکی ساتوقەلاَ، هاولاَتی لە٩-١-٢٠١٣.

با و گەرم بووە، ئاوی خواردنەوەشیان لەپشت مالاّن لەکانیەکەوە لەناو ڕەزانەوە سەرچاوەی گرتووە بەناوی(کانی میران)، بەلاّم لەسالّی ٢٠١٣ەوە لەکانیەکیترەوە ئاوی خواردنەوەیان دابینکردووە کەناوی(کانی ڕەش)ە.

لەگۆڕستانی(قەبری سپی وشێمحەمەد)مردوو دەنێژن و گۆڕستانێکی تریشیان بەناوی(شێمحەمەد)هەیە بەلاّم کۆنەوئێستا مردووی لێ نانێژن، لەڕووی خرابگەو شوێنەواریشەوە سێ پارچە زەوی هەیە بەناوەکانی:

١-سەرکەند: لەدیار کارێزی مەلازیادەو نزیکەی ٤٠دۆنمە، گۆزەو شەربەی لێ دۆزراوەتەوە.

٢-سەرلوتکی داودی: گۆزەو شەربەی شکاوی لێ دۆزراوەتەوە.

٣-کانی درۆزنە: کە گۆزەی بچوکی لێ دۆزراوەتەوە پڕبووە لەتۆزی خۆڵەمێشی و زەردباو.

## دانیشتوانی گوندی گەرمکی ساتوقەلاّ

گەرمکی ساتوقەلاّ دووبرا بەناوەکانی(عەلی و وەلی)ئاوەدانیانکردۆتەوە، کە لەتیرەی(پالاّنی)ن، خۆیان بەعەلەك و وەلەك ناویان دەهێنن، لەسالّی خوێندنی(١٩٧٠-١٩٧١)قوتابخانەی لێکراوەتەوە، یەکەم بەڕێوەبەری(کازم عومەر دەباغ کۆیی)بووە، لەدیارترین کێخواکانیان(کێخوا کەریمی سلێمان عەلی(عەلەك پەپو) وکێخوا حوسێن قادر سلێمان عەلەك پەپو وکێخوا حەوێز عەلی وەلی) بوون، وە لەدیارترینی کەسایەتیە کوردەواری و جوتیارییەکانیان(تەها ئۆمەر وەلی(تەهالۆك)و ئەحمەد حوسێن عەلی(ئەحمەد سور) و مارف حوسێن عەلەك ومەجید تاهیرو ڕەفیق تاهیرو عومەر مەحمود)بوون، سالّی ٢٠١٣ ژمارەی دانیشتوانەکەی(٣)خێزان و(٣١)سەرخێزان بووە، لەکارە خزمەتگوزارییەکانی(مزگەوت وپرۆژەی ئاوی خواردنەوەو کارەبای نیشتمانی)یە.





## ڕوخان وکاولکارییەکانی گەرمکی ساتوقەلاّ

لەمێژوی خۆیدا چەندین جار بەهۆی ململاّنێکانی ئاغاکانی کۆیەو شێخ بزێنی سوتاوەو کاولّکراوە، زۆربەی جارەکان گەرمکیەکان لایەنگری حەماغای گەورەی کۆیە بوون، ئەمە جگە لە پەلامارەکانی جاش وسوپای عێراقی کەدوایین جاریش لەئەنفالی چواردا بەتەواوی خاپورکرا.

## کەسایەتی

### شەهید سەعدی گەرمکی(١٩٥٠-١٩٨٣)

ناوی تەواوی(سەعد محەمەد عەبدولّلا)یە، ناسراو بە(سەعدی گەرمکی) لەسالّی ١٩٥٠لەگوندی گەرمکی ساتوقەلاّ لەدایکبووە، لەسالّی ١٩٧٠چەکی پێشمەرگایەتی لەشۆڕشی ئەیلول دەکاتە شان تانسکۆی ١٩٧٥، لەسالّی ١٩٧٧پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەلّەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات وسالّی ١٩٨١دەبێتە پێشمەرگە لەشۆڕشی نوێدا لەریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لەسنوری تیپی ٩٣ی کۆیە بەشداری چەندین چالاّکی شۆڕشگێڕانەی کردووە، لەسالّی ١٩٨٢لەچالاّکیەکدا کە لە شارۆچکەی تەقتەق ئەنجامیاندا تابیعەیەك وڕۆنیەك دەگرن وبەدیاری بۆسەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دەنێرن، بەداخەوە لە١٥-٤-١٩٨٣لەگوندی باداوەی بناری کۆسرەت لەشەڕێکی ناوەخۆی نەخوازراودا لەگەلّ هەندێك لەبرادەرانی(شەمالّ وسەرباز وکامەران)شەهیدبوون.(٥)

(٥) چاوپێکەوتن لەگەلّ(خەبات سەعد محەمەد)کوڕی شەهید سەعدی گەرمکی لە١١-٤-٢٠١٤.

## حەوت بەگایی لە هەگبەی کۆمەلایەتی گەرمکی ساتوقەلاوە

حوسێنی قادری سلێمانی عەلەك پەپو، کێخوای گوندەکە بووە، دوای حەجکردنی ماڵی خودا بە(حاجی حوسێن)ناسراوە، لەسەردەمی کێخوایەتی ئەودا حەزیکردووە کچی(مام حوسێن گێل) بخوازێت، کەناوی(عەیشێ)بووە، بەلام باوکی عەیشێ حەزی بەم کارە نەکردووە، هەرچۆنێك بێت قەناعەتی پێ دەهێنن بە وەرگرتنی ژنێك وبن پشکێك بۆ کورەکەی، کچی مام مارف بەناوی(خانیلێ)ی لێ مارە دەکرێت و کچی کێخوا حوسێنیش بەناوی(بەگیسی) دەکرێتە بن پشك بۆمارفی کوڕی، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ(حەوت بەگایی ویەك بن پشك)، لەکاتێکدا لەسنورەکە تەنها (سێ)بەگایی باوبووە، بەلام حاجی حوسێن لەحەوت بەگایی تێپەڕاندو بن پشکێکیشی زیادکرد واتە بووە هەشت بەگایی و هەموویان لەیەك شەودا مارەکراون، دیارە ١٦دڵیش ڕێکەوتنی ئاسان نەبووە و هەندێکیان بونە قوربانی هەندێکیان و بەنمونە(عەیشێ)ی حوسێنەگێل دوو ژنی کردووە(خانیلێ وبەگیسی)لەبری دراون، ئەوانەی لەو حەوت بەگاییە بەشودراون ئەمانەی لای خوارەوە بوون[٦]:

١- عەیشێ حوسێن دراوە بە کێخوا حوسێنی قادری سلێمان

٢- خانیلێ ی مام مارف دراوە بەمام حوسێنەگێل

٣- بەگیسی کێخوا حوسێن(بن پشك)بووە، دراوە بەمارفی کوری مام حوسێنە گێل

٤- فاتمە شەریف دراوە بە مستەفا سالح سلێمان

٥- ئەسمەر سالح سلێمان دراوە بە کاکەخان کەریم

٦- خاتون ئەحمەد داود دراوە بە مەحمود ئەمین

٧- خەجێ کەریم سلێمان دراوە بە ئەحمەد داود

٨- خاتوون حوسێن دراوە بەحاجی ئاوڕەحمانی مارف

---

(٦) سوارەی سەعیدی مستەفا سالح ناسراو بەسوارەی مام مارف لەدایکبوی ١٩٦٠ی گەرمکی ساتوقەلا،فاتمە شەریفی نەنکی لەو حەوت بەگاییە شویکردووە.





## گوندی مەلازیاد

### ناوی مەلا زیاد لەچیەوە هاتووە؟

لەبەر ئەوەی خاوەندارێتی زەوی و زارەکانی ئەو گوندە خانەوادەی(ئاسەفی مەلا ڕەئوف)ی کۆیە بووە، بەبنەماڵەی(خادم سوجادە)یان بە(مەلازادە)ش بەناوبانگ بوون، دڵداری شاعیری شۆرشگێری کورد لەو خانەوادەیە، ناوی گوندەکە لەخانەوادەی(مەلازادە)وە هاتووە و دواتر بووە بە(مەلازیاد)، هەرچەندە بیروبۆچونێکیتر هەیە سەبارەت بەناوەکەی کە دەوترێت مەلازیاد وەك گوند لەکۆندا مەلایان نەبووەو هەرمەلایەکیان هەبووە لێ یان زیاد بووە، بەلام زیاتر ئەوە قسەوقسەلۆك ونوکتەی کوردەوارییە[٧].

### سنوری گوندی مەلازیاد

بەدووری(٨)کیلۆمەترو(٥٠٠)مەتر لەخۆرهەلاتی تەقتەق هەڵکەوتووە، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(ساتوقەلا-لەخۆرهەلات وموخەڕەس-لەخۆرئاواو گەرمکی ساتوقەلا-لەباکورو لەباشوریش زێی بچوك لەگوندی قەسرۆکی ناحیەی ئاغجەلەری جیاەکاتەوە، کەرتی ژمارە(٤١)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، ڕووبەری گشتی(١٢٤٨)دۆنمە، ٢٨٢دۆنمی شیاوی چاندنەو ٧٢٣دۆنمی پاوان ولەوەڕگایە و٤٣دۆنمیشی حەرەمی گوندەکەیە.

لەدیارترین پارچە زەوییە پشتاوەکانی(کاولە مەلازیاد و دیوی مەلازیاد)ە، لەزەوییە بەراوەکانیشی(بەراوی گێژەن، بن گەڕ، سەرچەم، شەوگەرد)ە کە بەهەمویان دەوترێت حاوی مەلازیاد، لەو گوندە چەند پارچە زەوییەکی شوێنەواری بەدیدەکرێن لەوانە(قەبری سپی ولوتی کافر ودیوی مەلازیاد وگێژەن وپێچەکانی مەلازیاد

---

(٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ(سوارەی سەعیدی مستەفا سالح ناسراو بەسوارەی مام مارف لەدایکبوی ١٩٦٠ی گەرمکی ساتوقەلا،لە٩-١١-٢٠١٣).

وسەرچەم وبن گەڕ وگۆمی شەوگەرد وبەردە گەورە) کەلەهەمویان گۆزەشکاو و شەربەی لێدۆزراوەتەوە.

## دانیشتوانی گوندی مەلازیاد

لەسەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم هەندێك لەخانەوادەکانی تیرەی پالأنی لەگوندی(گەرمکی ساتوقەلاَ) جیابونەوەو گوندی(مەلازیاد)ی ئەمڕۆیان دروستکردووە، وەکو خانەوادەکانی(خورشید رەشید مامە حەمە وبایز رەشید مامە حەمەو کێخوا حەمەخان سالَح سلێمان وحاجی عەلی مام ئەمین و عەوڵلای مامە حەمەی سلێمان)، هەرچەندە ئەو کاتە(عەزیز ئاغای خرابە)نیگەران بووە بەو گوندە نوێ یە و جارێکیش سوتاندویەتی، لەدیارترین کێخواکانی(کێخوا حەمەخان سالَح سلێمان وکێخوا حەوێز حەمەخان سالَح)بوون و لە کەسایەتیە جوتیاری و کوردەوارییەکانی(عەبدوڵلای مامە حەمەی سلێمان وکاکەمەد رەشید مامە حەمە وکاوێسی مامەحەمە وحاجی عەلی ئەمین وسالَحی حەمەخانی سالَح)بوون، لەسالَی خوێندنی(١٩٧٨-١٩٧٩)قوتابخانەی لێکراوەتەوە یەکەم بەرێوەبەری(شلێر تۆفیق ئاغا کۆیی)بووە، لەسالَی ٢٠١٣ژمارەی خێزانەکانی(٥٨)خێزان و(١٨٠)سەرخێزان بووە، لەدیارترین کارە خزمەتگوزارییەکانی(مزگەوت وقوتابخانە وهۆلی پرسە وکارەبای نیشتمانی وپرۆژەی ئاوی خواردنەوە و کەوتۆتە سەر جادەی سەرەکی تەقتەق-ئاشتی).



## گوندی ساتوقەلاَ

### ساتوقەلاَ ناوەکەی لەچیەوە هاتووە؟

ناوی گوندەکە لەناوی پادشایەکەوە هاتووە، کە بەر لەزایین فەرمانڕەوایی لەو قەلاَیەدا کردووە، بەناوی(ساتۆ)یان(ساتۆنی)کە پادشای میللەتە دێرینەکانی کوردستان لۆلۆبیەکان بووە، لەسەدەی بیست وسێیەمی پێش زایین بەرامبەر(نەرام سین)ی ئەکەدی جەنگاوە[٨].

### سنوری گوندی ساتوقەلاَ

بەدووری(١١)کیلۆمەترو(٥٠٠)مەتر لەخۆرهەلاَتی تەقتەق هەلَکەوتووە، هاوسنورە لەگەلَ گوندەکانی(کانی ڕەش وداربەڕوو- لەخۆرهەلاَت ومەلازیاد- لەخۆرئاواو شیوەجان وگەرمکی ساتوقەلاَ- لەباکوروباکوری خۆرئاواو زێی بچوکیش لەباشور لەگوندەکانی(گردخەبەر و قەسرۆك)ی ناحیەی ئاغجەلەری جیادەکاتەوە.

کەوتۆتە نێو بازنەی پانی(٣٥,٥٢-٣٥,٨٧)ی نیوەگۆی باکوری گۆی زەوی ولەنێو هێلَی درێژی(٤٤,٤١-٤٤,٦٩)ی ڕۆژهەلاَتی گۆیی زەوی و چەقی گوندەکە(٣٦١)مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، کەرتی ژمارە(٤٢)ی هۆبەی کشتوکالَی تەقتەقە، تێکرای ڕووبەرەکەی(٣٩٢٨)دۆنمەو(٩٩٥)دۆنمی شیاوی چاندنەو(١٧٠٠)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایە و(٤٥)دۆنمیشی حەرەمی گوندەکەیە، چەندین کانیاو لەڕابردوودا لەو گوندە هەبوون وەك(کانی قەلاَت وکانی هەنجیرەوخوالدەو کارێزی

---

[٨] لەکتێبی(ساتوقەلاَ، هەرێمی ئیدۆ، سەردانی مەیدانی و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنوسی، ئاراس ئیلنجاغی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣)وەرگیراوە.

کاریز)، لەڕووی شوێنەوارییەوە بۆ چاخی ئاشووری ناوەراست(١٢٠٠-٨٠٠پ.ز)دەگەڕێتەوە، جگە لەگۆڕستانی شێمحەمەد کەمردووی لێ دەنێژن، چەند گۆڕستانێکیتر لەسنوری ئەو گوندە هەیە وەك(گۆڕستانی گرینجان و گۆڕستانی دۆڵەئاش و گۆڕستانی شێمحەمەد).

## دانیشتوانی گوندی ساتوقەلاَ

ساتوقەلاَییەکان لەتیرە(ئورمزیار)ن وگوندەکە لە(٣) بەرەبابی سەرەکی پێکهاتووە(بەرەی عارف و بەرەی حاجی سەعید) ئەم دوو خانەوادەیە برابوون وخانەوادەی سێیەم(بەرەی مام عەوڵلا)بووە، کەسەر بەهەمان تیرەن، هەروەها خانەوادەیەکیش بە بنەچە لەئیلنجاغی ناحیەی شوانەوە هاتوون و لەو گوندە نیشتەجێبوون.

لەدیارترین کێخواکانیان(کێخوا حاجی سەعید وەلی عەلی و کێخوا ڕەشید کێخوا سەعید وەلی و کێخوا جەلال سەعید) کە دیارترینیان(کێخوا سەعید وەلی)بووە، کە لەژیانیدا(٩)ژنی هێناوە و(١٣)کوری هەبووە و ساڵی ١٩٢٩ چویتە کەعبە بۆ حەجی ماڵی خوداو بووە بەحاجی.

لەساڵی خوێندنی(١٩٦٩-١٩٧٠)قوتابخانەی لێکراوەتەوەو یەکەم بەڕێوەبەری(ئیبراهیم کۆیی)بووە، لەساڵی ٢٠١٣ژمارەی دانیشتوانەکەی(٤٥) خێزان و(٢٢٥)سەرخێزان بووە، لەدیارترین کارەخزمەتگوزارییەکانی(مزگەوت وقوتابخانە وپرۆژەی ئاوی خواردنەوەو کارەبای نیشتمانی وڕێگای تێکەڵە ڕێژ)ە.





## گوندی کانی ڕەش(داربەڕوو)

## ناوی کانی ڕەش لەچیەوە هاتووە؟

بەدووری هەزار مەتر لەخۆرهەلاَتی ئەمڕۆی گوندی(کانی ڕەش) گوندێك بووە بەناوی(داربەڕوو)، بەلاَم بەهۆی چاوتێبڕینی لەلایەن ئاغاکانی خرابەوە(ناحیەی ئاشتی ئەمڕۆ) کاولکراوە و سوتێنراوەو خەڵکەکەی ئاوارەی دەوروبەر بوون، هەندێکیان چونەتە گوندی(شیوەجان وقزلو)ی دەشتی کۆیە و(گردخەبەرو قەسرۆك)ی ناحیەی ئاغجەلەر و هەندێکیشیان بۆ گوندی(قۆجەبلاغ)ی چەمی ڕێزان ڕۆیشتوون.

خەڵکی داربەڕوو لەدژی ئاغاکانی خرابە زەوییەکانیان فرۆشتووە بە(مەلا حەوێز ئاغای کۆیە) و دواتریش مەلا حەوێز ئاغا زەوییەکانی داوەتەوە خزمانی داربەڕوو بۆ ئەوەی بەناوی بهێنن، ئەوانیش بەدووری(١)کیلۆمەتر لەخۆرئاوای داربەڕوو لەنزیك کانیەکەوە نیشتەجێ دەبن، ئەو کانیەش ناوی(کانی ڕەش)بووە، ئیتر لەو ڕۆژەوە بەدواوە ناوی گوندی(داربەڕوو) نامێنێ وگوندە تازەکەیان بە(کانی ڕەش) ناودەبرێت[9].

## سنوری گوندی کانی ڕەش

بەدووری(١٣)کیلۆمەتر لەو پەڕی خۆرهەلاَتی تەقتەق هەڵکەوتووە، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(گۆمەشین و خرابە- لەخۆرهەلاَت وشیوەجان و کانی هەنجیر-لەباکور و ساتوقەلاَ- لەخۆرئاواو لەباشوریش زێی بچوك لەگوندەکانی گردخەبەرو گەڵناغاجی ناحیەی ئاغجەلەری جیادەکاتەوە.

---

[9] چاوپێکەوتنم لەبەرواری ١٦-٢-٢٠١٣ لەماڵی بایز ئەنوەر لەگەڵ ئەم بەرێزانەی خوارەوە کردووە:

١-بایز ئەنوەر عەبدوڵلا مستەفا حەمەد ئەحمەد داودەیی، لەدایکبوی ١٩٦٤ی کانی ڕەش، هاولاَتی.

٢-هاوار خدر سلێمان خدر ئەحمەد مەنتك، لەدایکبوی١٩٦٦ی کانی ڕەش، هاولاَتی.

٣-مشیر کاکەجوان خدر ئەحمەد حەمەد داودەیی، لەدایکبوی ١٩٧٠ی قزلو، ساڵی ١٩٧٠ گەڕاونەتەوە کانی ڕەش، هاولاَتی.

کەرتی ژمارە(٣٥)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، تێکرای ڕووبەرەکەی(٥٣٥٧)دۆنمە،(٢٦٩٧)دۆنمی شیاوی چاندنەو(١٢٤٩)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایەو(٥٠)دۆنمیشی حەرەمی گوندەکەیە، لەدیارترین زەوییە پشتاوەکانی(سولاوکە، کەندە، قەڵەندەر، قەرەقاجین، کۆلەگە وزبرین، ناودەشت، خەرمان سوتاو)ە، وە لەدیارترین زەوییە بەراوەکانی(کانی ڕەش، سولاوك، گۆل، شیوی تاوێر، کانی بەردینە، کەندە)ن، هەروەها حاوییەکی فراوانی کەنار زێی بچوکی هەیە کە بە(دەشتی دەم زێ) بەناوبانگە، هەروەها هەندێك کارێزوکانیاویشی هەیە وەك(سولاوك، کانی کەوڕە، کانی ڕەش، بێگەرد-کانی بەردینە، کانی گۆل)، لەسنوری ئەو گوندە سێ ناوچەی خرابگەو شوێنەواری بەدیدەکرێن ئەوانیش(کانی بەردینە، کێلەسپی، کانی ڕەش)ە، جگە لەگۆڕستانی(سولاوك) کەئەمڕۆ خەڵکی ئاوایی مردووی لێ دەنێژن، ئەوا چەند گۆڕستانێکیتر لەسنورەکەدا بونیان هەیە وەك(گۆڕستانی کانی ڕەش، گۆڕستانی کەیلە سوتاو، گۆڕستانی سورەبان).

## دانیشتوانی گوندی کانی ڕەش

لەڕووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە سێ تیرەی سەرەکی لەو گوندەدا نیشتەجێن ئەوانیش(داودەیی ودەربەندی ومەنتك)ن، ئەمانەش بوون بەچەند بەرەبابێکەوە وەك(کێخوا عەوڵلا و حەمەی ئایشان وحەمەی عەنیف ومەولود و پیرۆت و تاد)، لەدیارترین کێخواکانیان(کێخوا ئەسعەد، کێخواسمایلی برای کێخوا ئەسعەد، کێخوا خورشید مستەفا، کێخوا ساڵح- ساڵحە ڕووتە لەبەرئەوەی تەنها یەك کوڕی هەبووە بەناوی(عەبدە) ئەویش کوژراوە، کێخوا حەمەدەمین مستەفا حەمەد تاساڵی ١٩٨٧کێخوای گوندەکە بووە)، لەکەسایەتیە کوردەواری و جوتیارییەکانی کانی ڕەش(حاجی محەمەدی کەریم ڕەمەزان وکێخوا عەوڵلا وحەمەی ئایشان)بوون.



لەساڵی خوێندنی(١٩٧٦-١٩٧٧)قوتابخانەی لێکراوەتەوە یەکەم بەڕێوەبەری(خالید مەجید ئیسماعیل)باتاسی بووە، لەساڵی ٢٠١٣ ژمارەی خێزانەکانی(٢٦)خێزان و(١٦٦)سەرخێزان بووە، لەگرنگترین کارە خزمەتگوزارییەکانی(مزگەوت و پرۆژەی ئاوی خواردنەوەو قوتابخانەو کارەبای نیشتمانی و کەوتۆتە سەر ڕێگەی سەرەکی تەقتەق-ئاشتی).

## ڕووخان وکاولکارییەکانی کانی ڕەش

گوندی کانی ڕەش بەهۆی ململانێی ئاغاکانەوە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم چەندین جار سوتێنراوەو کاولکراوە وچۆلکراوە و دواتر ئاوەدان بۆتەوە، ساڵی ١٩٤٠ چۆل بووە و دوای گەڕانەوشیان ساڵی ١٩٥٩جارێکیتر گوندەکە بەدەستی ئاغاکانەوە سوتێنراوە، لەشۆڕشی ئەیلولیش تاساڵی ١٩٧٤چەندین جار بۆردومانکراوە و کاولکراوە تادواجار لەئەنفالی چواری ساڵی ١٩٨٨بەیەکجاری وێران وخاپور کراوە.

## گوندی شیوەجان

### ناوی شیوەجان لەچیەوە هاتووە؟

گوندی شیوەجان بەر لەوەی ئەم ناوەی ئەمڕۆی لێ بنرێت ناوی گوندی(ڕولکە) بووە واتە(ژاڵە)، هەندێکیش دەڵێن لەشوێنی(ڕکاوە)ی پشت ئاوایی بووە بەهۆی گرانی و بارودۆخی ناهەموارەوە وێران بووە، دوای هەردوو شوێنی( ڕولکە و ڕکاوە)، (جان) ناوێك لە سێگردکانەوە هاتووە گوندەکەی ئاوەدانکردۆتەوە و خەریکی مەڕداری بووە، شوێنی گوندەکە لەشیوێك(دۆل)هەڵکەوتووە هەرچوار دەوری گردوگردۆڵکەیە، هەر لەمەوە ووتراوە(شیوی جان) یان(شیوەجانی) واتە ئەو شوێنە بەناوی(جان)ەوە ناوزەدکراوە، ئەگەر سەیری ئاقاری گوندەکەش بکەیت لەشیوەرۆك وزۆرگان پێکهاتووە، هەربۆیە(شیوی جانی) بووە بە(شیوەجان)[١٠].

### سنوری گوندی شیوەجان

بەدووری(١٢)کیلۆمەترو(٥٠٠)مەتر لەباکوری خۆرهەڵاتی ناحیەی تەقتەق هەڵکەوتووە، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(سورە قەڵا وکانی هەنجیر-لەخۆرهەڵات وگەرمکی ساتوقەڵا- لەخۆرئاواو تەکەڵتو-لەباکوری خۆرئاواو بانەگولاَن- لەباکورو کانی ڕەش و ساتوقەڵا-لەباشور)، کەوتۆتە نێو هێڵی درێژی(٤٤,٤٢-٤٤,٧١)ی

---

[١٠] دوو جار سەردانی شیوەجانم کردووە و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم بەرێزانەی خوارەوە کراوە:

١-حەمەشەریف حوسێن تەها حەمەد ئۆمەر جانی، لەدایکبوی ١٩٣٦ی شیوەجان، ئەنجومەنی گوند، لە١٦-٢-٢٠١٣ز.

٢-ڕەزا نادر خدر دەروێش بەکر، لەدایکبوی ١٩٥٠ی شیوەجان، هاولاَتی، لە ١٦-٢-٢٠١٣ز.

٣-عەبدولکەریم تۆفیق ساڵح رەسول برایم عەزیز، لەدایکبوی ١٩٣٩ی شیوەجان، هاولاَتی، لە١٦-٢-٢٠١٣ز.

٤-عەزیز حەمە محەمەد تەها بەیجان، لەدایکبوی ١٩٥٣ی شیوەجان، لە١٦-٢-٢٠١٣، هاولاَتی.

٥-شوان شەریف حوسێن، لەدایکبوی ١٩٨١ی شیوەجان، لە١٦-٢-٢٠١٣، هاولاَتی.

٦-بارزان مامەند عوسمان محەمەد دەربەندی، لەدایکبوی ١٩٦٤ی شیوەجان، لە٢٩-٣-٢٠١٤، ئەنجومەنی گوند.

٧-ئارەسو مامەند عوسمان محەمەد دەربەندی، لەدایکبوی ١٩٧٠ی شیوەجان، لە٢٩-٣-٢٠١٤، هاولاَتی.

٨-بەرزان عومەر حەمەدەمین حەمەبۆر ئۆمەر مەحمود کەتان، لەدایکبوی ١٩٨٠ی شیوەجان، لە٧-٤-٢٠١٤، هاولاَتی.





خۆرهەڵات ولەنێو بازنەی پانی(٣٥,٥٥-٣٥,٩٣)ی نیوە گۆی باکوری زەوی و(٥٣٩)مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.

کەرتی ژمارە(٤٥)ی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، تێکرای ڕووبەرەکەی(٦٠٢٣)دۆنمە، (١٠٠٦)دۆنمی شیاوی چاندنە،(٤٠٠٠)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایە،(٣٠)دۆنمیشی حەرەمی گوندەکەیە، کۆمەڵێك کانیاو وکارێز لەسنوری ئەو گوندە هەیە وەك(کانی گلەشین، کارێزی پەلکان، کارێزی مام کەریم، کارێزی کەلەکین، کانی بی سوارە، کارێزی جۆینان، کانی تووە سپی، کانی قوڕاوە، کانی دەردۆر، کانی ڕابی، کانی پیاوان، کانی ناوماران، کانی شێخ وکانی خشۆ وکانی مام فەقێ وکانی پوربەسێ وکانی قەیتاس وکانی لارێ)هەموو ئەمانە بەپەرش وبلاَوی لەسنوری گوندەکەدان.

لەدیارترین پارچە زەوییە پشتاوەکانی(بانی سپی، سۆتان، باریکە، پەلکان، حاجی، ئەسحابە، بی سوارە، کەلەکین)ە، دیارترین زەوییە بەراوەکانیان(عەلی موسا، پەلکان، ڕەزی حاجی، چاڵگە، کانی سێنە، توەسپی، گرەشین، شەرگات، دەردۆر)ە، لەڕووی شوێنەوارو خرابگەوە پارچە زەوی(خشتان) لەنێوان گوندی کانی ڕەش و شیوەجانە(١٥٠٠)مەتر لەخۆرهەڵاتی گوندی شیوەجانەو چەندین پارچە خشتی سورەوەکراو وگۆزەو بەردە دەزگای دەرگاو شتی تری لێ دۆزراوەتەوە، جگە لەمە(کەنداڵی سور و باسکی گاوران و شاخی سور)چەند شوێنێکیترن کە بەخرابگەوکاولە هەوار دەچن.

لەگوندی شیوەجان جگە لەگۆڕستانی(هەنارۆکە)کە ئەمڕۆ مردووی لێ دەنێژن، چەند گۆڕستان وگۆڕیچکەی تر هەن وەك(گۆڕستانی شێخ عەبدولقادر، گۆڕستانی عەلی موسا، گۆڕستانی کالەشین، گۆڕستانی لوڕکە، گۆڕستانی ڕکاوە، گۆڕستانی تۆپەلی، گۆڕستانی غەرەبەرد، گۆڕستانی کێل، گۆڕستانی مۆردان، گۆڕستانی قەبرە غەریبە)،

عەلی موسا، بەچاك دادەنرێت و بیروباوەری ئەم گوندە لەكۆندا وابووە، كە ئەو ژنانەی منالّیان بووە و مەمكیان كەم شیری تێدابووە، سەردانی ئەو چاكەیانكردووە، تاوەكو لەرێگەی دوعاونزای ئەو چاكەوە مەمكەكانیان پڕ شیر بێت.

## شاخی سوری شیوەجانی

شاخێكە لەو گوندەدا زۆر ناسراوەو لەدڵی گوندنشینانی شیرینە، لە٢٩-٣-٢٠١٤لەگەڵ(مام عەزیزی حەمە محەمەد شیوەجانی و مەلا عەبدولكەریمی شیوەجانی)، بە ڕێ ڕۆیشتن وپیادە لە ئاواییەوە چوومە سەرئەوشاخە، لەوێوە شاخەكانی(پیرمەگرون و سارا وقەمچوغە ودابان وچەمی ڕێزان وهەیبەت سوڵتان وباواجی وكەڵكەسماق وهەندێكیش لەچیای كۆسرەت وقەندیل)یش دیارە، زۆر دڵڕفێنە، بەلاّم لوتكی گردی(كانی چیغان) لەهەموو گردەكانی ئاقارەكەی بەرزترە، لەنێوان(گەرمكی ساتوقەلاّ وشیوەجان)ە، جگە لەمە چەند ئەشكەوتێكیش لەو گوندە هەنە وەك(ئەشكەوتی مەڕوبزن) كە ئەشكەوتێكی فراوانەو جێگەی(٢٠٠-٣٠٠)سەر مەڕی دەبێتەوە، لەپشت ئەوەوە(ئەشكەوتی شاخی حەمەڕەشان)ە، ئەمە بەناوی بنەماڵەیەكەوە ناونراوە كاتی خۆی لەكۆنە گوندەكە بوون(لوڕكە)، ئێستا كەس وكاری ئەم بنەماڵەیە لەگوندەكانی(ناسرومیسر)ن.

مام عەزیز شیوەجانی جگە لەوەی قسەخۆشە، هۆزانڤانێكی میللی شارەزایەو بەهۆنراوە باسی مێژو وئاقاروسنوری گوندەكەی كردووە لەو هۆنراوەیە:

لوڕكە بووی، نەك شیوەجانی
باپیرە جانە، تۆی كرد بەئاوەدانی
لێی نیشتەجێبوو، ناوی ناوە شیوەجانی
بەعەشیرەت دەربەندی، هەم باجەلانی
سەر بەئۆمەرگومبەت وسێگردكانی





دەورە دراوە، بەگردانی
ڕكاوەو قەیتاس و ناوسوركانی
شێخ عەبدولقادرو گردی گەمبۆلاّنی
سەیری گولاّلە سورەی مەخمەخانی
حاجیلەوگاگرۆ وگوڵوكە نیسانی
لەدەردۆڵ تا قوچەكە سورە
پڕاوپڕە لەگولاّڵە سورە
عەلی موسا وچەمەكانی
بۆ سەردانی قەبرستانی
سەیرانگای گەروی مۆردانی
بەرزە چیای كانی چیغانی
شاخی سورت بەرامبەرە
ڕەمزەو بووە بەمنارە
كۆشك وسەرای شاخی سور
زۆر لەكۆنەوە بووە مەشهور
سێبەرەكەت بۆكات دیارە
وەك سعات، كات هەژمارە
بۆ نیوەڕۆ پاڵەو جۆتیار
دەستی پێ هەڵدەگرن لەكار

## دانیشتوانی گوندی شیوەجان

شیوەجان دوو تیرەی سەرەکی تێدا نیشتەجێیە (دەربەندی و کوردەکان)، دەربەندییەکان زۆرینەی دانیشتوانی گوندەکە پێک دێنن و لەبنەچەدا خۆیان دەگەڕێننەوە سەر دەربەندییەکانی (ئۆمەرگومبەت وسێگردکان)ی ناحیەی سێگردکان و لەکۆتایی سەدەی هەژدەیەمی زاینی هاتونەتە ناوچەکەو باپیرە گەورەیان(جان)ناوێك بووە، بۆیە گوندەکەش بەناوی شیوی باپیرە جانیەوە بووە بە(شیوەجان).

کوردەکان خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ کوردەکانی(باریکەو کانی مەنم)ی پارێزگای سلێمانی، لەچارەگی کۆتایی سەدەی هەژدەیەمی زاینیەوە هاتونەتە وراتی کۆیەو لەگوندەکانی(قەسرخرابەوحەمەبایزان وشیوەجان)نیشتەجێبوون، باپیرەیان(حاجی ئۆمەر مەحمود کەتانە)پێش گوندی شیوەجانی لە(ڕکاوە) نیشتەجێبووە، بەهاوکاری(حاجی تەهای باوکی سەمەد ئەفندی کۆیی) هەندێك زەوی لەگوندی(کانی ڕەش و شیوەجان)دەکڕێت لە(مەلا ڕەحمان کانی ڕەشی)، لەدیارترین کەسایەتیەکانی کوردەکان(فەقێ حەمەبۆر ئۆمەر مەحمود کەتانە)کە بەفەقێ سوری شیوەجانی ناسراوبووە.

لەدیارترین کێخواکانی شیوەجان(کێخوا محەمەد عەبدوڵلا- کێخوا حەمەگوڵێ، کێخوا ساڵحی حەمەگوڵێ، کێخوا تەهای حەمە گوڵێ، کێخوا وەسمان حەمە گوڵێ، کێخوا ئاورەحمانی ساڵحی حەمەگوڵێ، کێخوا عەبدوڵلا وەسمان حەمە گوڵێ، کێخوا حەمەشەریف عەبدوڵلا وەسمان حەمەگوڵێ)یە، کەسایەتیە جوتیاری و کوردەوارییەکانی( فەقێ حەمەبۆر حاجی ئۆمەری مەحمود کەتانە، حەمەدەمینی حەمەبۆری حاجی ئۆمەر، نادری خدری دەروێش، حەمەساڵحی ڕەسولی برایم، مامەند عوسمان محەمەد، عوسمان عەبدولرەحمان، حامیدی حەمەدەمین، ڕەزای فەقێ سوری حەمەبۆر)ە.



لەساڵی ٢٠١٣ ژمارەی خێزانەکانی شیوەجان(٢٦)خێزان و(١٤٥)سەرخێزان بووە، لەساڵی خوێندنی(١٩٥٩-١٩٦٠)قوتابخانەی لێکراوەتەوە یەکەم بەڕێوەبەری(زاهیرە فەندی کۆیی)بووە، لەگرنگترین کارە خزمەتگوزارییەکانی(مزگەوت وقوتابخانەو پرۆژەی ئاوی خواردنەوەو کارەبای نیشتمانی و ڕێگای تێکەڵەرێژە).

## ڕوخان و کاولکارییەکانی گوندی شیوەجان

لەکۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم جەندرمەکانی تورك گوندەکەیان تاڵانکردوەو سوتاندویانە، لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم(١٩٠٠-١٩٥٠)شوێنی ڕووبەڕوبونەوەو ململانێی ئاغاکانی کۆیەو شێخ بزێنی سەروو بووە، جگە لەسوتان وکاولکاری خەڵکیش لەو شەڕانە بونەتە قوربانی، لەساڵی ١٩٧٩ جاشەکانی قالە فەرەج پەلاماری گوندەکەیانداوە و بەدوای مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆرشی نوێ کەوتوون، ئەو مەفرەزەیە شەهید(نەعمانە گۆجی قامیشەیی) سەرپەرشتیاری بووە، لەئەنجامی شەڕوپێکدادان ٢پێشمەرگە بەناوەکانی(ئەحمەد عەلی بەیانی و نەسرەدین مستەفا دانەسۆفی)لەو گوندە شەهید دەکرێن، دواتر هەلیکۆپتەرەکانی رژێمی بەعس هەر لەو شەڕەدا پشتیوانی جاشەکانی کردووە و نیشتۆتەوە، لەساڵی ١٩٨٦ڕژێمی بەعس بەفڕۆکە بۆردومانی شیوەجانی کردووە و هاولاتی(عەبدوڵلا حەمەد فەقێ)زامداربووە، لە٥-٥-١٩٨٨لەپرۆسەی ئەنفالی چوار بەتەواوەتی لەگەڵ خاك تەختکراوە.

## سەرگوزشتەی ئەو شیوەجانیەی لەقەسرۆك گیرا

لەپرۆسەی ئەنفالی چوار هاولاتیەکی گوندی شیوەجان بەناوی(سابیر مەعروف قادر)برای(شەهید نەهرۆ قەسرۆکی) کە لەبنەچەدا خەڵکی شیوەجان بوون، بەلام بۆ ژیان لەقەسرۆك نیشتەجێبوون، لەلایەن ئۆپەراسیۆنی بەعسیەکان وجاشەکانەوە بەخۆیی و ماڵ ومناڵی هاوشێوەی قەسرۆکیەکان دەستگیردەکرێن، لە(حەزیرەی

تەقتەق) بەند دەکرێن(شوێنێك بوو گەورِی ئاژەڵ بوو لەپشت فەرمانگەی بەیتەرەی ئێستای تەقتەق)، شوێنێکی کاتی کۆکردنەوە وگردکردنەوەی ئەنفالکراوانی ئەنفالی چوار بوو، بەر لەگواستنەوەیان بۆ زیندانەکانیتری عێراق و زیندەبەچاڵکردنیان، کاتێك جاشەکان وسەربازەکان دەبینن پێڵاوەکانی(سابیر)دڕاوەو کەڵکی نەماوە، مۆڵەتی دەدەن بچێتە نێو بازاڕی تەقتەق پێڵاوێك بکڕێت، بەوە دەچێت مەبەستیان بوو بێت ئازادی بکەن، چونکە لەپرۆسەی ئەنفال و بەرنامەی ئەنفال حاڵەتی لەو شێوەیە بەهیچ جۆرێك ڕێگەپێدراو نەبووە، کاك سابیریش دەچێتە بازاڕی تەقتەق و جوتێك پێڵاو دەکرێت و بۆسەردانی کورد وتەنی(چایە خواردنەوەیەك یان جگەرەکێشانێك) دەچێتە ماڵی(حاجی محەمەدی باوکی دلێر تەقتەقی)، بۆماوەیەك لەلایەن دەمێنێتەوە باسی چۆنیەتی دەستگیرکردنەکەیان وبارودۆخی خۆیان دەکات و ئینجا دەڵێت"من دەبێت بچمەوە حەزیرەکە چونکە مناڵەکانم لەوێن"، هەرچەندە خزمەکانی پێی دەڵێن"نابێت بچیەوە، چونکە ئەوە حکومەتی بەعسە بزرت دەکات"، بەلاَم کاك سابیر لەبەر جگەرگۆشەکانی دڵی ئارام نابێت وبەپێی خۆی دەچێتەوە زیندانەکە و تا ئەمڕۆش خۆی و ماڵ ومناڵەکانی نەگەڕانەوە.

## کەسایەتی

## شەهید نەهرۆ قەسرۆکی(١٩٦٠-١٩٩٦)

ناوی تەواوی ( عزیز مەعروف قادر رسول ) ناسراوە بە ( نەهرۆ قەسرۆکی ) لە ١-٧-١٩٦٠ لە گوندی(کانی ڕەش)ی دەشتی کۆیەی سەر بەناحیەی تەقتەق لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر لە دایك بووە بەهۆی باری خێزانی ئەو سەردەمە نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن هیچی نەخوێندوە، سەرەتای منداڵی هەر لەو گوندە بووە تا ساڵی ١٩٧٢ بنەماڵەکەیان دەگوازنەوە بۆ گوندی (قەسرۆك)ی ناحیەی ئاغجەلەری بناری





خاڵخالاَن کە ئەوکات تەمەنی (١٢) ساڵان دەبێت زۆربەی تەمەنی لەو گوندەدا بەسەر دەبات، هەر بۆیەش دواتر بەنازناوی (قەسرۆك)ی دەناسرێت، سەرەتا هەر بە کاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵ خەریك دەبن، بەهۆی زوڵم و زۆری ڕژێمی ئەوسای بەعس هەر لەتەمەنی گەنجی بیری خەباتی سیاسی و چەکداری دەبێتە خولیایی لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی(کۆمەڵەی رەنجەرانی کوردوستان)ەوە دەکات و لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕیزی(یەکێتی نیشتمانی کوردوستان)ەوە دەکات و چەکی شەرەف و کوردایەتی دەکاتە شان دەست دەکات بە خەبات و تێکۆشان لە هەرێمی ئەوسای کەرکوك لای (علی بچکۆل) دواتر دوای پێکهاتنی تیپەکان لە تیپی (٢١)ی کەرکوك درێژە بە خەبات دەدات، دوای دروست بونی تیپی (٢٥)ی خاڵخالاَن دەچێتە ئەو تیپە، بەهۆی ئازایەتی و چاو نەترسی هەر زوو پلەکانی پێشمەگایەتی دەبڕێ و بەشداری زۆربەی چالاَکیەکانی پێشمەرگەی کردوە وەك ( شەڕەکانی سەر جادەی کەرکوك ، شەڕی شیوە سوور ، شەڕەکانی سەرکردایەتی ، داستانی ڕزگاری ، داستانی قەیوان ماوەت ، گرتنی شارۆچکەی تەق تەق ، دێگەڵە ، لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوك ، وە زۆربەی چالاکیەکانی سنوری شوان و شێخ بزینی و دەیان چالاکی تر ) . شەهید نەهرۆ لە ساڵی ١٩٨٥ ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوەو ئێستا خاوەنی (٤) منداڵە، لە پرۆسەی ئەنفالە بەدناوەکەی ڕژێمی بەعس وەك هەزاران بنەماڵەی تر لە ساڵی ١٩٨٨ تەواوی بنەماڵەکەی ئەنفال دەکرێن کە پێك هاتبون لە باوك و دایك و براو براژنی و پێنج برازای دواتر تەنیا دایك و باوکی بەر لێبوردنی گشتی دەکەون و ئازاد دەکرین ئەوانی تر ئەنفال دەکرین بەهۆی ئەنفالکرنی

تەواوی گوندەکان وکشانەوەی پێشمەرگە بۆ ولآتی ئێران و سنورەکان ئەویش بە خۆیی خێزانەکەیەوە دەچنە ولآتی ئێران لەوێ نیشتەجێ دەبن تا ساڵی ١٩٩١ لە ڕاپەرینە مەزنەکەی گەلی کورد دەگەڕینەوە کوردستان لە شاری تەق تەق نیشتەجێ دەبن شەهید نەهرۆ بەشداری زۆربەی چالاکیەکانی ڕاپەرینی کردوە لە شاری ڕانیەوە تا کەرکوك وە لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا (٤) جار بریندار دەبێت دوای رزگارکردنی زۆربەی شارەکانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێم لە فەرمانـدەی لەشکری (٩) ی کۆیە دەبێتە(جێگر لەشکر) درێژە بە خەبات دەدات تا شەوی ٢٨-٨-١٩٩٦ لە شاخی(کێشکە) لە نزیك دێگەڵە لەشەڕێکی سەپێنراو ونەخوازراوی براکوژیدا، دوای ١٦ساڵ خەبات دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە.

ئاراس ئیلنجاغی
زێودەر

# بەشی پێنجەم

## شەهیدان و ئەنفالکراوانی زێودەر

## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

